

**بۆ کۆچی دوایی نووسەرو رووناکبیری کورد**
**پرۆفیسۆر عیزەدین مستەفا رەسوڵ**

بە داخ و پەژارەیەکی زۆرەوە رۆژی ٣-١٠-٢٠١٩ لە شاری سلێمانی پرۆفیسۆر عیزەدین مستەفا رەسول نووسەر و رووناکبیرو ئەکادیمیی گەلەکەمان لە تەمەنی ٨٥ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.
د. عیزەدین یەکێک بوو لە نووسەرە ناودارەکانی کوردو بە دەیان کتێب و توێژینەوەی بەناوبانگی بەچاپ گەیاندووەو ساڵانێکی زۆریش مامۆستای زانکۆو سەرپەرشتیاری سەدان نامەی ماستەرو دکتۆرا بووەو خزمەتێکی گەورەی بە بواری ئەدەب و فەرهەنگ و کەلتووری گەلەکەمان کردووە.
بەم بۆنە خەمناکەوە بە ناوی ستافی گوڵانەوە پرسەو سەرەخۆشیی خۆمان ئاراستەی بنەماڵەی خوالێخۆشبوو و تەواوی نووسەران و رۆشنبیرانی کوردستان دەکەین ...
انا لله و انا الیه راجعون

## سدقی ئامێدی:



### دەبێت لە ماوەی ٧٠ رۆژدا هەموو پرۆژەکانی چاککردنەوەی رێگاکانی نێوان شاروشارۆچکەکانی کوردستان تەواو بکرێن

## دکتۆر مونزیر فەزڵ



### تاوانی رق لە دیدی دەقەکانی یاساوە

## دارا جەلیل خەیات:



### بووژانەوەی کەرتی پیشەسازی و ئابووریی هەمەجۆر خاڵێکی بەهێزی کارنامەی حکومەتی هەرێمی کوردستانە

## ئۆکیچوکو ئیمی:



### لاوازیی دامەزراوەکان کێشەی جددی بۆ هەوڵەکانی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی لە نەیجیریا دروست کردووە





■ خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
فەرهاد محەمەد
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
هێمن غەنی

■ سیاسەت و ناوخۆ:
ساڵح عومەر
شەماڵ نوری
د. شێبان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
ئەحمەد عەزیز
د.عادل حوسێن
رۆشنە عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی ساڵح

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەڕێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ:
لوقمان رەشیدی

■ وێنەگر:
کەمال ئاکرەیی

بۆ ریکلام کردن پەیوەندی بکە بە:

Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

چاپخانا خانی - دهۆك

ناوونیشان: هەولێر -رووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری

*Web: www.gulan-media.com*

گوڵیزار ڕەشید سندی:



**دەبێت بە هەماهەنگی پەرلەمان و حکومەت و کەرتی تایبەت، یاسای وەبەرهێنان و پەیوەندیدارەکان بە کەرتی پیشەسازی هەموار بکرێنەوە**



**بۆ یەکەم جار خانمێک دەبێتە سەرۆکی زانکۆ**

**هاووڵاتیان بە گەرمی پێشوازی لەو بڕیارە دەکەن**

کانیاو عومەر:

**چاومان لە دەستەی کارگێڕیی یانەکەمانە بۆ ئەوەی هاوکاریمان بکەن**



**بەهای خۆراکیی باینجان**




**ماوسی جۆری MX master3 و تواناکانی**



ئالین:

**بۆ من هەر چوار پارچەی کوردستان ڕۆژئاوایە**





### پەیڤێک بۆ کۆچی دوایی پرۆفیسۆر لەتیف وەحید کەریم

# ئای چ سەردەمێک بوو!



**پ.د. شێرزاد نەجاڕ**

■ تایبەت بۆ گوڵان نووسیویەتی

رۆژی پێنج شەممە **٢٠١٩/١٠/٣** پرۆفیسۆر لەتیف وەحید کەریم بە هێمنی و بێدەنگی، بێ ئەوەی هەرا و زەنا و دەنگەدەنگ بە دوای خۆیدا بهێنێت، ماڵئاوایی کرد، زۆرجار لەم بۆنانەدا نووسینی لەم شێوازانە دەبینین:(هەڤاڵی خەباتگێر) یان (دۆستی ئازیز) یان (برای

قەدرگران) کۆچی کرد، کاتێکیش ئەم بیرۆکەیە بە مێشکمدا هات، خێرا هەوڵمدا خۆمی لێ لابدەم، نەبادا هەندێ کەس وای لێکبدەنەوە کە لە ریزی (خەباتگێڕان)ی گریمانەیی، یان خەیاڵییە، چونکە ئەوانەی لەخۆڕا قسە دەهۆننەوە، بە دوای شکۆدا دەگەڕێن و دەرفەت

دەقۆزنەوە تاکو رابردوو لە ئێستا دابڕن، هەروەها وشە لە خەون و ئاواتی رەوا جیابکەنەوە، ئەوانە کوشتەی دەستکەوتن.

کاتێ هەواڵی مردنیم لە هاوڕێیەکی هاوبەشمان(کاوە) پێ گەیشت، ئەژنۆم شکا و خوێن لە جەستەمدا مەیی و بۆ چەند

چرکەساتێك لە جووڵە کەوتم، ئەو چەندین ساڵەی کە بە یەکەوە دۆست و هاوڕێی یەکدی بووین، وەك بڵێی فیلمێکی سینەمایی بوو، هاتەوە بەرچاوم.

د. نەجدەت ئاکرەیی کە لەوپەڕی هەڵچوون و خەمباریدا بوو، پێی گوتم: چیمان بۆ مایەوە،

خۆشەویستان یەك بە دوای یەكدا بە خێرایی كۆچیان كرد. (دەشتی وەهاب، كەمال عەلاف، سوبحی حەیدەر) ئەی هاوڕێ چیمان بیر دەكەوێتەوە؟ د. لەتیف بوو بە بەشێك لە مێژوو و هاوڕێیەتیمان، خەریكە ببێتە هاوڕێیەتیی گشت تەمەنمان، بە خۆشی و ناخۆشیی و تاڵی و ترشی و ئەرێنی و نەرێنییەوە، بێدەنگ بووم و تاڵاوێك بە دەممدا هات، چۆن كەسێكی وەك دكتۆر لەتیف دەچێتە نێو چوارگۆشەیەكی بچووكی ڕۆژنامەیەك كە سەرنجی كەس ڕانەكێشێت، مردنی ئەو چێژێكی دیكەی ناسۆر و خەفەت بوو، ڕەنگە خودی مردن سەرسامان بكات لەوەی كە خەمبارمان بكات، بیرم لەوە دەكردەوە كە زەمانە چی بۆ حەشار داوین، د. لەتیف تا سەرەمەرگیش كەسێكی چوست و چالاك بوو، دڵی بە ژیان خۆش بوو، بەڵام لەناكاو بەم شێوەیە لەبەر چاوان ون بوو.

دنیا و خەڵكەكە گۆڕاون، خەونەكانمان كەمیان بە بەردا ماوە، ئێمە هەندێ جار هەست بە نائومێدی دەكەین، كاتێ لە ئاوات و خەونەكانمان ڕادەمێنین، كە پێشتر ئەو خەونانە جوان و مەزن بوون، بەڵام ئێستا تەنیا ئەوەندە ماوەتەوە كە پشت بە یادەوەرییەكان ببەستین، كە بەردەوام لەگەڵمانن و لێمان جیانابنەوەو كەوتووینەتە جوغزێك و دەوریان گرتووین.

هەركاتێ بە یەكدی دەگەیشتین: د. مەهدی، د. نەجدەت، د. ساحب، د. دانا، كاك نەزەت، كاك زرار، چ بە یەكەوە یان بە جودا وەك چەند هاوڕێیەك، بە خێرایی و هەمیشە ڕابردوومان دەهێنایەوە یاد، وەك بڵێیت ئەمڕۆ ڕوویدابێت یاخود دوێنێ، یان ئەو یادەوەرییانە ڕابردوو نەبن، بەڵكو یادەوەریی ئێستا بن یان زیاتر ئایندە بن، چونكە هێشتا بەسەرنەچوونە.

سەرەڕای ئەو هەموو نائومێدی و تاڵی و ئێش و ئازارو زیانانەی كە ڕووبەڕووی د. لەتیف ببوونەوە، بەڵام ئەو هەر خۆڕاگرو ددان بە خۆداگرتوو بوو، كاتێ هاوڕێیەكی خۆی دەبینی، بە ڕووخۆشی و خەندەوە یەكسەر دەیگرتە باوەش، هەرچەندە هاوڕێی زۆری هەبوون كە لە بەرگی دۆستایەتیدا بوون، كەچی لە ناخەوە دوژمن بوون، بەڵام د. لەتیف بەرگەی هەموو خراپەكارییەكانی ئەوانی گرت.

د. لەتیف سەرەڕای ئەوەی بە ڕواڵەت ڕووخۆش بوو و بزە و خەندەی دەبەخشییەوە و چاوەكانی دەبریسكانەوە، بەڵام لە ناخەوە خوێنی لێ دەتكا، بەتایبەتیش كاتێ هەستی دەكرد كە بەها دێرینەكان داڕزاون و ئاوات و خەونەكانیش ژەنگاوی بوونە، تەنانەت كاتێكیش هەوڵی دەدا لێكدانەوەیەك بۆ ئەو هەڵوێستانە بدۆزێتەوە، بە ڕق و كینەوە ڕەفتاری نەدەكرد، بەڵكو یادەوەرییەكانی دەهێنایەوە بەرچاو و نەیدەهێشت تۆزی لەبیركردنەوە بیتەنێت.

د. لەتیف كەسێكی خۆنوێن و خۆدەرخەر نەبوو، زۆر لە سیاسەتوانانی نوێ ئاگایان لە ڕۆڵی كردەنی و لێهاتوویی و خەباتی ئەو نەبوو، چونكە ئەو هەرگیز باسی خۆی نەدەكرد. د. لەتیف ژیانی سیاسیی خۆی وەك ئەندامێكی یەكێتیی قوتابییان دەست پێكرد، دواتریش لە ڕێكخراوێكی شۆڕشگێڕیدا، بۆ ماوەیەكی كەم بوو بە مامۆستا، دواجار نیشتمانی بەجێ هێشت و ڕووی كردە لەندەن، لەوێ توانی خوێندن لە زانكۆی لەندەن/ قوتابخانەی لەندەن بۆ ئابووری و زانكۆی ویست منستەر تەواوبكات و بڕوانامەی دكتۆرای لە ئابووری و بە پلەی نایاب بەدەست هێنا، كاری ئەكادیمی لە قوتابخانەی لەندەن بۆ ئابووری و زانكۆی ویست منستەر دەست پێ كرد، هەروەها لە زانكۆی هۆنگ كۆنگ وانەی گوتۆتەوە و سەرپەرشتیی چەندین ماستەرنامە و تێزی دكتۆرا كردووە لە لەندەن.

دوای ڕاپەڕین د. لەتیف گەڕایەوە كوردستان و لە ٢٠٠٦دا پشكدار بوو لە دامەزراندنی زانكۆی كوردستان –هەولێر و ماوەیەكی تێدا مایەوەو دیسان گەڕایەوە لەندەن. لە ساڵی ٢٠١٢ جارێكی دیكە هاتەوە كوردستان و لە كۆلیجی كارگێڕی و ئابووریی زانكۆی سەلاحەدین دامەزرا، بەڵام بەپێی كارامەیی و توانای خۆی پێگەی گونجاوی پێ نەدرا (پەراوێزخرا)، تا لە ساڵی ٢٠١٨ وەك ڕاوێژكار لە لیژنەی ئابووری لە سەرۆكایەتیی ئەنجومەنی وەزیران تەنسیب كرا.

د. لەتیف یەكێك بوو لە دامەزرێنەرانی (پەیمانگەی لێكۆڵینەوەی نیشتمانی) لەگەڵ دامەزرێنەرانی دیكەی وەك (د. نەجدەت ئاكرەیی، د. ساحێب قارەمان، د. شێرزاد نەجار...) و بەشداریشی كردووە لە كارەكانی پەیمانگە بە توێژینەوەی نایابی ئابووری.

د. لەتیف نەیتوانی هیواو ئاواتەكانی بەدی بهێنێت، بەهۆی ئەو نەخۆشییە كوشندەی ڕووبەڕووی بووەوە و هەر بەردەوام لەژێر چارەسەردا بوو، تا كۆچی دوایی لە بەرەبەیانی ڕۆژی ٢٠١٩/١٠/٣ لە نەخۆشخانەی چارلس لە لەندەن.

د. لەتیف خاوەن سیمای ڕەوشتی بەرز بوو، دەبێ بێ زێدەڕۆیی باسیان بكەین، من لە نزیكەوە پێیان ئاشنا بووم، كاتێ ناسیم و بە درێژایی ئەو ماوەیە پەیوەندیم لەگەڵیدا زۆر بەهێز بوو، لەم ماوەیەشدا گەنگەشەو كێشمەكێش و گفتوگۆمان دەربارەی بارودۆخ و هەلومەرجی جۆراوجۆر هەر بەردەوام بوو، بەتایبەتیش پەیوەست بە پەرەپێدانی ئابووری و دیموكراسی و ئاستی كاریگەریی بایۆلۆجی لە پەرەپێدانی مێشك و توانای مرۆڤ، ئەم سیماو خەسڵەتانەش لەمانەدا دەردەكەوتن:

یەكەم- بوێری، ئەو بوێرو چاونەترس بوو، گوێی نەدەدا بە گوتنی قسەی بابەتییانە و ڕەخنەگرانەی ڕای ئازاد.

دووەم- قسەزانی، قسەزانێكی سەركەوتوو بوو، ڕای تایبەتیی خۆی هەبوو، هەوڵی دەدا ڕاكەی لە بەر ڕۆشنایی بارودۆخی هەنووكەییدا هەڵێنجێت، هاوسەنگی و حیسابی تایبەتی لەبەرچاو نەدەگرت.

سێیەم- دەستكراوە و بە ئەمەك بوو، ماڵەكەی هەمیشە كراوە بوو، بۆیە خانەدان و بوێر بوو، كە دوو خەسڵەتی بەیەكەوە گونجاون، زۆرجار فشاری لە خۆی دەكرد، تاكو ئەوەی هەیبێت پێشكەشی هاوڕێیانی بكات، بۆیە لە ماڵەكەی خۆی چ لە هەولێر یان لە لەندەن میوانداریی دەكردین. ئەم خەسڵەتانە ڕەسەن بوون هەموو كاتێك د. لەتیف پەیڕەوی دەكردن، بۆیە ئەم سێ بوارە جەوهەری كەسایەتیی دەنواند كە مۆركی ڕووخۆشی پێوە دیاربوو بە قەدەر ڕاستگۆیی و كرانەوەو دەستپاكی و نەرمونیانی .

كۆچكردنی د. لەتیف زیانێكی گەورە بوو بۆ ژیانی زانستی و ئەكادیمی و تەنانەت سیاسیش، بۆیە بە مردنی ئەو، ئێمە زانایەكی پایەبەرزو بیرمەندێكی دیارمان لە دەست دا.

- لەتیف كەریم واحید
- لە دایكبووی ساڵی ١٩٥٤
- خاوەن بڕوانامەی دكتۆرا لە بواری ئابووری كە لە زانكۆی لەندەن بەدەستی هێناوە
- وانەبێژی ئابووری بووە لە سكوولی وێسمێنستەر لە زانكۆی وێستمێنستەر
- خاوەنی چەندین توێژینەوە و ووتار بوو لە بواری ئابووریدا
- بەشداری چەندین كۆنفرانسی جیهانی كردووە و توێژینەوەكانی تێدا پێشكەش كردووە
- سەرپەرشتیی چەندین تێزی دكتۆرا و ماستەری لە بواری ئابووریدا كردووە
- بەشدار بووە لە دامەزراندنی زانكۆی كوردستان-هەولێر
- ڕاوێژكاری ئابووری بووە لە ئەنجومەنی وەزیرانی حكومەتی هەرێمی كوردستان
- شارەزایی تەواوی لە زمانەكانی كوردی، ئینگلیزی، فارسی و عەرەبی هەیە
- وتارەكانی لە گۆڤاری گوڵان بڵاوكراونەتەوە بریتیین لە:
  - كوردستان و ئابووری جەنگ
  - لێكدانەوەیەكی تیۆری نەگەڕانەوەی پسپۆڕان و خاوەن كارامەكانی كوردی هەندەران بۆ كوردستان
  - قەرزكردنی دەرەكی وئەزموونی وڵاتانی گەشەكەر
  - سیاسەتی ئابووریی كوردستان لە پەراوێزی حكومەتە شكستخواردووەكەی بەغدا
  - دراوی نەتەوەیی داهاتووی كوردستان
  - پرۆژە یاسای قەرزكردن لە سەرچاوە دەرەكییەكان
  - دەستووری هەرێمی كوردستان و نەبوونی فەلسەفەیەكی ئابووری
  - قەیرانی دارایی وبانكی كوردستان
  - هۆكارەكانی شكست وسەركەوتنی وڵات
  - كێشەی نەبوونی فەلسەفە لە سیاسەتی ئابووریی كوردستاندا
  - سیاسەتی ئابووری بۆ حكومەتی نوێی كوردستان
  - دیموكراسی و گەشەكردنی ئابووری
  - دیكتاتۆری و گەشەكردنی ئابووری
  - بارودۆخی گەشەكردنی ئابووری لە هەرێمی كوردستاندا
  - گواستنەوەی گشتی و ئابووریی وڵات

# یەکرێزیی کورد و هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق



**نەدا مێرگەسۆری**
پەرلەمانتاری خولی سێیەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق
بۆ گوڵان نووسیویەتی

دوای رووخانی رژێمی بەعس و گرتنە دەستی دەسەڵات لەلایەن زۆرینەی شیعە و دووبارە بنیادنانەوەی عێراق لە ساڵی (٢٠٠٣)، ئەو یاسایانەی کە لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق وەك یەکێك لە باڵەکانی دەسەڵاتی تەشریعی و لە غیابی باڵەکەی دیکە (ئەنجومەنی فیدراڵی) دەردەچن، لە قاعیدەی عامی موجەرەدە کە پێویستە هەر یاسایەك هەیبێت، دەرچووە و گۆڕاوە بۆ ئامرازێکی سیاسی کە لایەنە سیاسییە بەهێزەکان هەر کاتێك بە گونجاوی بزانن، بەپێی ویست و بەرژەوەندیی خۆیان دەریدەچوێنن. یەکێك لە نیشانەکانیشی ئەو هەموو هەموارە بەپەلە و دووبارانەیە کە بۆ یاساکان ئەنجام دەدرێن، ئەمە جگە لەوەی کە بەشێکیان پێچەوانەی بەندەکانی دەستوورن.

یەکێك لەو یاسایانەی کە ئەمساڵ لە رێکەوتی (٢٢)ی جولای (٢٠١٩) لە لایەن پەرلەمانی عێراق و بە بەرچاوی نوێنەرانی کوردستانەوە لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەرچوو، یاسای ژمارە(١٤)ی ساڵی (٢٠١٩) بوو، کە بە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگا و قەزاکانی رێك نەخرا و لە هەرێمی کوردستان بە یاسای ژمارە(١٢)ی ساڵی (٢٠١٨) ناسراوە. کە جگە لەوەی پێچەوانەی بەندەکانی دەستوورە، پێچەوانەی پرەنسیپە گشتییەکانی هەڵبژاردنیشە.

لە ساڵی (٢٠٠٣)وە تا ئێستا لە عێراق تەنیا دوو هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان ئەنجام دراوە، کە ئەوانیش لە ساڵانی (٢٠٠٨) و (٢٠١٣) بوون، جگە لە کەرکووك.

بڕیار وابوو کە هەڵبژاردنی سێیەم لە (٢٢)ی کانوونی یەکەمی ساڵی (٢٠١٨) ئەنجام بدرێت، بەڵام بە هۆی نەگونجاویی بارودۆخی سیاسی و جەنگی تیرۆرەوە دواخرا.

لە کۆتاییەکانی خولی سێیەمی پەرلەمانی عێراق و لە ساڵی (٢٠١٨) یاسای ژمارە(١٢)ی ساڵی (٢٠١٨)ی تایبەت بە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگا و قەزاکان دەرچوو، کە بە هۆیەوە یاسای ژمارە (٣٦)ی ساڵی (٢٠٠٨)ی هەڵبژاردنی پارێزگا و قەزا و ناحیەکانی هەڵوەشاندەوە، جگە لە مادەی (٢٣)ی یاساکە کە تایبەت بوو بە ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە کەرکووك.

ئەو کات فەسڵی (شەشەم) و مادەی (٣٥) لە یاسای ژمارە(١٢)ی ساڵی (٢٠١٨) کە لە وەقایعی عێراقی ژمارە (٤٤٩٤)ی رێکەوتی (٤/٦/ ٢٠١٨) بڵاوکرایەوە، تەرخانکرا بۆ رێکارەکانی هەڵبژاردن لە کەرکووك، گفتوگوی چڕ ئەنجام دراو و هەوڵی زۆر درا لە لایەن پەرلەمانتارە عەرەب و تورکمانەکان بۆ ئەوەی رێکاری وا دابنرێت، کە لە کەرکووك زەرەر بە نەتەوەی کورد بگەیەندرێت، هەموو هەوڵی ئێمەی پەرلەمانتارانی کوردستانی و بەتایبەت فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە خولی سێیەم ئەوە بوو کە رێگە نەدەین یاساکە

**هەموو هەوڵی ئێمەی پەرلەمانتارانی کوردستانی و بەتایبەت فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە خولی سێیەم ئەوە بوو کە رێگە نەدەین یاساکە لە کەرکووک زیان بە کورد بگەیەنێت، شوکر تێشیدا سەرکەوتوو بووین**

**پەرلەمان و حکومەتی عێراق و فراکسیۆنە عەرەبی و تۆرکمانەکان تینووی تۆڵەسەندنەوە بوون لە کورد و هەرێمی کوردستان و ئەو ئەندام پەرلەمانانەی کە لە پرۆسەی پڕ لەشانازی گشتپرسی سەربەخۆیی کوردستان دەنگیان دابوو بە سەربەخۆیی کوردستان کە لە (٢٥)ی ئەیلولی ساڵی(٢٠١٧) بەڕێوەچوو**

**فراکسیۆنە کوردستانییەکانی پەرلەمانی عێراق لەو هەموارە سەرکەوتوو نەبوون و نەیانتوانی ئەم هەوڵە قین لە دڵەی ئەوان کپ بکەن، ئەگەر هەموویان پێکەوە یەکدەنگ بووان و نیسابیان بۆ دانیشتنەکەی ئەوان کامل نەکردایە، دەیانتوانی ئەم بابەتە دوابخەن**

**کەرکووک هێشتا لە ژێر هەیمەنەی سەربازی و بارودۆخی دوای (١٦)ی ئۆکتۆبەر دەرنەچووە و پارێزگاری بەوەکالەتی ئێستای کەرکووکیش (راکان جبوری) ماوە ماوە بڕیاری دژبە نەتەوەیی کورد لە کەرکووک دەردەکات**

**هێشتاش بەعەرەبکردنی ناوچە کوردستانییەکان بەردەوامە و جارجارەش لە ناوچەکانی سنووری مادەی(١٤٠) و بەتایبەت کەرکووک هەڕەشەی چۆڵکردنی خاک و گوندی جووتیارە کوردەکان دەکرێت**

لە کەرکووك زیان بە کورد بگەیەنێت، شوکر تێشیدا سەرکەوتوو بووین، ئەمە لە کاتێکدا بوو کە ئەم یاسایە دوای رووداوەکانی (١٦)ی ئۆکتۆبەر دەرچوون و پەرلەمان و حکومەتی عێراق و فراکسیۆنە عەرەبی و تۆرکمانەکان تینووی تۆڵەسەندنەوە بوون لە کورد و هەرێمی کوردستان و ئەو ئەندام پەرلەمانانەی کە لە پرۆسەی پڕ لەشانازی گشتپرسی سەربەخۆیی کوردستان دەنگیان دابوو بە سەربەخۆیی کوردستان کە لە (٢٥)ی ئەیلولی ساڵی(٢٠١٧) بەڕێوەچوو.

بەڵام مخابن ئەمساڵ، عەرەب و تورکمانەکان و پەرلەمانتارەکانیان لە پەرلەمانی عێراق داوای هەمواری یاساکە (ژمارە ١٢ی ساڵی٢٠١٨) و مادەی(٣٥)ی یاساکەیان کرد و یاسای ژمارە(١٤) ی ساڵی(٢٠١٩)ی ناسراو بە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای هەلبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگا و قەزاکانی ژمارە(١٢)ی ساڵی(٢٠١٨)یان دەرچوواند، کە وا بڕیارە بە هۆیەوە لە یەکی نیسانی (٢٠٢٠) هەڵبژاردن ئەنجام بدرێت.

بەداخەوە هەوڵەکانیان سەریگرت و توانیان یاساکە و مادەکە لە بەرژەوەندیی خۆیان هەموار بکەنەوە، بە داخەوە کە فراکسیۆنە کوردستانییەکانی پەرلەمانی عێراق لەو هەموارە سەرکەوتوو نەبوون و نەیانتوانی ئەم هەوڵە قین لە دڵەی ئەوان کپ بکەن، ئەگەر هەموویان پێکەوە یەکدەنگ بووان و نیسابیان بۆ دانیشتنەکەی ئەوان کامل نەکردایە، دەیانتوانی ئەم بابەتە دوابخەن و بەم کارەشیان رێگر دەبوون لە هەموارکردنەوەی یاساکە بەو شێوەیەی کە ئێستا هەیە، کە بە تەواوی پێچەوانەی دەستوورە و لە دژی نەتەوەی کورد و دەنگدەری ئاوارە و بەتایبەت ئاوارەی کەرکووکی دوای (١٦) ئۆکتۆبەرە دەرچووە، چونکە بە گوێرەی یاساکە ئاوارەکان دەبێت بگەڕێنەوە زێدی خۆیان و لەوێ دەنگ بدەن و بەشداری لە پرۆسەی هەڵبژاردندا بکەن.

ئەم هەموارەی یاساکە نیگەرانییەکی زۆری بۆ لایەنە کوردستانییەکانی هەرێمی کوردستان و بەتایبەت پارتی دیموکراتی کوردستان دروست کرد، ئەمە لە کاتێکدایە کە کەرکووك هێشتا لەژێر هەیمەنەی سەربازی و بارودۆخی دوای (١٦)ی ئۆکتۆبەر دەرنەچووە و پارێزگاری بەوەکالەتی ئێستای کەرکووکیش (راکان جبوری) ماوە ماوە بڕیاری دژبە نەتەوەیی کورد لە کەرکووك دەردەکات، هێشتاش بەعەرەبکردنی ناوچە کوردستانییەکان بەردەوامە و جارجارەش لە ناوچەکانی سنووری مادەی(١٤٠) و بەتایبەت کەرکووك هەڕەشەی چۆڵکردنی خاك و گوندی جووتیارە کوردەکان دەکرێت.

ئەو نیگەرانییە لە جێی خۆیەتی و هەموو تاکێکی کوردستانی دەبێت لە مەترسییەکانی ئەم یاسایە و ئەنجامە خراپەکانی ئاگادار بێت. سکاڵای یاسایی ژمارەیەك لایەنە سیاسی و پەرلەمان و وەزیری دادی هەرێمی کوردستان بەرامبەر دادگای فیدڕاڵی ئەگەر ببێتە هۆکارێك بۆ ئەوەی دادگای فیدڕاڵی بڕیارێکی یەکلاکەرەوە بدات، کە یاساکە بێنێتە سەر رێچکەی دەستووریی خۆی و مافی دەنگدەرانی ناوچە کوردستانییەکانی تێدا پێشێل نەکرێت، دەرفەتێکی باشە کە دەنگی کورد لە ناوچە کوردستانییەکان نەفەوتێت، ئەگینا بەو بارودۆخەی کە لەو ناوچانە هەیە و بەو هەموارە یاساییەی لە پەرلەمانی عێراق دەرچووە، کورد زەرەرمەندی یەکەمە.

هەر دوو مادەی (٣)و (١٦)ی یاسای هەموارکراو زۆرترین نیگەرانیی لێ کەوتۆتەوە، بەتایبەت لای لایەنی کوردستانی، بەپێی مادەی (٣)ی یاسای هەموارکراو جگە لە مەرجەکانی دیکەی دەنگدەر کە دەبێت عێراقی و کامل ئەهلیە بێت و ناوی لە تۆماری دەنگدەران هەبێت. خاڵێکی دیکەی بۆ زیاد کراوە کە ئەویش دەبێت دەنگدەر خاوەنی کارتی بایۆمەتریی درێژخایەن بێت و ئەگەر رێژەی دابەشکردنی کارتی بایۆمەتری نەگەیشتە رێژەی (٪٧٥) لە هەر بازنەیەکی هەڵبژاردن، ئەو کات دەکرێت پشت بە کارتی بایۆمەتری درێژخایەن و کورتخایەن پێکەوە ببەسترێت. کە ئەمە لەو یاسایەی ئێمە لە (٢٠١٨) پەسەندمان کرد، بوونی نەبوو و رێگەشی پێ نەدرا ئەم نییەتە هەبێت، بەڵام بەداخەوە لە هەموارەکە رێگەی پێ درا و بەم ماددەیەش ئەو دەنگدەرانەی کە کارتی بایۆمەتریی درێژخایەنیان نییە، ئەوا لە دەنگدان بێبەش دەبن، کە ئەمەش ئیجحافە بە حەقی دەنگدەر و پێچەوانەی پرەنسیپی دەستوورییە کە هەڵبژاردن گشتییە و بە پێی یاسا و پێچەوانەی ماددەکانی (١٤،١٦ و ٢٠)ی دەستوورە هەموو کەسێك مافی دەنگدانی هەیە.





ماددەکەی دیکەشیان مادەی(١٦)ی یاسای هەموارکراوە، کە بە هۆیەوە ئاوارە و کۆچبەرەکان ناچار دەکات کە بگەڕێنەوە زێدی خۆیان و ئەو شوێنانەی لێوەی هاتوون، بۆ ئەوەی دەنگی خۆیان لە بازنەی هەڵبژاردنی خۆیان بدەن، لە کاتێکدا لەو یاسایەی لە (٢٠١٨) دەنگمان پێدا و پەسەندمان کرد لە مادە(٤٧) ئەو مافەمان بە ئاوارە و کۆچبەرەکان دابوو کە لەو شوێنەی نیشتەجێن (واتە لە کەمپەکان و شوێنی ئێستایان) دەنگ بدەن و پێویست نەبێت بگەڕێنەوە زێدی خۆیان، کە ئەمەی ئێستاش بە راستی باری سەرشانی ئاوارەکان قورستر دەکات، چونکە هێشتا زۆربەی هەرە زۆری ئاوارەکان لەبەر هۆکاری سیاسی و نالەباریی شوێنەکانیان نەگەڕاونەتەوە شوێنی پێشوویان و زەرەرمەندی سەرەکییش دەنگدەرەکانی ناوچەکانی ماددەی (١٤٠)ی دەستوورن و بەتایبەتتریش کورد.

ئەوەی جێگەی دڵخۆشییە ئەوەیە کە لە رێکەوتی (٢٨)ی سێپتەمبەر لایەنە سیاسییەکانی کوردستان جگە لە هەندێکیان، گەیشتنە رێککەوتن کە ئەگەر هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە مانگی نیسانی ساڵی داهاتوو ئەنجام بدرێت، پێکەوەو بە یەك لیست و بە ناوی لیستی هاوپەیمانیی کوردستانی بەشداریی هەڵبژاردن بکەن.

لە (١)ی ئۆکتۆبەریش دوای کۆبوونەوەی لایەنە سیاسییەکان لە شاری سلێمانی سەرۆك و لۆگۆی لیستەکە دەستنیشان کرا و بەڕێز (عەبدولڕەحمان مستەفا) پارێزگاری پێشووی کەرکووك بە سەرۆکی قەوارەکە دەستنیشان کرا، بۆ ئەوەی لە هەریەکە لە پارێزگاکانی کەرکووك و نەینەوا و دیالە و سەلاحەدین بە یەك لیست بەشدار بن.

شتێکی شاراوە نییە کە دوای رووداوەکانی (١٦) ئۆکتۆبەری (٢٠١٧) و بەو بارودۆخەی کەرکووکی پێدا تێپەڕی، مخابن کە تا ئێستاش کەرکووك لە ژێر هەیمەنەی سەربازی و بڕیارە تاکڕەوانەکانی پارێزگاری بە وەکالەتی ئێستایەتی و بەعەرەبکردن و هەڕەشە لە خاوەن زەوییەکانی کوردی کەرکووك بەردەوامە.

بێگومان بۆ ئەو پارتەی کە لە پردێ و سحێلا بەرگری لە خاك و هاووڵاتیانی کوردستان کرد بەرامبەر بە هێرشی نارەوای سەربازیی سەرۆك وەزیرانی پێشوو (حەیدەر عەبادی)، زۆر ئەستەمە کە بیەوێت ئەو خیانەتەی لە کەرکووك کرا لەبیری بکات، بەڵام لە پێناو یەکڕیزی و یەکدەنگی کوردو کوردستانیان و پێشێل نەکردنی مافی دەنگدەرانی کوردی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم و کۆتاییهێنان بە بارودۆخی سەربازیی کەرکووك ئامادەی هەموو هەوڵێکی جددییە بۆ ئەوەی کوردستانییەتی ئەو ناوچانە نەکەوێتە بەر مەترسیی هەندێك هەوڵ و تەقەلای سیاسی کە دەیانەوێت لە رێگەی هەندێك یاسای نادەستوورییەوە مەرامەکانی خۆیان دژی کوردستانییەتی کەرکووك و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی سنووری هەرێم جێبەجێ بکەن.


هەر ئەمەش بناغەی ئەو یەکڕیزی و یەکدەنگییەی لایەنە سیاسییەکانی کوردستانە کە بە یەك لیستی بەشداری هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان بکەن کە بڕیار وایە لە یەکی نیسانی ساڵی (٢٠٢٠)ئەنجام بدرێت، ئەویش ئەگەر بارودۆخی سیاسی عێراق رێگە بە هەڵبژاردن بدات، چونکە بارودۆخی ئێستای عێراق بارودۆخێکی هەستیار و مەترسیدارە، ئەم یەکهەڵوێستییەش لە پێناو لەدەست نەدانەوەی کەرکووکە کە زۆر بە ئاسانی و لەبەر کورتبینیی هەندێك کەسی نابەرپرس بە ئاسانی لە (١٦)ی ئۆکتۆبەری (٢٠١٧) درایە دەستی حەشدی شەعبی و پارێزگاری ئێستا (راکان جبوری) کە لەبەر جێبەجێکردنی مەرامە سیاسییەکانی لە کەرکووك ئامادە نییە بچێتە پەرلەمان و سوێندی دەستووری بخوات. هەر بۆیە پێویستە لەو قۆناغە هەستیارە کورد یەکدەنگ بن، چونکە ئەگەر کورد و کوردستانییان یەکڕیز و یەکگرتوو بن، نەك کەرکووك، بەڵکو هەموو کوردستانی گەورە بەدەست دێنینەوە.

**سکاڵای یاسایی ژمارەیەک لایەنە سیاسی و پەرلەمان و وەزیری دادی هەرێمی کوردستان بەرامبەر دادگای فیدڕاڵی ئەگەر ببێتە هۆکارێک بۆ ئەوەی دادگای فیدڕاڵی بڕیارێکی یەکلاکەرەوە بدات، کە یاساکە بێنێتە سەر رێچکەی دەستووریی خۆی و مافی دەنگدەرانی ناوچە کوردستانییەکانی تێدا پێشێل نەکرێت، دەرفەتێکی باشە کە دەنگی کورد لە ناوچە کوردستانییەکان نەفەوتێت**

**هێشتا زۆربەی هەرە زۆری ئاوارەکان لەبەر هۆکاری سیاسی و نالەباریی شوێنەکانیان نەگەڕاونەتەوە شوێنی پێشوویان و زەرەرمەندی سەرەکییش دەنگدەرەکانی ناوچەکانی ماددەی (١٤٠)ی دەستوورن و بەتایبەتتریش کورد**

**ئەوەی جێگەی دڵخۆشییە ئەوەیە کە لە رێکەوتی (٢٨)ی سێپتەمبەر لایەنە سیاسییەکانی کوردستان جگە لە هەندێکیان، گەیشتنە رێککەوتن کە ئەگەر هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە مانگی نیسانی ساڵی داهاتوو ئەنجام بدرێت، پێکەوەو بە یەک لیست و بە ناوی لیستی هاوپەیمانیی کوردستانی بەشداریی هەڵبژاردن بکەن**

**بۆ ئەو پارتەی کە لە پردێ و سحێلا بەرگری لە خاک و هاووڵاتیانی کوردستان کرد بەرامبەر بە هێرشی نارەوای سەربازیی سەرۆک وەزیرانی پێشوو (حەیدەر عەبادی)، زۆر ئەستەمە کە بیەوێت ئەو خیانەتەی لە کەرکووک کرا لەبیری بکات**







## کەمال موسلیم

وەزیری بازرگانی و پیشەسازیی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ گوڵان:

# ئەگەر پیشەسازییەکی بەهێزمان هەبێت، ڕۆڵێکی باڵا لە پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی دەگێڕێت

**ناوهاسەنگییەکی گەورە هەیە لە نێوان هاوردەکردن و هەناردەکردندا و ئەمەش کوردستانی دووچاری زیانێکی زۆر کردووە**

**داوامان لە ئەنجومەنی وەزیران کردووە ئەنجومەنی پاراستنی بەکاربەر دابمەزرێنێت**

**بەرنامەی حکومەت ئەوەیە ڕێگا نەدرێت کاڵا و بەرهەمی کوالیتیی خراپ بهێنرێتە کوردستانەوە**

وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی بە یەکێك لە وەزارەتە گرنگەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دادەنرێت، ڕۆڵ و پێگەی بەرچاوی لەچارەسەرکردنی کەموکورتییەکانی بواری ئابووری هەیە و، کەرتی پیشەسازییش بە یەکێك لە سێکتەرە گرنگەکانی ئەم وەزارەتە دادەنرێت، بەو پێیەی تەواوکەری کەرتی بازرگانییە و هیچ وڵاتێك بێ ڕاگرتنی باڵانسی نێوان هاوردە و هەناردە مومکین نییە بتوانێت گەشەکردنی ئابووری بەدیبهێنێت و ڕووبەڕووی قەیرانەکانی دارایی و ئابووری ببێتەوە، بۆ قسەکردن لەسەر ڕۆڵ و پێگەی ئەم وەزارەتە و کارنامە و پلانی داهاتوویان بەتایبەتی لە بواری پیشەسازی و بووژانەوەی کارگەکان، گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ کەمال موسلیم وەزیری بازرگانی و پیشەسازیی حکومەتی هەرێمی کوردستان ساز دا.

**قەبارەی هاوردەکراوەکانمان لە ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوان هەرێم و وڵاتانی دەوروبەرو جیهان دەریدەخەن کە هەرێمی کوردستان چی زیانێکی پێ دەگات کە دەیان ملیار دۆلارە، کەچی هەناردەمان لە سەد ملیۆن دۆلارێک تێپەڕ ناکات**

**ئەگەر کەرتی پیشەسازی بووژایەوە، ئەوا کەرتی بازرگانیی ناوخۆ و دەرەکیش سوودی لێ وەردەگرێت، ئێستا بەرهەم لە دەرەوە دەهێندرێت، ئەو کات کە بەرهەمی ناوخۆمان هەبوو، بەرهەمەکە دەنێرینە دەرەوە**

*** وەك وەزیری بازرگانی و پیشەسازی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان؛ چۆن لە گرنگیی ئەم دوو بوارە دەڕوانیت و لەم رووەوە چۆن هەڵسەنگاندن بۆ رەوشەکە لە هەرێمی کوردستاندا دەکەیت؟**

- وتەیەکی گرنگ هەیە کە دەڵێت: هیچ میللەتێکی دنیا ناتوانێت لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی رۆڵی هەبێت، ئەگەر لە رووی پیشەسازی و خوێندنەوە لە ئاستێکی بالادا نەبێت، وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازییش لە حکومەتی هەرێمی کوردستان -کە لە شوێنەکانی دیکەی دنیا ئەم وەزارەتە دوو وەزارەتن، واتە وەزارەتی بازرگانی بە تەنیایە و وەزارەتی پیشەسازییش بە تەنیایە- لەگەڵ وەزارەتی کشتوکاڵ بە بڕبڕەو کۆڵەکەی ئابووری دادەنرێت، کە ئەمە بۆ هەموو وڵاتێك هەر راستە. ئەگەر لە لایەنە بازرگانییەکەشیەوە بڕوانین، ئەوا لە جیهانی ئەمڕۆدا ئەوەندە بە گرنگییەوە تەماشای ئەم بوارە دەکرێت، کە بازرگانەکان لە رووی کەلتووری و پێشکەوتنی پیشەسازییەوە بە باڵیۆزی وڵاتەکان دادەنرێن، واتە بازرگانەکان رووی گەشی وڵاتەکەیان پیشانی وڵاتانی دیکە دەدەن. تەنانەت لە هەندێك شوێنی دنیادا کاری بازرگانی بە چڵە زەیتوون وەسف دەکرێت، چونکە هەر وڵاتێك لەگەڵ وڵاتێکی دیکەدا پەیوەندییەکی بەهێزی بازرگانییان لەنێواندا بێت، پارێزراون. هەرچی شەڕ و جەنگ لە نێوانیاندا هەبێت، دوور دەخرێتەوە، بەرژەوەندییەکان ئەوە دەخوازن بە دەگمەن وڵاتێك بیر لەوە بکاتەوە پەلاماری وڵاتێکی دیکە بدات کە بەرژەوەندیی بازرگانی لەنێوانیاندا هەبێت، بەپێچەوانەوە لەکاتی زیانگەیاندن بە وڵاتێکی دیکە بەرژەوەندییەکانی ئەو وڵاتەش دەکەوێتە مەترسییەوە. لە رووی پیشەسازیشەوە ئەگەر ئێمە پیشەسازییەکی بەهێزمان هەبێت، دەتوانین رۆڵێکی باڵا بگێڕین لە پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی، پێشتر و بە تێگەیشتنی کلاسیکی و کۆن ئاسایشی نەتەوەیی بریتی بوو لە پاراستنی سنوورەکان لە هێرشی سەربازیی وڵاتانی دیکە، لە ئێستادا تێگەیشتنی نوێ بۆ ئاسایشی نەتەوەیی گۆڕانکاریی زۆری بەسەردا هاتووە. لەم سەردەمەدا مەسەلەکە پەیوەستە بە ئاسایشی خۆراکی و ئاسایشی بەرهەم و لە ئێستادا رێژەی بەرهەمی کشتوکاڵی و بەرهەمی پیشەسازی رۆڵی باڵا دەگێڕێت لە پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی، چونکە ئەمە دەچێتە چوارچێوەی ئاسایشی خۆراکی و دواتر ئاسایشی نەتەوەیی، بۆیە پیشەسازی ئەوەندە گرنگە ناتواندرێت دەستبەرداری بین، چونکە تەنیا تێکەڵ بە بواری ژیان و بژێوی و ئابووری نەبووە، بەڵکو تێکەڵیش بە بوارێکی گرنگی وەکو ئاسایشی نەتەوەیی بووە. لە هەرێمی کوردستاندا هەرچی بەرهەم هەیە لە دەرەوە بۆمان دێت، تەنانەت سەوزە و میوە لە دەرەوە دێت، واتە قەبارەی هاوردەکراوەکانمان لە ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوان هەرێم و وڵاتانی دەوروبەرو جیهان دەریدەخەن کە هەرێمی کوردستان چی زیانێکی پێ دەگات کە دەیان ملیار دۆلارە، کەچی هەناردەمان لە سەد ملیۆن دۆلارێك تێپەڕ ناکات و هەرچی دراوی گرانبەهایە دەڕواتە وڵاتانی دەرەوە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هیچ شتێك لە وڵاتی خۆمان بەرهەم ناهێندرێت.

*** لێرەدا دەکرێت پرسیارەکەمان بەو شێوەیە بێت ئەگەر بازرگانی و پیشەسازی بۆ ئێمە ئەوەندە گرنگ بێت، تاچەند حکومەتی هەرێمی کوردستان لە رێگەی وەزارەتەکەتانەوە کار بۆ گەشەکردنی پیشەسازی و دامەزراندنی کارگەکان دەکات؟**

- ئەگەر ئێمە گرنگی بە کەرتی پیشەسازی بدەین و بتوانین کارگەکان گەشەی پێ بکەین و بەرهەمی خۆماڵیمان هەبێت، ئەوا تەنیا ئابووری نابووژێتەوە، بەڵکو دەستی هەلی کارمان زیاد دەبێت، بەتایبەتی بۆ گەنجەکانمان کە ئێستا هەمووی لە چاوەڕوانی کەرتی گشتین بۆ دامەزراندن، هەروەها بە ناردنە دەرەوەی بەرهەمەکانمان بۆ دەرەوە لە بری ئەوەی پارە و دراوی گرانبەهای هەرێمەکەمان بچێتە دەرەوە، ئەمجارە پارەو داهاتمان بۆ دێتەوە، لەلایەکی ترەوە ئەگەر کەرتی پیشەسازیمان بەهێز بوو، لە ژێر رەحمەتی وڵاتان و سیاسەتەکانیاندا نابین. ئەگەر ئێمە هەنگاوێك بەرەو سەربەخۆیی ئابووری و سەربەخۆیی بچین، راستەوخۆ هەڕەشەی داخستنی سنوورەکانمان لێ دەکەن، باشە ئەگەر ئێمە ئەوەندە نەکەوینە ژێر رەحمەتی ئەوانەوە و پێویستیمان بە کاڵاو پێداویستییەکانی دەرەکیی نەبێت، ئەو کات ئێمەش دەتوانین لە رێگەی بەروبوومەکانمانەوە خۆبژێوی خۆمان زامن بکەین، بەڵام لە ئێستادا بەرهەم و بەروبوومانەی کە هەشمانە بەشی خۆبژێوی ناوخۆ ناکات، هەر بۆیە کورد ناتوانێت بەرگەی هەڕەشە و مەترسییەکانی ئەوان بگرێت، بۆیە منیش لەگەڵ ئەو راوبۆچوونەدام کە کەرتی پیشەسازی و بەرهەمهێنانی ناوخۆ کەرتێکی یەکجار گرنگە و حکومەتی هەرێمی کوردستان لەم کابینەیەدا بە گرنگییەوە سەیری کردووە. لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا ئێمە لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی بە گرنگییەوە سەیری ئەم لایەنە دەکەین و لە بەرنامەی کاری خۆماندا گرنگییەکی یەکجار زۆرمان بە کەرتی پیشەسازی داوە، دەمانەوێت کەرتی پیشەسازی ببووژێنینەوە و کەرتی تایبەت بەهێز بێت. ئێمە لە وەزارەت بیرمان لەوە کردۆتەوە لە سەر دوو بنەما کۆمپانیا و کارگەکان لە کوردستان دابمەزرێنین:





**دەکرێت بە تەواوەتی رێگا لە هاوردەکردنی کاڵا و بەروبوومی بیانی نەگرین و جۆرە ئازادییەک بدەینە بەکارهێنەر بۆ بەکارهێنانی، بە مەرجێک پاڵپشتیی بەرهەمی ناوخۆ بکەین، تا لە رووی نرخ و کوالێتییەوە توانای کێبڕکێی بەرهەمی بیانی هەبێت**

**واقیعی ئەم وڵاتە و ئابوورییەکەی وا دەخوازێت کە هەندێک کار پێویستی بە هەنگاوی بەپەلە و بڕیاری بوێر هەبێت، چونکە زۆر بوار و سێکتەر هەن کە پێویستیان بە چاکسازیی بەپەلە هەیە و پێویستیان بە هەڵگرتنی بەربەست و ئاستەنگەکانی بەردەمیان هەیە**

یەکەمیان: توێژینەوەی ئەوە بکەین زۆرترین کاڵاو کەلوپەل چییە کە دێتە کوردستان.

دوووم: ئەو کەرەستەو سامانە سرووشتیانە چین کە دەکرێت بۆ بەرهەمهێنانی کەرەستەی ناوخۆی کارگەکان سوودی لێ وەربگرین.

سەرەتا با باسی توێژینەوەکە بکەین، کەی زانیمان زۆرترین کاڵا و پێداویستیی خەڵکی چییە و خواست لەسەر چ بەرهەمێکە، ئەو کاتە هانی کەرتی تایبەت دەدەین لەم بوارەدا کارگە و کارخانە دابمەزرێنن و پاڵپشتیشیان دەکەین. بۆ نموونە پیشەسازیی خۆراکی، چۆن دەبێت هەرچی کەرەستە و خۆراکی کشتوکاڵی هەیە لە دەرەوە بۆمان بێت، بۆ بیر لەوە نەکەینەوە کە پیشەسازیی خۆراکیی خۆماڵی بەهێز بکەین، ئێمە لە بەرنامەی وەزارەتماندایە روو بکەینە دروستکردنی کارگەکانی شیرەمەنی و قوتوبەند و دانەوێڵە، ناکرێت ساوەر لە دەرەوەی وڵات بهێندرێتە ناو کوردستان، لە کاتێکدا ساڵانە بەرهەمێکی زۆری گەنمان هەیە، بۆ لە رێگەی کارگەکانەوە بەرهەمەکانی ئارد و جۆرەکانی دیکەی ساوەر و بەرهەمی دیکەی دانەوێڵەی لێ دروست نەکەین، لە وڵاتەکەی خۆمان ژینگە و کەشوهەوا و خاکێکی بەپیتی کشتوکاڵیمان هەیە، تەنیا کەرتێکی پیشەسازیمان نییە، من لە چەند رۆژێکدا مۆڵەتی هێنانی ١٠٠ هەزار تۆن گەنمەشامیم داوە بە بازرگانەکان لە کاتێکدا هەرێمی کوردستان زۆر لەبارە بۆ چاندنی گەنمەشامی، بۆ پاڵپشتیی جووتیاری خۆمان نەکەین بۆ چاندنی گەنمەشامی؟ کاتی ئەوە هاتووە لە وەزارەت بەرنامە دابنێین بۆ دروستکردنی ئەو کارگە و کارخانانەی کە پاڵپشتی لە بەرهەمی کشتوکاڵ و جووتیار دەکات و، چیتر رێگە نەدەین ئەو هەموو پارەو دراوە قورسە بچێتە دەرەوەی وڵات. ئەمە دەچێتە بواری بەدەستهێنانی هەلی کارو بووژانەوەی گوندەکان و گەشەکردنی کەرتی کشتوکاڵ و پاراستنی ئاسایشی خۆراك و ئاسایشی نەتەوەییەوە.

خاڵی دووەم کە تایبەت بوو بە کەرەستەی خاو، ئێمە لە کوردستان کەرەستەی خاوی یەکجار زۆرمان هەیە، لە رووی کشتوکاڵی زۆر کاڵاو بەرهەم بۆ کەرەستەی خاو هەیە، لە رووی کانزا و سامانە سرووشتییەکانیشەوە چەندین کانزامان هەیە، کە توێژینەوە و پڕۆژەی بەکەڵکی ئابووری بۆ نەکراوە، بۆ نموونە لە کوردستان مس و ئاسن و کەرەستەی خاوی چیمەنتۆ و کوارتز و زۆر شتی دیکەمان هەیە، باشە بۆ کارگە دانەمەزرێنین و لەسەر بنەمای ئەو کەرستە خاوانە کارگە و پێداویستییەکانی ناوخۆ دابین بکەین، لە رووی کشتوکاڵیشەوە بە هەمان شێوە بەرهەممان زۆرە، بەڵام کارگەی قوتوبەند و پیشەسازیی خۆراکیمان نییە.

*** لە رووی پراکتیکییەوە تاچەند ئێوە دەتوانن باڵانسی نێوان گەشەی بازرگانی و پیشەسازی رابگرن، چونکە دەرئەنجام ئێوە وەزیری وەزارەتێکن کە پەیوەندی بە دوو کەرتی ئابوورییەوە هەیە، ئەویش بازرگانی و پیشەسازییە؟**

- لە یەکێك لە کۆنفرانسەکاندا کەسێکی شارەزا ئەو پرسیارەی لێ کردم کە ئایا چۆن دەتوانیت لە یەك کاتدا وەزیری دوو کەرتی بازرگانی و پیشەسازی بیت و، چۆن دەتوانیت باڵانسی گەشەی ئەم دوو بوارە بە هاوسەنگی رابگریت؟ من پێم وایە بووژانەوەی کەرتی بازرگانی و پیشەسازیی هاودژ و لێك جیاواز نین، بەڵکو تەواوکەری یەکترن، باشە بۆ بیر لەوە نەکەینەوە کە چۆن بازرگانەکانمان هان بدەین کاڵاو بەرهەمەکانی ناوخۆ ببەنە دەرەوەی وڵات و بازاڕی بۆ بدۆزنەوە؟ ئەگەر کەرتی پیشەسازی بووژایەوە، ئەوا کەرتی بازرگانیی ناوخۆ و دەرەکیش سوودی لێ وەردەگرێت، ئێستا بەرهەم لە دەرەوە دەهێندرێت، ئەو کات کە بەرهەمی ناوخۆمان هەبوو، بەرهەمەکە دەنێرینە دەرەوە، تەنانەت بازرگانەکان دەتوانن سوود لە هێنانی ئەو کەرەستە و کاڵایانە وەربگرن کە لە ناوخۆدا بەرهەم نەهاتووە، لە ئەمریکاو ئەورووپا و وڵاتانی پێشەنگی پیشەسازی هەروایان کردووە، مەرج نییە تەنیا یەك جۆر کاڵاو کەلوپەل لە ناوخۆی وڵاتەکەدا هەبێت، واتا دەکرێت بە تەواوەتی رێگا لە هاوردەکردنی کاڵا و بەروبوومی بیانی نەگرین و جۆرە ئازادییەك بدەینە بەکارهێنەر بۆ بەکارهێنانی، بە مەرجێك پاڵپشتیی بەرهەمی ناوخۆ بکەین، تا لە رووی نرخ و کوالێتییەوە توانای کێبڕکێی بەرهەمی بیانی هەبێت، ئەوەتا لە ئەمریکا کە خۆی ئۆتۆمبێل بەرهەم دەهێنێت، رێگریی نەکردووە لە هاوردەکردنی ئۆتۆمبێلی یابانی و بەپێچەوانەشەوە، یابان کە پێشەنگە لە دروستکردنی ئۆتۆمبێل کەچی ئۆتۆمبێلی ئەمریکی لە وڵاتەکەدا هەیە، بە واتایەکی دیکە گەشەی پیشەسازی پرۆسەی بازرگانی راناگرێت، بەڵکو تەواوکەری یەکترن، لە سیاسەتی وەزارەتدایە لەم کابینەیە هاوسەنگییەك لە نێوان هاوردە و هەناردەدا دروست بکەین، نابێت ئێمە تەنیا میللەتێکی بەکارهێنەر بین، ئێمە هاووڵاتی سەرپشك دەکەین، کامە کاڵای ناوخۆ و بیانی بەکار دەهێنێت، تا کێبڕکێ هەبێت و بەرهەمی ناوخۆش پێش بکەوێت، ئەمەش بە پاراستن و پاڵپشتیکردنی بەرهەمی خۆماڵی دەکرێت .

*** گەشەی پیشەسازی و گرنگیدان بە کارگە و بەرهەمی خۆماڵی خواست و داواکارییەکی کۆنە، بەڵام تا ئێستا لە رووی واقیعەوە نەتوانراوە ئەم**

**کاره بکرێت، لەو ماوە کەمەشدا کە دەستبەکاربوون دیدارو کۆبوونەوەتان لەگەڵ نوێنەرانی پیشەسازیکاران و بزنس و کۆمپانیاکان زۆر بوو، ئایا تاچەند ئێوە دەتوانن داواکاری و خواستی ئەوان جێبەجێ بکەن؟**

- رەنگە تا ئێستا هەنگاوی جددی نەنرابێت بۆ گەشەکردنی کەرتی پیشەسازی، پێشتر هەنگاوەکان زۆر سەرەتایی بوون و گەرموگوڕییان پێوە دیار نەبوو، بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین گەشە بە کەرتی پیشەسازی بدەین و ئەم لایەنە ستراتیژ و گرنگەی ئابووری ببووژێنینەوە، سەرەتا دەبێت ئاستەنگەکانی بەردەم بووژانەوەی کەرتەکە هەڵبگرین و دواتر پاڵپشتی لە بەرهەم و کارەکانیان بکەین. بۆ نموونە مۆڵەتی کارکردن و بەرهەمهێنانی کەرەستەی خاو لێرە بدەین و پێویست بەوە نەکات و کەرەستەی خاو لە دەرەوەی وڵات بهێنن و لێرە جارێکی دیکە لە کارگەکاندا بەکاری بهێننەوە، یان نرخی کرێی کارەبا و سووتەمەنییان بۆ کەم بکەینەوە، کە لە ئێستادا نرخەکەیان گرانە، هەروەها دەبێت یاساکانمان بە شێوەیەك هەموار بکەینەوە، کە کارئاسانی بۆ خاوەن کارگەکان بکات و چەندین بواری دیکە زامن بکات.

*** ئەگەر لە سەر یاساکان کەمێك رابوەستین، وەك دەزانیت زۆربەی ئەو یاسایانەی کە پەیوەندیدارن بە کاری پیشەسازی و کارگەکانەوە، بۆ سەردەمی رژێمی پێشوو دەگەڕێنەوە، یان یاسایەکی کۆنە و وەکو یاسای وەبەرهێنانی کوردستان پێویستی بە گۆڕانکاری هەیە، ئایا لەم رووەوە چیتان کردووە؟**

- لە بەرنامەی وەزارەتماندایە کۆبوونەوەی هاوبەش لەگەڵ وەزارەتی دارایی و دەستەی وەبەرهێنان بکەین، تاوەکو ئەو جیاوازییانە روونەدات لە نێوان ئێمەو ئەواندا، لەلایەکی دیکەوە هەندێك یاسا لە عێراقدا هەیە بەرکارە و ئیشی پێ دەکرێت و باشە، ئێمەش لێرە داوامان کردووە کاری پێ بکرێت، یاسایەك هەیە بۆ ئەنجومەنی وەزیرانمان بەرزکردۆتەوە، تاوەکو ئەوانیش بۆ پەرلەمانی بنێرن و دەنگی لەسەر بدەن، کە یاسای ژمارە ٢٠ ساڵی ١٩٩٨ ی پەرەپێدانی پیشەسازییە.

*** چاکسازییەکان کە ستراتیژیەت و کاری جددیی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، ئایا لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی چ جۆرە چاکسازییەکتان پێویستە و لەمبارەیەوە چ هەنگاوێکی بۆ نراوە؟**

- واقیعی ئەم وڵاتە و ئابوورییەکەی وا دەخوازێت کە هەندێك کار پێویستی بە هەنگاوی بەپەلە و بڕیاری بوێر هەبێت، چونکە زۆر بوار و سێکتەر هەن کە پێویستیان بە چاکسازیی بەپەلە هەیە و پێویستیان بە هەڵگرتنی بەربەست و ئاستەنگەکانی بەردەمیان هەیە، لەوانە نەهێشتنی رۆتین و گەندەڵی و مەحسووبییەت و مەنسووبییەت و قۆرخکاری، هەموو ئەمانە لە بەرنامەی کاری جەنابی سەرۆکی حکومەت لە بەردەم پەڕلەمانی کوردستان لە پێکهێنانی کابینە وەزارییەکەیدا رایگەیاند، تەنانەت رایگەیاند کە ئەم کابینەیە زۆر بە توندی رووبەڕووی کاری بەرتیلدان و بەرتیل وەرگرتن دەبێتەوە، هەروەها رووبەڕووی مەسەلەی حزبایەتیکردن لەناو وەزارەت و دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا دەبێتەوە. واتە ئەمانە ئەو چاکسازییانەن کە دەبێت ئەنجام بدرێن. جگە لەم کارە ئیدارییانەش پێویستە کار لەسەر هەموارکردنی ئەو یاسایانە بکەینەوە کە پێویستیان بە چاککردن و هەموارکردنەوە هەیە، بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەم قۆناغە بگونجێن، چونکە رەنگە ئەو یاسایانە بۆ ئەو سەردەم و قۆناغە باش بێت، بەڵام لەگەڵ سەردەمەکەی ئێستادا ناگونجێن و پێویستیان بە رێکخستنەوە و هەموارکردنەوە هەیە.

*** لای هەمووان ئاشکرایە بووژانەوەی پیشەسازی و کارگەکان لە رێگەی کەرتی تایبەتەوە بەڕێوەدەچێت، ئەمەش بە کۆمپانیا و دامەزراوەکان دەکرێت، ئێوە لە وەزارەت تاچەند لە ئەداو توانای کۆمپانیاکانمان رازین، لە کاتێکدا ژمارەیەکی زۆری کۆمپانیا دامەزراوە و مۆڵەتیان وەرگرتووە، کەچی وڵاتەکەمان بووەتە وڵاتێك بۆ ساخکردنەوەی کاڵا و بەرهەمی بیانی؟**

- ئێمە بەرنامەمان هەیە کە پێداچوونەوە بە کۆمپانیاکان و کارەکانیاندا بکەین و ئەو پرسیارەیان لێ بکەین کە: بۆچی دامەزراون، ئایا کارەکانیان لە ئاستی پێویستدان و ئیشوکارەکانیان بە باشی بەڕێوەدەچێت؟ ئایا لە بوارەکەیاندا قۆرخکارییان کردووە و پێداویستییەکانی ناوخۆ پڕ دەکەنەوە؟ ئایا پابەندبوون بە یاسا و رێنماییەکانی ئەم وڵاتە واتە هەموو ئەمانە پێداچوونەوەیان پێدا دەکرێت.

*** لایەنێکی دیکەی کاری وەزارەتەکەتان کۆگا و ئەمبار و سایلۆکانن، ئایا پێت وانییە کۆگا و ئەمبارەکانی حکومەت و زۆر لە کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەتیش بەپێی پێویست و رێنماییە تەندروستی و کوالێتییەکان نین؟**

- پڕۆسەی هێنان و ئەمبارکردنی خۆراکیی تایبەت بە بەشە خۆراکی هاووڵاتیان تایبەتە بە وەزارەتی بازرگانیی عێراقەوە، راستەوخۆ لەوێوە دەنێردرێتە سەرجەم پارێزگاکانی عێراق بە کوردستانیشەوە، تەنیا چوار کەرەستە دابەش دەکرێت، بەڵام بە راستی کۆگاکانی ئەمبارکردنی کەرەستەی خۆراکمان خراپن و لە ئاستی ئەو ئیشەدا نین و دڵۆپە دەکەن و فێنککەرەوەیان نییە و پێویستیان بە چاککردنەوەی بەپەلە هەیە و دۆخی فەرمانبەرەکانیشیان باش نییە، لە راپۆرتێکیشدا داوامان لە بەڕێز ئەنجومەنی وەزیران کردووە بڕە پارەیەکمان بۆ تەرخان بکات، بۆ نۆژەنکردنەوەی کۆگاکانی ئەمبارکردنی خۆراك .

**ئەم کابینەیە زۆر بە توندی رووبەڕووی کاری بەرتیلدان و بەرتیل وەرگرتن و حزبایەتیکردن لەناو وەزارەت و دامودەزگاکان دەبێتەوە**

**کۆگاکانی ئەمبارکردنی کەرەستەی خۆراکمان خراپن و لە ئاستی ئەو ئیشەدا نین و دڵۆپە دەکەن و فێنککەرەوەیان نییە و پێویستیان بە چاککردنەوەی بەپەلە هەیە و دۆخی فەرمانبەرەکانیشیان باش نییە**

*** باسی بەدواداچوونی کارگەکانی کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت دەکەن، بەتایبەتی کە هەندێك کارگە هەیە کە لە رووی تەندروستی و کوالێتییەوە بەرهەمەکانیان لە ئاستێکی باشدا نین، ئایا لەم رووەوە چ هەنگاوێکتان هەڵگرتووە؟**

- لەم ماوەیەدا چەند کارگەیەکم بەسەرکردەوە، دەتوانم بڵێم کارگەکانی کوردستان هەندێکیان لە رووی کوالێتی و بەرهەمەوە زۆر باشن، تەنانەت بڕوانامەی ئایزۆیان هەیە و بگرە پێداویستیی نەك تەنیا هەرێم، بەڵکو عێراقیش پڕ دەکەنەوە، هەر بۆیە ئەرکی سەرشانی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازییە کە پارێزگارییان لێ بکات و پاڵپشتییان بکات و بەدەنگ داواکاری و پێداویستییەکانیشیانەوە بچێت، بەڵام بەو مەرجەی بەرهەمەکانیان باش بێت، بۆ ئەوەی بتوانن کێبڕکێی بەرهەمی بیانی بکەن، بۆ ئەوەی ناچار نەبین رێگا بە هێنانی بەرهەمی دەرەکی بدەین. کەواتە بەڵێ، ئێمە چاودێریی کار و بەرهەمەکانیان دەکەین.

*** لەنێوان هەرێم و عێراقدا کۆبوونەوە و گفتوگۆ و دانوستانی زۆر لەسەر هێنانی کاڵاو کەلوپەلەکان کرا، تەنانەت لەم رووەوە چەند بڕیارێك دەرکرا کە هەرێمیش پێوەی پابەند بوو، ئایا پەیوەندییەکانی نێوانتان لەگەڵ وەزارەتی بازرگانیی عێراقی لە چ ئاستێکدایە؟ چۆن دەتوانرێت بە هەردوو لا بەرهەمی ناوخۆ ببووژێندرێتەوە؟**

- ئێمە پەیوەندییەکی باشمان لەگەڵ وەزارەتی بازرگانیی عێراقدا هەیە، زۆر بڕیار هەیە لەوێ دەرچووە و لێرە جێبەجێ کراوە و بەپێچەوانەشەوە، خۆشبەختانە رەوشەکە بەگشتی بەرەو ئەوە دەچێت کە کێشەکانی نێوان هەرێم و حکومەتی ناوەند بە گوێرەی ئەو دەستوورەی کە لە عێراقدا هەیە، بەرەو چارەسەر بچێت.

*** هەر لەدەستپێکی پێکهێنانی کابینەکەدا سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان داوای لە سەرجەم وەزارەتەکان کرد کە بەرنامەی کار ئامادەبکەن و بۆ ئەنجومەنی وەزیران بەرز بکرێتەوە، ئایا دەکرێت باسی ئەو بەرنامەی کارەی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازیمان بۆ بکەیت؟**

- هەموو ئەو بەرنامە و پرۆژە و کارانەی لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی جێگیرمان کردووە و بۆ ئەنجومەنی وەزیرانمان بەرزکردۆتەوە، لە بەرژەوەندیی هاووڵاتیان و ئابووریی کوردستاندایە، بەشێکی تایبەتی بەرنامەی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی تایبەتە بە پاراستنی بەکاربەر، واتا پاراستنی هاووڵاتیان، ئێمە داوامان لە ئەنجومەنی وەزیران کردووە کە ئەنجومەنی پاراستنی بەکاربەر دابمەزرێت، چونکە یاساکەی هەیە، تەنیا پێویستی بە ئەنجومەنێکە بۆ ئەوەی هەڵبسێت بە جێبەجێکردنی یاساکە و ئەرکی پاراستنی هاووڵاتی لە رووی کواڵیتی و جۆری خۆراکەوە لە ئەستۆ بگرێت، بۆ نموونە: کاڵاو بەرهەمێکی زۆری ناوخۆ و بیانی لە بازاڕەکاندا هەیە و مواسەفات و جۆر و کوالێتی و باشییەکانی لە سەری نووسراوە، کەچی کاتێك هاووڵاتی بەکاری دەهێنێت، زۆربەی ئەو مواسەفاتانە تەنیا وەکو پڕوپاگەندەیەکە و بەرهەمەکەی تێیدا نییە، لەو کاتەدا هاووڵاتی مافی خۆیەتی پەنا بۆ شوێنێك ببات و شکات بکات، تەنانەت کاڵا و بەرهەمی وا دەهێندرێتە ئەم وڵاتەوە لە سەری نووسراوە ئەوەندە کیلۆ و ئەوەندە غرامە، کەچی کاتێك دەیکێشیت، دەبینیت فێڵ لە کێشەکەیدا کراوە و ئەوەندە نییە کە نووسراوە، یان ئامێرێك دێتە ئەم وڵاتەوە و هاووڵاتی پارەی پێ دەدات و یەك دنیا مواسەفاتی لەسەر نووسراوە، کە دەیهێنێتە ماڵەوە و دوای ماوەیەکی کەم لە بەکارهێنانی دەبینێت ئەو مواسەفاتانەی تێدا نییە، هەر بۆیە بەشێکی گرنگی بەرنامەی کاری ئێمە بۆ پاراستنی بەکاربەر دانراوە و لەم بارەیەشەوە بە جددی کار دەکەین.

*** بەڵام ئێمە دەزگایەکمان هەیە پێی دەوترێت کوالێتی کۆنترۆڵ، لەمبارەیەوە ئێوە تاچەند ئەم دەزگایانە چالاك دەکەنەوە؟**

- پێداچوونەوە بە کوالێتی کۆنترۆڵ دەکرێتەوە و حکومەتی هەرێمی کوردستان گرنگییەکی تەواوی پێ دەدات و ئەو دەزگایانە بەهێز دەکات، لە رووی ئامێری پێشکەوتوو فەرمانبەری لێهاتووەوە. هەروەها نەهجی حکومەتی هەرێمی کوردستانە کە لەمەودوا رێگا نەدات کاڵاو بەرهەمی کوالێتی خراپ بهێندرێتە کوردستانەوە، لە هەمان کاتدا بەرهەمەکانی ناوخۆش چاودێری دەخرێتەسەر. هەروەها ئەنجومەنی پاراستنی بەکاربەر کە ئاماژەم پێکرد، دەتوانێت ئەم رۆڵە لەنێو شارەکانیشدا ببینێت و بەدواداچوون و چاودێری دەکات، بۆ ئەوەی دڵنیا بێت لەوەی کە ئەو کاڵایە دەفرۆشرێت کوالێتییەکەی تەواوە و ماوەی بەکارهێنانەکەی بەسەر نەچووە، ئەمە بابەتێکی گرنگە و لە هەموو روویەکەوە گرنگی پێ دەدەین. کەواتە بە دروستکردنی ئەم ئەنجومەنە و ئەم لیژنانەی چاودێری دەتوانین کۆنترۆڵی ئەم بابەتە بکەین و چیتر رێگە نەدەین کاڵای خراپ بە سەر هاووڵاتیدا ساغ بکرێتەوە.

**کارگەکانی کوردستان هەندێکیان لە رووی کوالێتی و بەرهەمەوە زۆر باشن، تەنانەت بڕوانامەی ئایزۆیان هەیە و بگرە پێداویستیی نەک تەنیا هەرێم، بەڵکو عێراقیش پڕ دەکەنەوە**

**بەشێکی گرنگی بەرنامەی کاری ئێمە بۆ پاراستنی بەکاربەر دانراوە و لەم بارەیەشەوە بە جددی کار دەکەین**

# بە بێ بووژانەوەی کەرتی پیشەسازی گەشەی ئابووریی کوردستان مەحاڵ دەبێت

بە بێ بایەخدان بە پیشەسازی و راگرتنی باڵانسی نێوان هەنارده و هاوردە ناتوانرێت ئابوورییەکی تەندروست و بەهێزت دەست بکەوێت، لەگەڵ ئەوەی لە کوردستاندا چەندین هۆکار هەن بۆ پشتگوێخستنی ئەم کەرتە گرنگە، بەڵام بەپێی قسەکانی سەرۆکی رێکخراوی داکۆکیکار لە مافی خاوەن کارگەکان، ئەم سێکتەرە لە پاشەکشێی تەواودایە، هەر بۆ نموونە: لە سلێمانی ٨٦٪ی کارگەکان و لە هەولێر ٦٠٪ی کارگەکان و لە دهۆك ١٢١ کارگە و لە گەرمیان ٥٤ کارگە داخراون، بەمەش نەك تەنیا زیاتر لە ٣٠ هەزار کرێکار بێکار بوون، بەڵکو ئابووریی کوردستانیش دوچاری مەترسییەکی گەورە بۆتەوە.


هۆکاری سەرەکیی بایەخنەدان بە کەرتی پیشەسازی دەگەڕێتەوە بۆ پشتبەستن بە داهاتی سامانی سرووشتی (نەوت و گاز)، ئەمەش جگە لەوەی ئابوورییەکی رەیعی بووە، لە هەمانکاتدا بۆتە ئابوورییەکی بەکاربەریش، هەر بۆیە ئەگەر بمانەوێت ئاسایشی خۆراکی و هەلی کار بۆ سەدان دەرچووی زانکۆکان و گەنجانی ئەم وڵاتە دابین بکەین، پێویستە ئاوڕێکی جددی لە کەرتی پیشەسازیی بدرێتەوە. لەم روانگەیەوە لە کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا هاتووە ئابووریی کوردستان لەسەر بنەمای فرەچەشنی دووبارە رێکبخرێتەوە و گرنگی بە گەشەی کەرتی پیشەسازی بدرێت.

دیارە وەك شارەزایانی ئەم بوارە ئاماژەی پێ دەکەن، خۆشبەختانە هەرێمی کوردستان توانای گەشەی لەم کەرتە هەیە و حکومەتیش زەوی و ژێرخان و پێدانی مۆڵەتی خێرای بۆ ئەم مەبەستە دابین کردووە، رێگەشی داوە بە گەشەکردنی پیشەسازیی تازە، بەڵام وەکو پێویست و لەئاست خواست و پێداویستییەکانی هەرێمدا ئەم کەرتە گەشەی نەکردووە. هەندێك ئاماری فەرمیی حکومەت ئاستی گەشەی کەرتی پیشەسازی لە نێوان ٣٪ بۆ ٥٪ خەمڵاندووە، ئەم رێژە نزمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لەساڵانی رابردوودا حکومەتی هەرێمی کوردستان زیاتر پشتی بە هاوردەکردنی کاڵا بەستووە، هەر بۆیە رێژەی دامەزراندنی کارگە بچووك و مامناوەندەکان بە جۆرێك کەمیان کردووە، واتە زۆربەی کارگە بچووك و مامناوەندەکان داخراون. راستە ئەم کەرتە توانیوێتی هەلێکی زۆری کار دەستەبەر بکات، هەر بۆ نموونە تا کۆتایی ساڵی ٢٠١٣ زیاتر لە ٢٣ هەزار هەلی کاری نوێ دابین کراوە و ژمارەی ئەو کۆمپانییانەی تا ساڵی ٢٠١٤ تۆمار کراون، زیاد لە ١٩ هەزار و ٥٠٠ کۆمپانیا بووە، بەڵام لەگەڵ دەستپێکردنی شەڕی داعش و قەیرانی دارایی زۆر ماستەرپلان و بەرنامەو کار جێبەجێ نەکران، لەوانە دروستکردنی ناوچەی پیشەسازیی شارەکان و گرنگیدان بە پیشەسازیی خۆراکی و زیادبوون و فراوانکردنی توانای بەرهەم و کوالێتیی کارگەکان. تەنانەت ژمارەی کۆمپانیا پیشەسازییەکان بە رادەیەکی بەرچاو کەمی کرد، واتە لە ساڵی ٢٠١٦ تەنیا ١١٨٩ کۆمپانیای خۆماڵی و ٤٩ کۆمپانیای بیانی تۆمارکراون و تا کۆتاییەکانی ٢٠١٨ ئەم دۆخە خراپتر و دژوارتر بووە، بە رادەیەك نەك هەر کارگەکان دوچاری سستی و لاوازیی بەرهەم بوون، بەڵکو زۆربەیان داخران و هەندێکیان مایەپووچبوونی خۆیان راگەیاند، بەمشێوەیە بۆمان دەردەکەوێت کە لەگەڵ شەڕی داعش و قەیرانی دارایی زەبرێکی کوشندە لە

**لە سلێمانی ٨٦٪ی کارگەکان و لە هەولێر ٦٠٪ی کارگەکان و لە دهۆک ١٢١ کارگە و لە گەرمیان ٥٤ کارگە داخراون، بەمەش نەک تەنیا زیاتر لە ٣٠ هەزار کرێکار بێکار بوون، بەڵکو ئابووریی کوردستانیش دوچاری مەترسییەکی گەورە بۆتەوە**







کەرتی پیشەسازیی هەرێمی کوردستان درا، ئێستاکە وردە وردە دەست کراوەتەوە بە پێشکەشکردنی مۆڵەتی دامەزراندنی کارگەکان، هەروەکو چۆن سەرۆکی ژووری بازرگانی و پیشەسازیی دهۆك رایگەیاند، زۆربەی هەرە زۆری ئەو کارگانەی داخرابوون، دەستیان بەکارکردن کردۆتەوە.

ئێستا کاتی ئەوە هاتووە، ددان بەو راستییەدا بنێین کە سێکتەری ئابووری تەنیا کەرتی بازرگانی نییە، بەڵکو سەرجەم سێکتەرەکانی پیشەسازی و نەوت و کانزا و گەشتیاری و کشتوکاڵ و دەیان سێکتەری جۆراوجۆری دیکەیە، بۆیە ناکرێت گرنگیدانمان بە بازرگانی لە سەر حیسابی پیشەسازی بێت. راستە کەرتی پیشەسازی بە هاوشێوەی کەرتەکانی عەقارات و بازرگانی قازانجێکی خێرای لێ بەدەست نایەت، بەڵام بنەما و بناغەی ئابووری بونیاد دەنێت.

### ● گرنگترین کارگەکانی کوردستان

تا ساڵی ٢٠١٧ بەپێی ئەو ئامارانەی لە بەردەستدایە، دەتوانرێت بەمشێوەیە پۆلێنی کارگەکانی کوردستان بکەین:

- ● کارگەکانی کەرتی گشتی، کە زۆربەیان دراونەتە کەرتی تایبەت، لەوانە: (کارگەی بەردی مەڕمەڕ لە سلێمانی – کارگەی چیمەنتۆی تاسلوجە – کارگەی گەچی بازیان – کارگەکانی قوتوبەندی هەڵەبجە و دۆشاوی تەماتەی کۆیە و حەریر- کارگەی ئاوی کانزایی بانی خێڵان- کارگەی رستن و چنین لە دهۆك – کۆگای خۆشکردنی توتن لە زاخۆ ..)
- ● کارگەکانی کەرتی تایبەت، کە بەپێی جۆری دابەش دەکرێت لە سەر کارگەکانی (٤٧ کارگەی بیناسازی)، (٥٧ کارگەی خۆراکی)، (١ کارگەی رستن و چنین)، (٢٠ کارگەی فلزییەکان)، (٢٢ کارگەی کیمیاوی)، (٤ کارگەی پلاستیکی)، (٩ کارگەی سلیلۆزی)، (٥ کارگەی ئامێرو ماکینە)، (٤ کارگەی موبیلیات)، (١ کارگەی خزمەتگوزاریی)، (٦ کارگەی چیمەنتۆ).

### ● گرنگترین ئاستەنگەکانی بەردەم گەشەی پیشەسازی لە هەرێمی کوردستان

١. نەبوونی ستراتیژیەت و دیدێکی روون بۆ راگرتنی باڵانسی نێوان هەنارده و هاوردە.

٢. پشتبەستن بە هاوردەی دەرەکی.

٣. خراپیی ژێرخانی ئابووری و لاوازیی خزمەتگوزارییەکان.

٤. کەمیی شارەزایی و توانای پێویست.

٥. پێدانی ئیمتیازات لە زەوی و پاڵپشتیی دارایی و کارئاسانی بۆ کەرتەکانی بازرگانی و عەقارات لەسەر حیسابی کەرتی پیشەسازی.

٦. کەموکوڕیی کۆگا و سایلۆ و ئەمبارەکانی ساردکەرەوە کە بۆ پیشەسازیی خۆراك پێویستن.

٧. لە ساڵانی ٢٠١٤-٢٠١٨، بارودۆخی ناهەموار و گەمارۆی ئابووری و شەڕی دژی داعش، زیانی گەورەی بە کارگەو پیشەوەران گەیاندووەو بە رێژەی ٧٥٪ کارگەکانی ناوخۆ داخران.

٩. خراپیی کەرتی دارایی و بانکی.

١٠. نەبوونی پرۆگرامی پەرەپێدانی کۆمپانیا بچووك و مامناوەندییەکان.

١١. نەگونجانی پرۆگرامەکانی خوێندن لە زانکۆکانی کوردستان لەگەڵ بازاڕی کاردا.

١٢. نەبوونی زەمانەت و گەرەنتی لە کارکردن و هەژمارکردنی خزمەت لە کارکردن لە کارگەکان بەراورد بە کەرتی گشتی.

**لە ساڵانی ٢٠١٤-٢٠١٨، بارودۆخی ناهەموار و گەمارۆی ئابووری و شەڕی دژی داعش، زیانی گەورەی بە کارگەو پیشەوەران گەیاندووەو بە رێژەی ٧٥٪ کارگەکانی ناوخۆ داخران**



**پەرەپێدان بە کەرتی پیشەسازی و فرەچەشنکردنی ئابووریی هەرێم لە ئامانجە سەرەکییەکانی کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، بۆ ئەم مەبەستەش هەوڵ دەدرێت لە رووی وەبەرهێنان و راکێشانی کۆمپانیا دەرەکییەکانەوە پەرە بە کەرتی پیشەسازی لەپاڵ کەرتەکانی کشتوکاڵ و گەشتیاریدا بدرێت، ئەم ئامانج و رەهەندە ئابوورییەش پێویستی بە هەوڵ و کارو بەرنامەی جددی هەیە، بەتایبەتی کە لە حاڵی ئێستادا بارودۆخی کەرتی پیشەسازی و بەرهەمی کارگەکانی ناوخۆ لەو ئاستەدا نین کە بتوانرێت کێبرکێی بەرهەمی وڵاتانی دەوروبەر و ناوچەکە بکەن، هەر لەو پەیوەندییەدا گۆڤاری گوڵان لە دیدارێکیدا چەند پرسیارێکی ئاراستەی دارا جەلیل خەیات سەرۆکی یەکێتی ژووره بازرگانی و پیشەسازییەکانی هەرێم کرد.**

## دارا جەلیل خەیات

سەرۆکی یەکێتی ژووره بازرگانی و پیشەسازییەکانی هەرێم بۆ گوڵان:

# بووژانەوەی کەرتی پیشەسازی و ئابووریی هەمەجۆر خاڵێکی بەهێزی کارنامەی حکومەتی هەرێمی کوردستانە

**مادام خاوەنی سەرکردایەتییەکی لێهاتووی نیشتمانپەروەرین و ژینگەیەکی سەقامگیر و ئاراممان هەیە دەکرێت بەرەو بە پیشەسازیکردنی کوردستان هەنگاو بنێین و هاوسەنگیی نێوان هەناردە و هاوردە دەستەبەر بکەین**

*** هەموو داتاو زانیارییەکان ئەوە روون دەکەنەوە کە بارودۆخی کەرتی پیشەسازی لە کوردستاندا لە ئاستێکی باشدا نییە؛ وەك سەرۆکی ژووره بازرگانی و پیشەسازییەکانی هەرێم، واقیعی کەرتی پیشەسازیی کوردستان چۆن دەبینیت؟**

- لەگەڵ ئەوەی لە کابینەکانی پێشتری حکومەتی هەرێمی کوردستان پشتگیری تەواوی بازرگانان و پیشەسازی کاران کراوە و لەم رووەوە سوپاسی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی دەکەین، بەڵام لە کارنامەی کابینەی نۆیەمیشدا بەڕێز مسرور بارزانی لە سێکتەری ئامانجە ئابووری و داراییەکاندا بە راشکاوانە پەنجەی لەسەر بەرنامە و ستراتیژیەتی کارکردنی حوکمڕانی داناوە، بووژانەوەی کەرتی پیشەسازی و فرەچەشنکردنی ئابووری، خاڵێکی بەهێزی کارنامەی حکومەتە، ئەمەش هەنگاوێکی گرنگە و مادام حکومەتێکی بەهێزمان دەوێت، هەر دەبێت پاڵپشتیی بزنێس و بازرگان و پیشەسازیکاران و جووتیارانی ناوخۆ بکەین و بەدەم خواست و دواکارییەکانیانەوە بچین، لەمەشدا هەر وەکو چۆن لە کارنامەکەدا هاتووە، کار بۆ نەهێشتنی گەندەڵی و رۆتین و باشکردنی ژێرخانی ئابووری و چارەسەرکردنی کەموکورتییەکانی بانکی و دارایی و هاندانی راکێشانی وەبەرهێنان لە کەرتی پیشەسازی دەکەین، ئەمانە هەمووی خاڵی باش و ئیجابین بۆ چارەسەرکردنی کەموکورتییەکان و بووژانەوەی ئابووری. سەبارەت بە وەڵامی پرسیارەکەشتان بێگومان هیچ وڵات و هەرێمێك بێ کێشەو کەموکورتی و گرفتی ئابووری و دارایی نییە، هەرێمی کوردستانیش بەدەر نییە لەم کەموکورتی و کێشانە، بەتایبەتی هەرێمێکی وەکو کوردستان کە دوچاری گەمارۆی ئابووری و بڕینی بەشە بودجە و داخستنی سنوورەکان و شەڕێکی سەختی وەکو شەڕی داعش و هاتنی ئەو هەموو ئاوارەو پەناهەندەیە بووبێت، حەتمەن دوچاری قەیران و راوەستانی زۆربەی پڕۆژەکان دەبێت، بەتایبەتی راوەستانی کارگەکان و کزبوونی پیشەو کاری دەستی و داخستنی کارگەکانی دارتاشی و ئاسن و مۆبیلات و خۆراکی و دروستکردنی کەلوپەلی لایلۆن و چەندین بواری دیکە، سوپاس بۆ خوا ئێستا وردە وردە قۆناغە سەختەکە بەڕێ دەکەین و پێ دەنێینە دانانی بەرنامە و جێبەجێکردنی پرۆژە و کارەکان و ئەمەش سەرەتایەکی دڵخۆشکەرە.

*** باسی فرەچەشنکردنی ئابووریت کرد، ئایا پێت**

**وانییە عێراق و کوردستانیش زیاد لە پێویست لە بواری ئابووری و داهاتیاندا پشتیان بە دەرامەتی نەوت و غازی سرووشتی بەستووە و کەرتی پیشەسازییان فەرامۆش کردووە؟**

- کێشە گەورەکەی عێراق لەوەدایە ئابوورییەکی رەیعی هەیە کە بە رێژەیەکی لە سەرووی ٩٣٪ـەوە پشتی بە داهاتی نەوت بەستووە، ئێمەش لەچوارچێوەی وڵاتێکی مەرکەزیدا بە هەمان شێوە بووین، زیاتر پشتمان بەداهاتی سامانێك بەستووە کە نرخەکەی جێگیر نییە و کەوتۆتە ژێر رکێفی سیاسەتی جیهانیی بازاڕەوە و تەنانەت لە وڵاتانی جیهانی سێیەمدا کۆمەڵگەیەکی لاوازو بێ بەرهەمی لێ دروست دەبێت، هەر بۆیە ئێمە لە یەکێتی ژووره بازرگانی و پیشەسازییەکان زۆر سەرقاڵی پەیوەندی و هێنانی وەبەرهێنەرانی بیانی و هاندانیانین بۆ بەگەڕخستنی سەرمایە و کارکردن لە کەرتە بەرهەمهێنەکان، بەتایبەتی لە کەرتی پیشەسازی و پیشەسازیی خۆراکی. دەرهێنانی نەوت دەستکەوتێکی گەورەو ستراتیژی بوو، بەڵام دوای تێپەڕبوونی ئەوەندە ساڵ دەکرا لەبواری پیشەسازیی نەوت و دروستکردنی سووتەمەنی و پیشەسازیی پترۆکیمیاویشدا کاری جددیمان بکردایە، تەنانەت بەشێك لەداهاتی نەوت بۆ پاڵپشتی و دروستکردنی پیشەسازیی خۆراکی و کارخانەکان و بەهێزبوونی ژێرخانی ئابووری بەکار بهێنایە، هێشتا کاتەکە بەسەر نەچووە، مادام خاوەنی سەرکردایەتییەکی لێهاتووی نیشتمانپەروەرین و ژینگەیەکی سەقامگیر و ئاراممان هەیە و هەموو بنەماکانی بەرهەمهێنان و بازاڕمان لەبەردەستدایە، دەکرێت بەرەو بەپیشەسازیکردنی کوردستان هەنگاو بنێین و هاوسەنگیی نێوان هەناردە و هاوردە دەستەبەر بکەین.

*** یەکێك لە گرفت و ئاستەنگەکانی بەردەم کەرتی پیشەسازی، یاسا کۆنەکانە کە بۆ ئەم سەردەمە ناگونجێت ئایا وەکو ژووری بازرگانی و پیشەسازی لەم بوارەدا چیتان کردووە؟**

- پێویستە یاسا و رێنماییەکانی ئابووری و لایەنی پەیوەندیدار بە پیشەسازی و دامەزراندنی کارگەکان رێك بخرێنەوە، یاسای وەبەرهێنان ١٣ ساڵ پێش ئێستا دەرچوو، دەیان یاسای دیکە هەیە لە وەزارەتەکان بۆ سەردەمی سۆشیالیستی دەگەڕێتەوە، واتە لەساڵانی حەفتاو هەشتاکانی رابردوو دەرچووە، ئەمانە هەمووی ئەرکی پەرلەمانە هەمواری بکەنەوە، یان یاسای نوێی بۆ دەربکەن.

*** بەڵام تاچەند کەرتی تایبەتی کوردستان لە ئاست گۆڕانکاری و قۆناغە نوێیەکەدایە تاوەکو سوود لە یاساکان و رێنمایی و پاڵپشتییەکان وەربگرن؟**

- وەنەبێت کەرتی تایبەتیش پێویستی بە رێکخستن و چاودێری نەبێت؛ ئەرکی ئێمەیە بەرگری و پاڵپشتیی بازرگان و پیشەسازیکاران بکەین، لەهەمان کاتدا کاروبارەکانیشیان رێك بخەین. کەرتی تایبەت هەر لە دوای ساڵی ١٩٩١ بەگشتی و لە ٢٠٠٣ شەوە بەتایبەتی، رۆڵ و پێگەیەکی گرنگی لە سەرجەم سێکتەرەکان هەبووە و بە دەیان هەزار گەنجی ئەم وڵاتە لەو کەرتەدا هەلی کاریان دەست کەوتووە، بەڵام دۆخەکە و واقیعەکە وای خولّقاند، زیاتر کەرتی تایبەت روو لە کەرتی عەقارات و بازرگانی بکەن و دەستبەرداری پیشەو کارگەو پیشەسازی ببن، لە قەیرانی داراییشدا لە ساڵانی ٢٠١٤ تاکو ٢٠١٧ بە سەدان کارگەو کارخانەی مامناوەندو بچووك داخران، کەرتی تایبەتیش پێویستی بە سیستەمی بانکیی پێشکەوتوو و دەستی کاری کارامە و ژێرخانی بەهێز و خزمەتگوزاریی هەیە، ئەمە ئەرکی وەزارەتە پەیوەندیدارەکانە دابینی بکەن.

*** پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا هێور بووەتەوە و بەرەو پێشەوە دەچێت. ئایا تاچەند باشبوونی ئەم پەیوەندییانە کاریگەری لەسەر پێشکەوتنی کەرتی پیشەسازی هەیە؟**

- پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا کاریگەری لەسەر زیادبوونی پەیوەندیی نێوان بازرگانان و پیشەسازیکارانی هەردوو لا هەبووە، ئەوەتا پەیوەندیی کۆمپانیاکانمان لەگەڵ کۆمپانیاکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق و بەشەکانی دیکە وایکردووە بچینە قۆناغی تەواوکاریی ئابوورییەوە کە بۆ هەردوولا گرنگە، بووژانەوەی کەرتی پیشەسازییش پێویستی بە هاوکاری و پاڵپشتیی هەردوو حکومەتی هەرێم و عێراق هەیە، چونکە زمانی ئابووری و پەیوەندیی باش خزمەتی گەلان و حکومەتەکانیش دەکا. لەم ماوەیەدا هەموومان بینیمان کە چۆن پاڵپشتیکردنی بەرهەمی چیمەنتۆ و ئاسن بە سوودی گەورە کۆمپانیاکانی هەرێم تەواو بوو، ئومێدەوارم ئەم پرسە لە بوارەکانی پیشەسازیی خۆراك و پاڵاوتگەو کارگە و کارخانەکانی دیکەشدا بێت. لەلایەکی دیکەوە هەر پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و ناوەند نییە کە جووڵەی باشی تێکەوتووە و رۆڵی هەر دوو بەڕێزان نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان گرنگ بوو بەو کرانەوە ئابوورییەی لەم دواییەدا روویدا، ئەوەتا رۆژانە شاندی بازرگانی و پیشەسازیکاران و بزنێس و وەبەرهێنەران روو لە هەرێمی کوردستان دەکەن و دیدارو کۆنفرانسیان هەیە و پێشانگای جۆراوجۆر دەکرێتەوە. کاتێك لە نزیکەوە لەگەڵ ئەو شاندانەدا دادەنیشین، بە سەرسوڕمانەوە دەڕواننە دۆخی سەقامگیری و ئارامی و ئابووریی هەرێمی کوردستان و پێیان وایە ئەگەر ئەو سەقامگیرییە بپارێزین، ئەوا دەرفەتێکی زێڕین هەیە بۆ چارەسەرکردنی کەموکورتییەکان.

**رۆژانە شاندی بازرگانی و پیشەسازیکاران و بزنێس و وەبەرهێنەران روو لە هەرێمی کوردستان دەکەن و دیدارو کۆنفرانسیان هەیە و پێشانگای جۆراوجۆر دەکرێتەوە**

**کار بۆ نەهێشتنی گەندەڵی و رۆتین و باشکردنی ژێرخانی ئابووری و چارەسەرکردنی کەموکورتییەکانی بانکی و دارایی و هاندانی راکێشانی وەبەرهێنان لە کەرتی پیشەسازی دەکەین**

**کێشە گەورەکەی عێراق لەوەدایە ئابوورییەکی رەیعی هەیە کە بە رێژەیەکی لە سەرووی ٩٣٪ـەوە پشتی بە داهاتی نەوت بەستووە، ئێمەش لەچوارچێوەی وڵاتێکی مەرکەزیدا بە هەمان شێوە بووین، زیاتر پشتمان بەداهاتی سامانێك بەستووە کە نرخەکەی جێگیر نییە**

**دەرهێنانی نەوت دەستکەوتێکی گەورەو ستراتیژی بوو، بەڵام دوای تێپەڕبوونی ئەوەندە ساڵ دەکرا لەبواری پیشەسازیی نەوت و دروستکردنی سووتەمەنی و پیشەسازیی پترۆکیمیاویشدا کاری جددیمان بکردایە**



## گوڵیزار ڕەشید سندی

جێگری سەرۆکی لیژنەی سامانە سرووشتییەکان و پیشەسازی لە پەرلەمانی کوردستان بۆ گوڵان:

# دەبێت بە هەماهەنگی لە نێوان پەرلەمان و حکومەت و کەرتی تایبەت، یاسای وەبەرهێنان و زۆر یاسای دیکەی پەیوەندیدار بە کەرتی پیشەسازی هەموار بکرێنەوە

**کورستان توانای گەشەی پیشەسازیی تێدایە و ژینگە و دەرامەت و سامانێکی سرووشتیی بەهێزی بۆ بووژانەوەی کارگە و کەرتەکانی بەرهەمهێنان هەیە، بەڵام تا ئێستا ئێمە هەرێمێکی بەکاربەرین و کەرتی تایبەت نەیتوانیوە لە ڕووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە پێداویستییەکانی ناوخۆ پڕ بکاتەوە، بۆ قسەکردن لەسەر خراپیی کەرتی پیشەسازی و لاوازیی یاسا و ڕێنماییەکان و دەرکەوتنی ئاسۆی چاکسازییەکان، چەند پرسیارێکمان ئاراستەی گوڵیزار ڕەشید سندی جێگری سەرۆکی لیژنەی سامانە سرووشتییەکان و پیشەسازی لە پەرلەمانی کوردستان کرد، لێرەدا دەقی قسەکانی بۆ خوێنەرانی گۆڤاری گوڵان دەخەینەڕوو.**





*** وەکو جێگری سەرۆکی سامانە سرووشتییەکان و پیشەسازی لە پەرلەمانی کوردستان چۆن لە دۆخی پیشەسازی لە هەرێمی کوردستاندا دەڕوانن؟**

- کەرتی بەرهەمهێنان بەگشتی و پیشەسازی بەتایبەتی لەئاست خواست و ویستەکانی قۆناغەکەدا نییە، لەوانە لاوازیی ئەدای کەرتی تایبەت و نەبوونی پاڵپشتی و پشتگیریی کارگە و پیشەسازیکاران و گرانیی نرخی کارەبا و سووتەمەنی و نەبوونی سیستەمێکی دارایی ڕێکوپێك و چەندین هۆکاری دیکە، لە هەمووشی خراپتر ئێمە لە هەرێمی کوردستان زیاد لە پێویست پشتمان بە هاوردەکردن لە دەرەوەی سنوورەکان بەستووە، ئەمەش لەسەر حیسابی بەرهەمی ناوخۆ بووە.

*** باسی خاڵێکی گرنگت کرد کە خراپی و کۆنیی یاساکانە، پێت وانییە ئەمە ئەرکی حکومەت و پەرلەمان و لایەنە پەیوەندیدارەکانە کە یاسای نوێ بۆ کەرتی پیشەسازی دەربکەن، یان یاساکان بەپێی قۆناغ و پێداویستییەکان لە پەرلەمان هەموار بکرێنەوە؟**

- لەم خولەی پەرلەماندا هەلێکی باشمان لەبەردەستدایە تاوەکو زۆرترین یاسا دەربکەین و هەمواریان بکەینەوە، چونکە ژینگەیەکی سەقامگیر لە ناو پەرلەماندا هەیە، کەموکورتیی زۆر لە یاساکاندا هەیە و پێویستمان بە یاسای نوێ و هەموارکردنەوەی یاسا کۆنەکان هەیە، بەڕێوەبردنی کەرتی تایبەت و گەشەکردنی بوارەکانی بەرهەمهێنان بەم یاسا کۆنانە نابێت، ئەرکی حکومەت و وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازییە کە ئەو یاسایانەی پێویستی بە هەموارکردنەوە هەیە، بۆ ئێمەی بەرز بکەنەوە و هەماهەنگی لەگەڵ لیژنەکەمان بکەن، تا وەکو یەك تیم هەوڵی جووڵاندنی ئەم پرسە بدەین، تەنانەت هەندێك یاسا هەیە لە بەغدا بەرکارە و یاسای باشە، دەکرێت لێرەش سوودی لێوەربگرین، بۆ نموونە: چەند مانگێك لەمەوبەر یاسایەك لە بەغدا بەناوی یاسای ناوچە پیشەسازییەکانەوە دەرچوو، کە دەبوایە لە هەرێمی کوردستان پێشتر دەرچووایە، ئەو کات ئەولەوییات بۆ ئێمە دەبوو، هەرچۆنێك بێت، دەکرێت سوود لەو یاسایانەش وەربگرین کە لە عێراق دەردەچن و لێرە گفتوگۆی لەسەر بکەین و لەگەڵ واقیعی ئابووریی کوردستاندا بیگونجێنین.

*** هەر سەبارەت بە یاساکانی تایبەت بە ئابووری و بەتایبەت کەرتی پیشەسازی، ئایا یاسای وەبەرهێنانی کوردستانیش کە پێش ١٣ ساڵ لەمەوبەر دەرچووە، پێویستی بە هەموارکردنەوە هەیە؟**

- یاسای وەبەرهێنانی کوردستان کە ١٣ ساڵ لەمەوبەر دەرچوو، بۆ ئەو کات و قۆناغە گرنگ بوو، بەڵام دوای تێپەڕبوونی ئەو هەموو ساڵە لەگەڵ واقیعی ئەمڕۆ ناگونجێت، ئەو کات مەبەستمان بوو وەبەرهێنان ڕوو لە هەرێمی کوردستان بکات، ئەمڕۆ مەبەستمانە بزنێسمان و وەبەرهێنەرانمان کەمێك دەستبەرداری کەرتەکانی خانووبەرە و بازرگانی ببن و ڕووبکەنە دامەزراندنی کارگە و کارکردن لە کەرتی پیشەسازی و کشتوکاڵدا، یاساکە بووە هۆی ڕاکێشانی سەدان کۆمپانیا و بزنێس و سەرمایەدار و بەگەڕخستنی پارە و ئەنجامدانی سەدان کار، بەڵام بەو شێوەیە نەبووە هۆی ڕاکێشانی ئەم سەرمایە و بزنێسە بەرەو کەرتی پیشەسازی، پێویستە یاساکە هاندەر بێت بۆ ئاراستەکردنی کەرتی تایبەت بەرەو دامەزراندنی کارگەکان، ئاراستەکردنی کەرتی تایبەت بەرەو کەرتی پیشەسازی ڕۆڵی دەبێت لە بەهێزبوونی حکومەت و ئابووریی کوردستان و هەلی کاریش بۆ گەنجەکان دابین دەکات، ئەمەش بە گفتوگۆ لەگەڵ حکومەت و کەرتی تایبەت و لیژنەی پەیوەندیدار لە پەرلەمان بەڕێوە دەچێت. بۆ نموونە: من پێم باشە لە یاساکەدا کارئاسانی و پاڵپشتیی زۆری تێدا بێت بۆ بەگەڕخستنی وەبەرهێنان لە کەرتی پیشەسازی، چونکە ئەم کەرتە وەکو کەرتی بازرگانی و عەقارات قازانجی خێرای تێدا نییە، هەروەها دەبێت لە یاساکەدا ڕێژە و ژمارەی بەکارخستنی کارمەند و کرێکارانی ناوخۆ و بیانییش دیاری بکرێت.

*** ئایا دەبێت چی بکرێت بۆ ئەوەی باڵانسی بازرگانی لە نێوان هاوردە و هەناردەدا ڕابگیردرێت؟**

- تا هەرێمی کوردستان پشت بە هێنانی هەموو جۆرە کاڵا و پێداویستییەکان لە دەرەوە ببەستێت، زەحمەتە بتوانرێت کەرتی پیشەسازیی کوردستان پێش بخرێت، قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانیی نێوان هەرێمی کوردستان لەگەڵ تورکیا بۆ ١٤ ملیار دۆلار و لەگەڵ ئێرانیش بۆ ٦ ملیار دۆلار بەرزبووەتەوە، لە کوردستان هەر هەوڵی هاوردەمان داوە و سەدان کارخانە و پیشەی دەستی وەکو دارتاشی و ئاسنگەری و دروستکردنی دەرگا و بەنچەرەمان داخست، ناکرێت گوێ بە ئاسایشی خۆراك و ئاسایشی نەتەوەیی نەدەین و بچووکترین بەروبوومی کشتوکاڵی لە وڵاتانی دەرەوە بهێنین، هەرچی پارە و داهاتی ئەم وڵاتە هەیە بۆ دەرەوە بچێت.

*** ئەرکی لیژنەکەتان جگە لە تێپەڕاندنی یاساکان و هەموارکردنەوەی ئەرکێکی دیکەشتان لەسەر شانە، کە چاودێری و بەدواداچوونی جێبەجێکردنی ئەو یاسایانە و ئەدای وەزارەتە پەیوەندیدارەکانی حکومەتیشە، ئایا لەم ڕووەوە چیتان کردووە؟**

- حکومەت و پەرلەمان تەواوکاری یەکترن بۆ ڕێکخستن و دەرکردنی ئەو یاسایانەی کە قۆناغەکە پێویستیێتی، وەکو سەرۆك و جێگر و ئەندامانی لیژنەی سامانە سرووشتییەکان و بازرگانی و پیشەسازی لە پەرلەمانی کوردستان، لەگەڵ وەزیری بازرگانی و پیشەسازییدا گفتوگۆمان کرد، جەنابی وەزیریش پێی وابوو کە کەموکورتی و کێشە و گرفتی زۆر لە بواری کەرتی پیشەسازی و فەرامۆشکردنی ئەم بوارە گرنگەدا هەیە و باسی کارنامەو بەرنامەی وەزارەتەکەی بۆ کردین، هەروەها بەڵێنی دا یاساکانی تایبەت بەم بوارە بۆ پەرلەمان بەرز بکاتەوە.

**یاسای وەبەرهێنانی کوردستان کە ١٣ ساڵ لەمەوبەر دەرچووە، بۆ ئەو کات و قۆناغە گرنگ بوو، بەڵام دوای تێپەڕبوونی ئەو هەموو ساڵە لەگەڵ واقیعی ئەمڕۆ ناگونجێت**

**قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانیی نێوان هەرێمی کوردستان لەگەڵ تورکیا بۆ ١٤ ملیار دۆلار و لەگەڵ ئێرانیش بۆ ٦ ملیار دۆلار بەرزبووەتەوە**

**ئاراستەکردنی کەرتی تایبەت بەرەو کەرتی پیشەسازی ڕۆڵی دەبێت لە بەهێزبوونی حکومەت و ئابووریی کوردستان و هەلی کاریش بۆ گەنجەکان دابین دەکات**

**ناکرێت گوێ بە ئاسایشی خۆراک و ئاسایشی نەتەوەیی نەدەین و بچووکترین بەروبوومی کشتوکاڵی لە وڵاتانی دەرەوە بهێنین، هەرچی پارە و داهاتی ئەم وڵاتەهەیە بۆ دەرەوە بچێت**

# خۆپیشاندانەکانی عێراق

## شەڕی دەسەڵاتە، یان تووڕەیی خەڵک؟



سێ شەممەی رابردوو (١ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٩)، یەکەم گردبوونەوەی خۆپیشاندان لە گۆڕەپانی تەحریر لە بەغدای پایتەخت دەستی پێ کرد، لەگەڵ ئەوەی دروشمی خۆپیشاندانەکە (دابەزیوم بۆ ئەوەی مافی خۆم وەربگرم - نازل اخذ حقي) بوو، بەڵام وێنەی فەریق عەبدولوەهاب ساعدی فەرماندەی هێزەکانی قەڵاچۆکردنی تیرۆریشیان بەرز کردبووەوە کە هەفتەیەك پێشتر لەلایەن د.عادل عەبدولمەهدی سەرۆك وەزیران و فەرماندەی هێزە چەکدارەکانی عێراق لە پۆستەکەی لابراو گواستراوە بۆ وەزارەتی بەرگری، هەروەها چەند دروشمێکی سیاسیی دیکەش دەگوترایەوە، لەوانە: «عێراق ئازادە و ئێران بۆ دەرەوە - عراق حرة حرة»، «ئێران برة برة» دەگوترایەوە و، ئەم دروشمانە بە سەر تێکڕای دروشمی خۆپیشاندەرەکاندا زاڵ بوون.

ئاشکرایە دوای بڕیارەکەی د.عادل عەبدولمەهدی بە لابردنی ساعدی لە پۆستەکەی، ئەو لایەنە سیاسییانەی وەك ( هاوپەیمانیی نەسر بە سەرۆکایەتی حەیدەر عەبادی، رەوتی حیکمە بە سەرۆکایەتی عەمار حەکیم، هاوپەیمانیی سائیرون بە سەرۆکایەتی موقتەدا سەدر و چەند فراکسیۆنێکی عەرەبی سوننەش ) کە ئەندامێتی فراکسیۆنەکانیان لە شەوی ٥ لەسەر ٦ ئەم مانگە هەڵپەسارد، پێشتریش لە رۆژانی ٢٧ی ئەیلوول تا ١ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٩ کە خۆپیشاندانەکەی گۆڕەپانی تەحریر دەستی پێ کرد، بە هەموو شێوەیەك دژایەتیی بڕیارەکەی سەرۆك وەزیرانیان کردبوو، بە توندی داوایان دەکرد کە لە بڕیارەکەی پاشگەز ببێتەوە و عەبدولوەهاب ساعدی بگەڕێتەوە بۆ پۆستەکەی، بەڵام کە بێ ئومێد بوون لەم کارە، ئەوە بوو بە ناو خۆپیشاندانی خۆڕسك و تووڕەیی جەماوەر بۆ دابینکردنی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان دەستیان بە خۆپیشاندان کرد و خۆپیشاندانەکەش هەر لە سەرەتاوە لە گۆڕەپانی تەحریر بە توندوتیژی دەستی پێکرد و لە یەکەم ئێوارەدا دوو خۆپیشاندەر کوژران و زیاتر لە ٢٠٠ کەسی دیکەش لە خۆپیشاندەران و هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش بریندار بوون، بۆ رۆژی دواتریش واتە چوارشەممە رێکەوتی ٢ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٩ خۆپیشاندانەکان چەند شارێکی دیکەی عێراقیشی گرتەوە و هەتا رۆژی شەممەی رابردوو، ژمارەی کوژراوەکان گەیشتبووە نزیکەی ١٠٠ کەس و نزیکەی ٤٠٠٠ بریندار لە خۆپیشاندەران و هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش.

سەبارەت بە چیرۆکی لابردنی عەبدولوەهاب ساعدی لە پۆستەکەی، چەند چیرۆکێکی جیاواز هەیە، ئەو هێز و لایەنە سیاسییانەی داکۆکیی ئەوەیان دەکرد کە دەبێت بگەڕێتەوە بۆ پۆستەکەی و بڕیاری گواستنەوەکەی هەڵبوەشێندرێتەوە، ئاماژە بەوە دەکەن کە ناوبراو رۆڵێکی گەورەی لە شەڕی دژی داعش و ئازادکرنی ئەو ناوچانە هەبووە کە داعش داگیری کردبوون، بۆیە ناکرێت پاداشتی ئەم پاڵەوانەی شەڕی داعش بەو جۆرە بدرێتەوە، بەڵام غەیس تەمیمی سەرۆکی حزبی ئەلمواتەنەی عێراقی کە ئەویش نەك هەر پشتگیری لە عەبدولوەهاب ساعدی دەکات، بەڵکو لە شەوی ٥ لەسەر ٦ی ئەم مانگە و لە میانەی بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی (دیجلەی عێراقی) راشکاوانە ئەو راستییەی درکاند، کە ئەوانە لەگەڵ ساعدی بە رێگەی تەلەفۆن و تەلەفۆنکاری لە هەوڵی ئەوەدا بوون، دەستەگەرایی لە ناو هێزەکانی دژە تیرۆر دروست بکەن، ئەوجا پاش ئەوەی دەزگای هەواڵگریی عێراق ئەو تەلەفۆنانەی تۆمار کردووە و لە ئەنجومەنی ئاسایشی نیشمانیی عێراق بەو ئەنجامە گەیشتوون کە عەبدولوەهاب ساعدی بەرنامەی دەستەگەری هەیە و دەیەوێت کودەتای سەربازی بە سەر حکومەتی عێراقدا بکات.

ئەم باکگراوندە بۆ دەستپێکردنی خۆپیشاندانەکەی چەند رۆژی رابردووی عێراق، لە هەموو میدیا جیهانییەکاندا بە ناوەندەکانی لێکۆڵینەوەی ستراتیژییەوە جەختی لەسەر کراوەتەوە و هەموو لایەکیش کۆکن لەسەر ئەوەی لە حوکمڕانیی عێراقدا ئەم کەموکووڕییانە بوونی هەیە:

١. دەوڵەتی عێراق هەر لە دوای رووخانی رژێمی بەعسەوە لە ٢٠٠٣ و پاشانیش دوای نووسینەوەی دەستوور و پێکهێنانی کابینەکەی د.ئیراهیم جەعفەری و دوو خولی نوری مالیکی و کابینەکەی عەبادی-یش، دەوڵەتمەدارێکی تیا نەبووە هەتا بتوانێت پرۆسەی حوکمڕانی لە عێراقدا بە رێگایەکی راستدا بەرێت و دامەزراوەکانی عێراق بونیاد بنێتەوە و شکۆ بۆ دەوڵەتی عێراق دروست بکاتەوە.

٢. سەرکردە سیاسییەکانی عێراق بەگشتی و سەرکردەی لایەنە شیعەکان کە لە دەسەڵاتدا بوون، لە ماوەی ئەم ١٥ ساڵەی رابردوو، عێراقیان لەناو گەندەڵیدا نوقم کردووە و دامەزراوەکانیان بۆ بەرژەوەندیی خۆیان و حزبەکانیان بەکار هێناوە و نەك هەر نەیانتوانیوە ژێرخانی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان بونیاد بنێنەوە، بەڵکو ئەو ژێرخانەی کە عێراق وەك دەوڵەت پێشتر هەیبووە، ئەویش لە ریشە هەڵکێشرا و کاولتر بووە، بۆیە عێراق لە هەموو روویەکەوە لە ماوەی ١٠-١٥ ساڵی رابردوو یەکێك بووە لە ریزبەندی دەوڵەتە گەندەڵ و شکستخواردووەکان لە پۆلێنکردنی دامەزراوەی شەفافییەتی نێودەوڵەتیدا.

٣. بە درێژایی ١٠-١٥ ساڵی رابردوو، پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا سەقامگیری بە خۆیەوە نەبینیوە، لە بەر ئەوەی حکومەتە یەك لە دوا یەکەکانی عێراق هەرگیز هەوڵیان نەداوە کێشەکان چارەسەر بکەن، بەڵکو هەوڵیانداوە کێشەی دیکە دروست بکەن، بۆ ئەوەی کێشە چارەسەرنەکراوەکان بشارنەوە.

٤. بە درێژایی ١٠-١٥ ساڵی رابردوو بەشی هەرە زۆری هێزە سیاسییەکانی عەرەبی (شیعە و سوننە) هەوڵیانداوە لەسەر رەوتی رەگەزپەرستی دژی خەڵکی کوردستان سیاسەت بکەن و دەنگ بۆ خۆیان کۆبکەنەوە، تەنانەت ئەمجارەش دوای پێکهێنانی کابینەکەی د.عادل عەبدولمەهدی لە تشرینی یەکەمی ٢٠١٨ هەتا تشرینی یەکەمی ٢٠١٩ هەموو هەوڵیان بۆ ئەوە بوو کە کێشە لە نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق دروست بکەن و پرۆسە سیاسییەکە تێك بدەن و حکومەتەکەی عەبدولمەهدی بڕووخێنن، بەڵام سیاسەتی لۆژیکانەی سەرۆك بارزانی و هاوپەیمانیی فەتح لە حکومەتی عێراقدا ئەو هەوڵانەی مایەپووچ کرد، بۆیە لەسەر لابردنی ساعدی لە پۆستەکەی بارودۆخەکەیان تەقاندەوە.

ئەم بارودۆخە سیاسییەی عێراق کە تیایدا هێزە سیاسییەکان، زۆنگاوێکی سیاسییان دروست کردووە بۆ ئەوەی ئامانجە سیاسییەکانی خۆیانی تێدا بهێننەدی، تەواوی گەلانی عێراقی (بە کورد و شیعە و سوننە و پێکهاتەکانی دیکەوە) کردۆتە کۆیلەی ئامانجەکانی حزب و لە هەموو خزمەتگوزارییەکی سەرەکی و ژیانێکی خۆشگوزەران بێبەشیان کردوون، بەڵام لە بەرامبەریشدا گەلانی عێراق بەرامبەر تەواوی ئەو هێزە سیاسییانە بێ وەڵام نەبوون و لە هەڵبژاردنەکانی ئایاری ٢٠١٩ بە شێوەیەك بایکۆتی هەڵبژاردنەکانیان کرد، کە نیشانەی پرسیار کەوتە سەر شەرعییەتی تەواوی پرۆسەکە، بۆیە لایەنە شیعەکان بەتایبەتی هاوپەیمانیی سائیرون بە سەرۆکایەتی موقتەدا سەدر و هاوپەیمانیی فەتح بە سەرۆکایەتی هادی عامری سەرەنجام گەیشتە ئەو قەناعەتەی کە دەبێت دەستبەرداری گەورەترین فراکسیۆن بن و کەسێك کاندید بکەن بۆ پۆستی سەرۆك وەزیران کە سەر بە هیچ کام لەو لایەنە سیاسییانە نەبێت کە خاوەنی فراکسیۆنی گەورەیە لە پەرماندا، لەسەر ئەم بنەمایە حەیدەر عەبادی بۆ خولی دووەمی سەرۆکایەتی وەزیرانی حکومەتی عێراق دروورخرایەوە و د.عادل عەبدولمەهدی وەك کاندیدی پێکەوە سازان کرایە سەرۆك وەزیرانی عێراق.

خوێندنەوەی واقیعییانە بۆ ئەو بارودۆخەی پرۆسەی سیاسیی عێراقی لە ٢٠٠٣- تا ئێستا پێدا تێپەڕیوە، ئەوە دەسەلمێنێت، کە پرۆسەی حوکمڕانی لە عێراقدا بە شێوەیەکی زۆر خراپ بەڕێوە براوە و هاووڵاتیان لە هەموو خزمەتگوزارییەك بێبەش بوون، بەڵام لەگەڵ دەستپێکردنی وتووێژەکان بۆ دروستکردنی هاوپەیمانی و بەشداربوون لەم حکومەتەدا، لایەنی کوردستانی بە سەرۆکایەتیی سەرۆك بارزانی پێداگری ئەوەی کرد کە لایەنی کوردستانی بەگشتی و پارتی دیموکراتی کوردستان بەتایبەتی دوای خوێندنەوەی بەرنامەی حکومەتەکە بڕیار دەدات، تێیدا بەشداری دەکات، یان نە، هەر بۆیە دوای ئەوەی کابینەکەی د.عادل عەبدولمەهدی دەست بەکار بوو، سەرۆك بارزانی بە شەخسی سەردانی بەغدای کردو لەوێش بە هەموو لایەکی راگەیاند کە هەست دەکرێت نییەتێکی

■ به درێژایی ١٠-١٥ ساڵی رابردوو بەشی هەرە زۆری هێزە سیاسییەکانی عەرەبی (شیعە و سوننە) هەوڵیانداوە لەسەر رەوتی رەگەزپەرستی دژی خەڵکی کوردستان سیاسەت بکەن و دەنگ بۆ خۆیان کۆبکەنەوە

■ سەرکردە سیاسییەکانی عێراق بەگشتی و سەرکردەی لایەنە شیعەکان کە لە دەسەڵاتدا بوون، لە ماوەی ئەم ١٥ ساڵەی رابردوو، عێراقیان لەناو گەندەڵیدا نوقم کردووە و دامەزراوەکانیان بۆ بەرژەوەندیی خۆیان و حزبەکانیان بەکار هێناوە

■ عێراق لە هەموو روویەکەوە لە ماوەی ١٠-١٥ ساڵی رابردوو یەکێک بووە لە ریزبەندی دەوڵەتە گەندەڵ و شکستخواردووەکان لە پۆلێنکردنی دامەزراوەی شەفافییەتی نێودەوڵەتیدا

■ بە درێژایی ١٠-١٥ ساڵی رابردوو، پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا سەقامگیری بە خۆیەوە نەبینیوە، لە بەر ئەوەی حکومەتە یەک لە دوا یەکەکانی عێراق هەرگیز هەوڵیان نەداوە کێشەکان چارەسەر بکەن، بەڵکو هەوڵیانداوە کێشەی دیکە دروست بکەن، بۆ ئەوەی کێشە چارەسەرنەکراوەکان بشارنەوە

■ هەر لەسەرەتاوە هەوڵیاندا رێککەوتنی هەرێم و بەغدا لەسەر یاسای بودجە بکەنە کارتێکی گوشار لەسەر حکومەتەکەی عەبدولمەهدی و شەقامی عێراقی لە دژی حکومەت بورووژێنن

■ لەدوای سەپاندنی قۆناخی دووەمی سزاکان لەلایەن ئەمریکاوە لەسەر ئێران، زۆر هەوڵیاندا عێراق بکەنە بەشێک لەو کێشەیە، بەڵام حکومەتی ئێستای عێراق توانی لەنێوان ئەو دوو ئاگرەدا خۆی بپارێزێت

**ئەمریكا ڕۆڵێکی گەورەی لە عێراقدا هەیە و تێکچوونی پەیوەندییەکانی نێوان ئەمریکا و عێراق، کارەساتی ئابووری بۆ عێراق دروست دەکات**

**زەمینەیەکی لەباری ئەوتۆ لە بەغدا و پارێزگاکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق هەیە کە هەموو کاتێک لایەنە سیاسییەکان دەتوانن بە ئاسانی سواری شەپۆلی نارەزایەتییەکانی خەڵک بن و بارودۆخەکە بۆ مەرامی سیاسیی خۆیان بقۆزنەوە**

**هۆکاری سەرەکی بۆ دوورخستنەوەی عەبادی لە پۆستەکەی و تا ڕادەیەکی زۆریش لەناو پرۆسەی سیاسیدا، ئەوە بوو کە هاوپەیمانییەکەی لەگەڵ (هاوپەیمانیی نەسر) لەبەریەک هەڵوەشاندەوە و هاوپەیمانییەکانی دیکەش بۆ کاندیدی سەرۆک وەزیران قبووڵیان نەبوو**

باش بۆ چارەسەرکردنی هەموو کێشەکانی عێراق هاتۆتەئاراوە، بۆیە ئێمەش هاتووین بۆ بەغدا بۆ ئەوەی دەرفەتەکە لە دەست عێراقییەکان دەرنەچێت. لەبەرامبەردا بەشێك لەلایەنەکانی عەرەبی سوننە و شیعە کە لەم حکومەتەدا نەیانتوانی ئیرادەی خۆیان بسەپێنن، هەر لە ڕۆژی دەستبەکاربوونی کابینەکەی د. عەبدولمەهدی-یەوە هەوڵیان ئەوە بووە:

- ئاستەنگی سیاسی بۆ تەواوکردنی کابینەکەی د.عادل عەبدولمەهدی دروست بکەن و ئەم کابینیە دوای نزیکەی ٨ مانگ لە دەست بەکاربوونی ئەوجا توانی تەواوی وەزارەتەکانی پڕبکاتەوە و وەزیریان بۆ دەستنیشان بکات.
- هەر لەسەرەتاوە هەوڵیاندا ڕێککەوتنی هەرێم و بەغدا لەسەر یاسای بودجە بکەنە کارتێکی گوشار لەسەر حکومەتەکەی عەبدولمەهدی و شەقامی عێراقی لە دژی حکومەت بورووژێنن.
- لەسەرەتاوە مۆڵەتی شەش مانگیان بۆ حکومەتەکەی عەبدولمەهدی دانا و ئەگەر لە ماوەی شەش مانگدا نەتوانێت خزمەتگوزارییەکان بۆ هاووڵاتیان دابین بکات، ئەوا هاوپەیمانی دروست دەکەن بۆ ئەوەی حکومەتەکە بڕووخێنن، ئەوە بوو لە ئایاری ٢٠١٩ ئەم هەوڵە دەستی پێکرد و چەندین کۆبوونەوەی جۆراوجۆر ئەنجام دران، بەڵام هاوپەیمانیی سائیرون بە سەرۆکایەتیی موقتەدا سەدر هاوکاری نەکردن و هەوڵەکەیان پووچەڵ بووەوە.
- لەدوای سەپاندنی قۆناخی دووەمی سزاکان لەلایەن ئەمریکاوە لەسەر ئێران، زۆر هەوڵیاندا عێراق بکەنە بەشێك لەو کێشەیە، بەڵام حکومەتی ئێستای عێراق توانی لەنێوان ئەو دوو ئاگرەدا خۆی بپارێزێت. ئاشکرایە ئەمریکا ڕۆڵێکی گەورەی لە عێراقدا هەیە و تێکچوونی پەیوەندییەکانی نێوان ئەمریکا و عێراق، کارەساتی ئابووری بۆ عێراق دروست دەکات، لە هەمان کاتدا ئێرانیش نفووزێکی گەورەی لە ناو عێراقدا هەیە و دوژمنایەتیی ئێرانیش پاشاگەردانیی سیاسی لە عێراقدا دروست دەکات، هەر بۆیە حکومەتی ئێستای عێراق زۆر بە زیرەکانە هاوکێشەکەی خۆێندبووەوە و توانیبووی هاوسەنگی لە نێوان ئەمریکا و ئێراندا رابگرێت.

**● ئایندەی پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا ڕەوت و ئاراستەی خۆپیشاندانەکان بەرەو کوێ دەچێت؟**

لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٩، لایەنە سیاسییەکانی دژی حکومەتی ئێستای عێراق، گرەویان لەسەر مانگە گەرمەکانی هاوین و خۆپیشاندانەکانی بەسرە و پارێزگاکانی باشووری عێراق دەکرد، تەلەفزیۆنە عێراقییەکان دەیانگوت، ئەو هێزە سیاسییانە لە ئێستادا خۆیان بۆ ( ئۆلۆمپیادی خۆپیشاندانەکانی هاوین) ئامادە دەکەن. بەڵام حکومەتی عێراق توانی تا ڕاددەیەك پێداویستییە بەپەلەکانی وەك (ئاو و کارەبا) بۆ ئەو شارانە دابین بکات و نەهێڵێت ئەو لایەنە سیاسییانە بازرگانیی سیاسی بە نەهامەتییەکانی خەڵکەوە بکەن، ئەمەش لەبەر ئەوەیە زەمینەیەکی لەباری ئەوتۆ لە بەغدا و پارێزگاکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق هەیە کە هەموو کاتێك لایەنە سیاسییەکان دەتوانن بە ئاسانی سواری شەپۆلی نارەزایەتییەکانی خەڵك بن و بارودۆخەکە بۆ مەرامی سیاسیی خۆیان بقۆزنەوە.

لەم چوارچێوەیەدا هەوڵدان بۆ وروژاندنی هەست و سۆزی هاووڵاتیان و هاندانیان بۆ ڕژانە سەر شەقامەکان کارێکی قورس نییە بۆ ئەو لایەنە سیاسییانەی دەیانەوێت بە ڕێگەی بەکارهێنانی نەهامەتییەکانی خەڵك مەرامەکانی خۆیان جێبەجێ بکەن، لەم ڕاستەدا هەموو هێزێکی سیاسی لە عێراقدا (ئەوجا قەوارەی گەورە بێت، یان بچووك) دەتوانێت بارودۆخی شەقامی سیاسی عێراق بقۆزێتەوە، هەروەك چۆن لە هاوینی ٢٠١٨ و لەمیانەی خۆپیشاندانەکانی بەسرا و پارێزگاکانی باشووری عێراق بارودۆخەکە بە ئاستێك شێوێندرا کە دەرهاویشتەی خراپی لێ کەوتەوە و سەرەنجامیش بە دوورخستنەوەی عەبادی لە کاندیدکردنی بۆ خولی دووەمی سەرۆکایەتیی وەزیران کۆتایی هات.

پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە: ئایا خۆپیشاندانەکانی ئەمجارە بە هەمان شێوەی عەبادی کۆتایی بە د.عادل عەبدولمەهدی-یش دەهێنێت؟ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە پێویستی بەوە هەیە، بگەڕێینەوە بۆ ئەو هۆکارانەی کە وایکرد عەبادی شکست بهێنێت، بەڵام هەتا ئێستا ئەو هۆکارانە بۆ عەبدولمەهدی دروست نەبووە، هەر بۆ نموونە هۆکاری سەرەکی بۆ دوورخستنەوەی عەبادی لە پۆستەکەی و تا ڕاددەیەکی زۆریش لەناو پرۆسەی سیاسیدا، ئەوە بوو کە هاوپەیمانییەکەی لەگەڵ (هاوپەیمانیی نەسر) لەبەریەك هەڵوەشاندەوە و هاوپەیمانییەکانی دیکەش بۆ کاندیدی سەرۆك وەزیران قبووڵیان نەبوو، بەڵام ئەو هاوپەیمانییەی کە د.عادل عەبدولمەهدی کردووە بە سەرۆك وەزیران هەتا ئێستاش هاوپەیمانییەکی یەکگرتووە و بەهێزترین فراکسیۆنە لەناو پەرلەمانی عێراقدا و دەتوانێت نیسابی دانیشتنەکانی پەرلەمان پەك بخات، بۆیە لەم چوارچێوەیەدا هەتا ئێستاش ئەوە بەدوور دەزانرێت کە هێزە سیاسییەکانی عێراق بتوانن بە ئاسانی هاوپەیمانییەکی ئەوتۆ لەناو پەرلەمان دروست بکەن، کە عەبدولمەهدی ناچار بکەن دەست لەکار بکێشێتەوە.

لایەنێکی دیکە کە زۆر هەڵوەستەی لەسەر دەکرێت، دەستێوەردانی دەرەکییە، لەمەشدا بە زۆری ئاماژە بە ڕۆڵی ( ئێران و ئەمریکا) دەکرێت، دیارە سەبارەت بەم لایەنە بۆچوونی جۆراوجۆر هەیە، هەندێك حکومەتەکەی عەبدولمەهدی بە هاوبەشی ئێران و هەندێکی دیکەش بە هاوپەیمانی ئەمریکای دەزانن، بەڵام ئەوەی پسپۆڕان و دیپلۆمات و توێژەرەکان شرۆڤە بۆ پێگەی حکومەتی ئێستای عێراق دەکەن، جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە ئەم حکومەتە لەیەك کاتدا هاوپەیمانی (ئەمریکا و ئێرانە) و ئەمەشی نەشاردۆتەوە و بە ئاشکرا مامەڵە لەگەڵ هەردووکیان دەکات، بەڵام خاڵی گرنگ کە ئەمریکا و ئێران لە سیاسەتیان بەرامبەر بە عێراق پێکەوە کۆدەکاتەوە، ئەوەیە کە مانەوەی ئەم حکومەتە لە یەك کاتدا لە بەرژەوەندیی سیاسەتەکانی ئەمریکا و ئێرانیشدایە، سەبارەت بەم لایەنە ڕۆبەرت فۆرد کە ماوەی چوار ساڵ لە باڵیۆزخانەی ئەمریکا کاری کردووە و یەك دوو ساڵیش باڵیۆزی ئەمریکا بووە بۆ کاروباری سووریا، ڕۆژی ٣٠ی ئەیوولی ٢٠١٩ بە هاوبەشی لەگەڵ توێژەر ( ڕەندە سەلیم) وتارێکی لە گۆڤاری فۆرین ئەفێرز بە ناونیشانی (گەمە درێژخایەنەکە لە عێراقدا) بڵاوکردۆتەوە و جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، چۆن ئێران گەمەیەکی درێژخایەن لە عێراقدا دەکات و پشتگیریی ئەم حکومەتەی ئێستای عێراق دەکات، بە هەمان شێوە دەبێت ئەمریکاش فێری ئەو گەمەیەی ئێران بێت و پشتگیری حکومەتەکەی د.عادل عەبدولمەهدی بکات.

دیارە ئەم خوێندنەوەیە بۆ پێگەی سیاسیی ئێستای حکومەتی عێراق، کەم تا زۆر پیاهەڵدان، یان تانووت لێدان لەو حکومەتە نییە، بەڵکو ئەمە خوێندنەوەی ئەو واقیعە سیاسییەیە کە ئێستا ئەم حکومەتەی تێدا بەڕێوەدەچێت، هەموو لایەك گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی بۆ ئەوەی پاشاگەردانی سیاسیی لە عێراقدا دروست نەبێت و بەرژەوەندییەکانی هەموو لایەك پارێزراو بێت، ئەوا مانەوەی ئەم حکومەتە لە بەرژەوەندیی هەموو لایەکدایە، بۆیە ئەمەش خاڵێکی دیکەی بەهێزە بۆ پێگەی عەبدولمەهدی و حکومەتەکەی بە بەراورد لەگەڵ عەبادی و حکومەتەکەیدا.

ئەو هەنگاوانەی ئێستا حکومەتی عێراق گرتوویەتەبەر بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ خۆپیشاندانەکانی ئەمجارە وێڕای ئەوەی هەتا ئێستا عێراق خۆپیشاندانی وا گەورە و خوێناوی بە خۆیەوە نەبینیوە، ئەوەیە کە دروشمی سەرەکیی خۆپیشاندانەکە (دابەزیوم مافی خۆم وەربگرم) بگێڕێتەوە شوێنێ کە وەڵامدانەوەیەکی ئیجابییانەی بۆ نارەزایەتییەکانی خەڵك هەبێت، بۆ ئەوەی ئەو دەستێوەردانەی لێ جیابکاتەوە کە هەندێك لایەنی سیاسی دەیانەوێت بەو ڕێگایە مەرامی خۆیان بگەیێننە جێ.

وەڵامدانەوەی د.عادل عەبدولمەهدی لە پەیامەکەی بەرەبەیانیی ڕۆژی هەینی ڕابردوو و پێشوازیکردنی سەرۆکی پەرلەمان لە نوێنەری خۆپیشاندەرەکان، بە تەنیا هەوڵێك نییە بۆ هێورکردنەوەی خۆپیشاندانەکان، بەڵکو هەوڵێکە بۆ جیاکردنەوەی داوای ڕەوای خەڵك و ئەو مەرامە سیاسییانەی کە دەیانەوێت ئەو داوا ڕەوایانە بەکار بهێنن.

لە ئێستادا هەڵوێستی فراکسیۆنەکان بە هەڵپەساردنی ئەندامێتییان لە پەرلەمان، ئەو بوارەیان لەو لایەنە گرتووە کە لەناو پەرلەماندا ئەم داوا ڕەوایانەی خەڵك بە سیاسی بکەن، بۆیە مەزندەکان بەرەو ئەو ئاراستەیە دەچن کە ئەم خۆپیشاندانانە بە هاوشێوەی خۆپیشاندانەکانی ئایاری ١٩٦٨ی فەرەنسا کە لە بنەڕەتدا ئامانج لە خۆپیشاندنەکە سووتاندنی فەرەنسا بوو، نەك مافی خەڵك و سەرەنجامیش بووە سەرەتای وەرچەرخان و ڕیفۆرمێکی گەورە لە فەرەنسادا، بە هەمان شێوە پێشبینی ئەوە دەکرێت خۆپیشاندانەکانی ئەمجارەی عێراقیش ببێتە سەرەتای وەرچەرخان و ڕیفۆرمێکی ڕیشەیی گەورە لە عێراقدا .

**ئەو هاوپەیمانییەی کە د.عادل عەبدولمەهدی کردووە بە سەرۆک وەزیران هەتا ئێستاش هاوپەیمانییەکی یەکگرتووە و بەهێزترین فراکسیۆنە لەناو پەرلەمانی عێراقدا و دەتوانێت نیسابی دانیشتنەکانی پەرلەمان پەک بخات**

**خاڵی گرنگ کە ئەمریکا و ئێران لە سیاسەتیان بەرامبەر بە عێراق پێکەوە کۆدەکاتەوە، ئەوەیە کە مانەوەی ئەم حکومەتە لە یەک کاتدا لە بەرژەوەندیی سیاسەتەکانی ئەمریکا و ئێرانیشدایە**

**هەموو لایەک گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی بۆ ئەوەی پاشاگەردانی سیاسیی لە عێراقدا دروست نەبێت و بەرژەوەندییەکانی هەموو لایەک پارێزراو بێت، ئەوا مانەوەی ئەم حکومەتە لە بەرژەوەندیی هەموو لایەکدایە**




# گەمەیەکی درێژخایەن لە عێراقدا

## پێویستە ئەمریکاش بە هاوشێوەی ئێران فێری گەمەی درێژخایەن بێت لە عێراقدا



نووسینی: ڕۆبەرت فۆرد* و ڕەندە سەلیم**

هەفتەیەك پێش هاتنی مانگی تشرینی یەکەم ڕۆکێتێك لەو شوێنەی پێیان دەگوت «ناوچەی سەوز» کەوتە خوارەوە، کە یەکێکە لە گەڕەکە هەرە پارێزراوەکانی ڕۆژهەڵاتی بەغدا و باڵوێزخانەی ئەمریکاش هەر لەو ناوچەیەیە و لەمانگی ئایاری ئەمساڵەوە ئەمە دووەمین جارە کە ڕۆکێتێکی لە نزیك گەورەترین بینایەی کۆمەڵگەی ئەمریکی لە ناوچەی سەوز تەقییەوە. ئەمجارەش وەك جارەکەی دیکە، ئیدارەی ترەمپ وا مەزندە دەکات کە ئەم کارە دەستی ئەو میلیشیا شیعانەی عێراقە کە پەیوەندییەکی پتەویان لەگەڵ ئێراندا هەیە. دەمێکە واشنتۆن داوا لە حکومەتی عێراق دەکات، گوشاری زیاتر بخاتە سەر ئەو میلیشیایانە و پەیوەندییان لەگەڵ تاران بپچڕێت. پێدەچێت کاردانەوەی ئەمجارەی ئەمریکاش لەسەر هێرشەکەی ئەم دواییە دووپاتکردنەوەی پەیامەکانی ڕابردووی بێت و گوشار بخاتە سەر بەغدا.

دیارە ئەم ئاراستەیەی واشنتۆن لۆژیکانە نییە، لەبەر ئەوەی ئەم حکومەتەی ئێستای بەغدا بە شێوەیەکی زۆرباش لەگەڵ واشنتۆن هاتۆتە پێشەوە، بەڵام ئەگەر تاران بکاتە دوژمنی خۆی، ئەوا خودی ئەو حکومەتە نامێنێت. دوایین شت کە ئەم حکومەتە دەیەوێت بیکات، ئەوەیە کە لەنێوان ئاگری هەردوولادا بە سەلامەتی بمێنێتەوە، هەربۆیە باشترین بژارە ئەوەیە کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەبێت ئەوە بزانێت ئەگەر هەوڵەکانی بۆ ئەوە بێت، ئێران پۆستەری لە عێراقدا بسڕێتەوە، ئەوا سەرکەوتوو نابێت، لەمەش خراپتر دەبێت واشنتۆن ئەوەش بزانیت کە خۆی حکومەتێکی دۆست لە بەغدا لاواز دەکات و زەمینە خۆش دەکات بۆ یەکێکی دی، کە زۆر کەم ئامادەیی بۆ هاوکاری هەبێت.

مێژوویەکی زۆر دوور نییە، کە وەکیلەکانی ئێران لە عێراقدا بوونە هاوبەشی ئەمریکا لە شەڕی دژی داعشدا، هێزی ئاسمانی و هێزە تایبەتەکانی ئەمریکا بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ و بە ڕێگەی هێزەکانی سوپا هەماهەنگییان لەگەڵ میلیشیا چەکدارەکان دروست کرد، ئەم هەماهەنگییە ناڕاستەوخۆیە لەبەر ئەوە بوو، ئەمریکا بەدوای ڕێگەیەکی دیکەدا دەگەڕا و نەیدەویست ڕاستەوخۆ هەماهەنگی ئەو هێزانە بێت کە لە یەمەن و سووریا خزمەتی دۆسێی ئێران دەکەن دژ بە

**ئەم حکومەتەی ئێستای بەغدا بە شێوەیەکی زۆرباش لەگەڵ واشنتۆن هاتۆتە پێشەوە، بەڵام ئەگەر تاران بکاتە دوژمنی خۆی، ئەوا خودی ئەو حکومەتە نامێنێت**

**ئەمریکا و ئێران لە ئێستادا خۆیان ئامادە دەکەن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کێشەکانیان، بۆیە سەرکردە عێراقییەکان ترسێکی تایبەتیان هەیە کە لەم کێشەیەوە بگلێن**

بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا، بەڵام لە عێراقدا و لە دژی داعش ئەو هەماهەنگییە تا رادەیەکی زۆر لە جێگەی خۆیدا بوو، ئێستا ئەم هەماهەنگییە ناڕاستەوخۆیە کۆتایی هاتووە و، ئەو میلیشیا شیعانەشی لینکیان لەگەڵ ئێران هەیە، دەیانەوێت ئەو هێزانەی ئەمریکا لە عێراق ماونەتەوە، ئەو وڵاتە بەجێبهێڵن.

ئەمڕۆ لە عێراقدا چەندین میلیشیای شیعە بێجگە لەو میلیشیانەشی لەژێر دەستی سوننەن، ئۆپەراسیۆن دەکەن، هەمووشیان بودجەی سەرەکی لە حکومەتی ناوەندی وەردەگرن، بەبێ ئەوەی بە تەواوی لە ژێر کۆنترۆڵی حکومەتی ناوەندیدا بن. بەشێك لەم میلیشیایانە گرووپی قاچاخچێتییان پێکهێناوە بە ڕێگەی ئەو خاڵی پشکنینانەی کە خۆیان دایانناوە، بە ئاسانی هاتوچۆ دەکەن. هەر بۆیە بێجگە لە هێرشە رۆکێتییەکانیان، کاریگەرییە بەردەوامەکانی ئەو رەفتارانەیان هەواڵێکی خراپە.

کاتێك لە سەرەتای مانگی ئەیلوول سەردانی عێراقمان کرد، ئەوانەی کە قسەمان لەگەڵ دەکردن (پسپۆڕان و بەرپرسان)، بەشێکیان ئەوانە بوون کە چەندین ساڵ بوو، ئێمە دەماننناسین، ئەوان زۆر بە لۆژیکی پێیان وابوو مەزندە ناکەن، زۆر بە زوویی ئەو میلیشیایانە بخرێنە ژێر رکێفی حکومەتی عێراقەوە. د.عادل عەبدولمەهدی سەرۆك وەزیرانی عێراق کە لە تشرینی یەکەمی ٢٠١٨ ئەو پۆستەی وەرگرتووە، پشتی بە حزبە سیاسییەکانی شیعە و باڵە سیاسییەکانی ئەو میلیشیایانە بەستووە، بۆ ئەوەی پارێزگاری لە زۆرینە پەرلەمانییەکەی بکات، هەر بۆیە سەرەنجام کاریگەریی کەمی لەسەریان دەبێت. ئەو فەرمانی کردووە کە ئەو میلیشیانە لە بزنێسی گەندەڵی دوور بکەونەوە، بەڵام هیچ ئاکامێکی نەبووە، لەمەش چەندین جار پێیان گوتین، هیچ کەسایەتییەکی سیاسیی عێراق لە بەرامبەر هەڕەشەکانی ئێراندا پارێزراو نابێت. هەر لەبەر ئەمەش سەرکردەکانی عێراق زۆر پێیان خۆش نییە کە ئەمریکا موحازەرەیان دەدەنێ، سەبارەت بە هەڕەشەی میلیشیا پرۆ ئێرانییەکان لە عێراقدا، بەتایبەتی کە ئەم لێدوانانەی ئەمریکا زۆر جار گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە. یەکێك لە وەزیرە گەورەکانی عێراق گلەیی ئەوەی دەکرد کە بەردەوام ئەمریکا پرسەکان تێکەڵ و پێکەڵ دەکات، تەنیا ساڵێك پێش ئێستا هەماهەنگی لەگەڵ سەرکردەی میلیشیاکان هەبوو دژی داعش، لە هەمان کاتیشدا بڕیاریان داوە هەر ئەو میلیشیایانە مەترسییەکی گەورەن لە داهاتوودا. بەرپرسێکی باڵای دیکە کە دۆستی ئەمریکا بوو، ئەویش لەسەر ئەو بۆچوونە هاوڕا بوو و پێی گوتین: ئەوە شتێکی ماقووڵ نییە کە داوا لە حکومەتی ئێستای عێراق بکرێ، بە کتوپڕی گۆڕانکاریی گەورە بکات و هەنگاوی گەورە بەرەو ئەمریکا هەڵبگرێت، ئەمە لە کاتێکدا ئەم حکومەتە زۆرینەیەکی لەرزۆکی لە پەرلەمانی عێراقدا هەیە.

ئەمریکا و ئێران لە ئێستادا خۆیان ئامادە دەکەن بۆ رووبەڕووبوونەوەی کێشەکانیان، بۆیە سەرکردە عێراقییەکان ترسێکی تایبەتیان هەیە کە لەم کێشەیەوە بگلێن. لە ناوەڕاستی مانگی ئەیلوول دوای ئەوەی بە فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان هێرش کرایە سەر دامەزراوە پەترۆڵییەکانی (ئارامکۆ)ی سعودیە، میلیشیاکانی شیعە دەستیان بە جووڵە کرد، دژی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە حاڵەتی رووبەڕووبوونەوەی ئێران و ئەمریکادا، بەمەش ترس و دڵەڕاوکێی ئەوە دروست بوو، کە عێراق ببیتە گۆڕەپانی شەڕی بەوەکالەتی لایەنە پێکناکۆکەکان. هەر چەند رۆژێك دوای هێرشەکەی سەر ئارامکۆ، قاسمی سولەیمان کە فەرماندەی ئۆپراسیۆنە دەرەکییەکانی سوپای پاسدارانی ئێرانە، زۆر بە هێمنی سەردانی بەغدای کرد، بە دڵنیاییشەوە وەك ئەوانەی قسەمان لەگەڵ کردن تێبینییان کردبوو، سەردانەکەی سولەیمانی لەو کاتەدا بە سودفە نەبووە، بەڵام یەکێك لە بەرپرسە عێراقییەکان کە پەیوەندیی باشی لەگەڵ میلیشیاکان هەیە، پێی گوتین، ئەگەر ئەمریکا هێرشێکی سنووردار دژی ئێران ئەنجام بدات، لەوانەیە میلیشیاکان کاردانەوەیان نەبێت.

بۆ واشنتۆن، دڵنیایی ناگاتە ئەو ئاستە گەورەیە، هەتا حکومەتی عێراق پاپەند نەبێت بە کۆنترۆڵکردنی میلیشیاکان و کەمکردنەوەی نفووزی ئێران لە عێراقدا، لەوانەیە واشنتۆن هەندێك رێوشوێنی ئابووری و سەربازی دیاری بکات بۆ ئەوەی حکومەتی عێراق بیگرێتەبەر، بەڵام ئەم ئاراستەیە ناواقیعییە و زەحمەتە لە ئێستادا سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، لەبەر ئەوەی زۆربەی عێراقییەکان پێش هەر شتێکی دیکە داوای خزمەتگوزاریی سەرەکی دەکەن، ئێستا وایان

**زۆربەی عێراقییەکان پێش هەر شتێکی دیکە داوای خزمەتگوزاریی سەرەکی دەکەن، ئێستا وایان لێهاتووە زۆر دژی سیاسەتمەدارە گەندەڵەکانن بە سەرکردەی میلیشیاکانیشەوە**

**ئەگەر واشنتۆن گوشار لەسەر بەغدا توند بکات، ئەوا میلیشیاکان دەتوانن حکومەتەکەی عەبدولمەهدی بڕووخێنن. لەم حاڵەتەشدا عێراق دەگەڕێتەوە بۆ قۆناخێکی دوور و درێژی پاشەگەردانیی سیاسی**

**باشترین گرەو بۆ ئەمریکا ئەوەیە شانبەشانی حکومەتی عێراق رابوەستێت کە هەوڵدەدات کێشە ناوخۆییەکان چارەسەر بکات، ئەو کێشانەی کە دەوڵەتی عێراقیان لە هەمبەر دەستێوەردانی دەرەکی فشۆڵ و لەرزۆک کردووە**





لێهاتووە زۆر دژی سیاسەتمەدارە گەندەڵەکانن بە سەرکردەی میلیشیاکانیشەوە، بۆیە دەبێت واشنتۆن لە رەفتاری شکستخواردوو دوور بکەوێتەوە، چونکە لەوانەیە هەنگاوە هەڵەکان وابکات، ئەو توورەییەی ئێستای عێراقییەکان رووبکاتە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

ئەمریکا هەتا ئێستا ئەرکی سەربازیی لە عێراقدا ماوە، جەخت دەکاتەوە لەسەر پێشکەشکردنی مەشق و پشتگیریی هەواڵگری بۆ هێزەکانی عێراق بۆ شەڕکردن لەسەر پاشماوەی تیرۆریستانی داعش، هەتا ئێستاش، زۆرینەی پەرلەمانی عێراق پشتگیریی ئەم رێوشوێنانەیان کردووە، بەڵام ئێران لەوانەیە بتوانێت هێندێك لە پەرلەمانتارەکانی عێراق وا لێ بکات کە بتوانن داوا لە حکومەت بکەن، بۆ ئەوەی ئەمریکا عێراق بەجێبهێڵێت. بێجگە لەمەش ئەگەر واشنتۆن گوشار لەسەر بەغدا توند بکات، ئەوا میلیشیاکان دەتوانن حکومەتەکەی عەبدولمەهدی بڕووخێنن. لەم حاڵەتەشدا عێراق دەگەڕێتەوە بۆ قۆناخێکی دوور و درێژی پاشەگەردانیی سیاسی. بەمەش حکومەتی عێراق بە زەلیلی بەجێدەهێڵن و ناتوانن هیچ هەنگاوێك دژ بە میلیشیاکان هەڵبگرن، لەمەش خراپتر لەوانەیە رازی بن لەسەر سەرۆك وەزیرانێکی نوێ کە تا ئەوپەڕی ئەنتی ئەمریکی بێت. هیچ کام لەم ئاکامانە بۆ بەرژەوەندییەکانی لە دەوڵەتێکی میحوەریی گرنگ بەرامبەر بە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست باش نابن.

بۆ حاڵی حاز باشترین گرەو بۆ ئەمریکا ئەوەیە شانبەشانی حکومەتی عێراق رابوەستێت کە هەوڵدەدات کێشە ناوخۆییەکان چارەسەر بکات، ئەو کێشانەی کە دەوڵەتی عێراقیان لە هەمبەر دەستێوەردانی دەرەکی فشۆڵ و لەرزۆك کردووە، حکومەتی ئێستای عێراق کۆمەڵێك راسپاردەی دارشتووە سەبارەت بە چۆنیەتی ئەوەی حکومەت و میلیشیاکان بەرامبەر کێشە هەرێمییەکان مامەڵە بکەن. هەر بۆ نموونە حکومەتی عێراق رایگەیاندووە هیچ کەسێك مافی ئەوەی نییە هێرش بکاتە سەر هیچ هێزێکی بیانی لە عێراقدا بە ناوی حکومەتی عێراقەوە. ئەم لێدوانە ژمارەیەك لەو سەرکردانەی میلیشیاکانیش ئیمزایان لەسەر کردووە کە بە پرۆ ئێرانی ناسراون، بەڵام زۆر توندڕەوەکان، لە ناویاندا گەورە سەرکردەی میلیشیاکان ئەبو مەهدی موهەندیس، رەتیکردۆتەوە کە بەو بڕیارەوە پابەند بێت. بۆیە حکومەت لە ئێستادا دەتوانێت دەست بکات بە دوورخستنەوەی ئەو توندڕۆیانە لە رووی سیاسییەوە، لەگەڵ ئەوەی ئەنجامدانی ئەم کارە کێشەکە چارەسەر ناکات، بەڵام یەکەمین هەنگاوی زۆر باشە.

ئەوجا لەبەر ئەوەی عێراقییەکان دەیانەوێت مەشق و یارمەتی بۆ شەڕەکەیان لەدژی داعش لە ئەمریکا وەربگرن، ئەوا دەبێت ئەمریکا ئەوەیان بۆ دابین بکات، ئەمەش لەبەر ئەوەیە حکومەتێکی ناوەندیی لاواز لە عێراقدا ناتوانێت پشتگیری سەقامگیریی ئیقلیمی بێت، هەروەها دەبێتە ئاستەنگ بۆ شەڕی هەڵکەندنی دواپێگەی داعش لە ناوچەکەدا. لە هەمانکاتدا کاریگەریی نفووزی ئێران بە ڕێگەی میلیشیاکان و دەستێوەرادانی بەردەوامی لە سیاسەتی عێراقیدا، ئەو هەوڵانە لەبار دەبات کە سیاسییە عێراقیەکان هەوڵدەدەن دەوڵەتێکی بەهێز دابمەزرێنن. هەر بۆیە پشتگیریی ئاشکرا و فەرمیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ حکومەتی ناوەندی بەغدا، لەگەڵیشدا سەردانی بەردەوامی بەرپرسانی باڵای مەدەنی و سەربازی، ئەوا ئەوە بە بیری عێراقییەکان دێنێتەوە کە وڵاتەکەیان بە تەواوەتی نەکەوتۆتە ژێر رەحمەتی ئێران و وەکیلەکانیەوە.

بێگومان ئێران دەزانێت چۆن گەمەی درێژخایەن لە عێراقدا بکات، ئەوجا بۆ ئەوەی ئەمریکاش سەرکەوتوو بێت، پێویستە خۆی فێری ئەو یارییە بکات.

***

* رۆبەرت فۆرد توێژەری باڵایە لە هەردوو ئامۆژگای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئامۆژگای جاکسۆن بۆ کاروباری جیهانی لە زانکۆی یەڵ، لە ماوەی ساڵانی ٢٠٠٤-٢٠٠٦ و ٢٠٠٨-٢٠١٠ لە باڵوێزخانەی ئەمریکا لە بەغدا کاری کردووە، لە ساڵانی ٢٠١١-٢٠١٤ وەك باڵوێزی ئەمریکا لە سووریا کاری کردووە.

** رەندە سەلیم بەڕێوەبەری پرۆگرامی چارەسەری کێشەکان و دیالۆگی ئاراستەی دووەمە لە ئامۆژگای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و توێژەری هاوبەشە لە ئامۆژگای سیاسەتی دەرەوە بۆ توێژینەوەی نێودەوڵەتی لە زانکۆی جونز هۆبکینز.

**کاریگەریی نفووزی ئێران بە ڕێگەی میلیشیاکان و دەستێوەرادانی بەردەوامی لە سیاسەتی عێراقیدا، ئەو هەوڵانە لەبار دەبات کە سیاسییە عێراقیەکان هەوڵدەدەن دەوڵەتێکی بەهێز دابمەزرێنن**

**پشتگیریی ئاشکرا و فەرمیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ حکومەتی ناوەندی بەغدا، لەگەڵیشدا سەردانی بەردەوامی بەرپرسانی باڵای مەدەنی و سەربازی، ئەوا ئەوە بە بیری عێراقییەکان دێنێتەوە کە وڵاتەکەیان بە تەواوەتی نەکەوتۆتە ژێر رەحمەتی ئێران و وەکیلەکانیەوە**

**حکومەتی عێراق رایگەیاندووە هیچ کەسێک مافی ئەوەی نییە هێرش بکاتە سەر هیچ هێزێکی بیانی لە عێراقدا بە ناوی حکومەتی عێراقەوە. ئەم لێدوانە ژمارەیەک لەو سەرکردانەی میلیشیاکانیش ئیمزایان لەسەر کردووە کە بە پرۆ ئێرانی ناسراون، بەڵام زۆر توندڕەوەکان، لە ناویاندا گەورە سەرکردەی میلیشیاکان ئەبو مەهدی موهەندیس، رەتیکردۆتەوە کە بەو بڕیارەوە پابەند بێت**

دیمانەی تایبەت

ئۆکێچوکۆ ئێمی
وانەبێژ لە بەشی کارگێڕی گشتی لە زانکۆی نەیجیریا بۆ گوڵان:

# لاوازیی دامەزراوەکان کێشەی جددی بۆ هەوڵەکانی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی لە نەیجیریا دروست کردووە

ئەزموونی وڵاتی نەیجیریا وەك ئەزموونێکی شکستخواردوو ئاماژەی پێ دەکرێت، چونکە سەرەڕای ئەوەی ئەو وڵاتە بەهرەمەندە لە سەروەت و سامانێکی گەورەی سرووشتی (بەتایبەتی نەوت، کە داهاتێکی زۆری بۆ وڵاتەکە دەستەبەر کردووە)، بەڵام نەیتوانیوە ئەم داهاتە بەکار بهێنێت بۆ پەرەپێدانی وڵاتەکە و خستنەگەڕی هەوڵی جددی بۆ پێشخستنی وڵاتەکە لە رووی ئابووری و دەستەبەرکردنی خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکان و خۆشگوزەرانی بۆ هاووڵاتییەکانی، لەوەش زیاتر ئەم وڵاتە بەدەست چەندین کێشەی مەترسیداری دیکەوە دەناڵێنێت، بەتایبەتی کێشەی ئەمنی، ئەمانە پرسیاری قووڵ و جددی دروست دەکەن لەبارەی هۆکارەکانی بێتوانایی ئەم وڵاتە و ناکارایی لە بەکارهێنانی ئەو سەرچاوانە بە باشترین شێوە. ئەمە لە کاتێکدا چەند وڵاتێکی دیکەی کیشوەری ئەفریقیا هەن کە توانیویانە هەنگاوی بەرچاو هەڵبگرن لەم رووەوە و وڵاتەکەیان بگەیەننە ئاستێکی گەورەی گەشەپێدان. شرۆڤەکاران و توێژەران ئاماژە بەوە دەکەن کە یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانی دۆخی ناهەمواری نەیجیریا بریتییە لە کێشەی گەندەڵی لەم وڵاتەدا کە بۆتە هۆی بەهەدەردانی داهاتی زۆری ئەم وڵاتە. ئەم پرسە بووە تەوەری گفتوگۆییەکی گوڵان لەگەڵ ئۆکێچوکۆ ئێمی کە وانەبێژە لە بەشی کارگێڕی گشتی لە زانکۆی نەیجیریا، و تایبەتمەندی بواری تیوری سیاسی، دیموکراسی و گەندەڵی و کارگێڕی گشتییە و چەندین توێژینەوەی لەم بارەیەوە ئەنجام داوە.



**کێشە لە خودی یاساکاندا هەیە و لە هەمان کاتدا دەسەڵاتی دادوەرییش لاوازە لە سەپاندنی یاساکانی پەیوەست بە بەرەنگاربوونەوە و نەهێشتنی گەندەڵییەوە**

*** زۆر باس لەوە دەکرێت کە کێشەی گەندەڵی یەکێکە لە کێشە گەورە و تەحەددییە سەرەکییەکان کە رووبەڕووی وڵاتی نەیجیریا بۆتەوە، بە چەشنێك بۆتە هۆی ئەوەی ئەو داهاتە زۆرەی بەهۆی سەرچاوە سرووشتییەکانی ئەم وڵاتە- بەتایبەتی نەوت- بەدەستهاتوون، بە هەدەر دراون، لەبری ئەوەی بەکار بهێنرێت بۆ پێشخستنی وڵاتەکە و لە پێناو خۆشگوزەرانیی خەڵکەکە، ئایا بۆچی دۆخەکە لە نەیجیریا بەم ئاستە گەیشتووە؟**

- لە راستیدا دەتوانین ئێمە بەو شێوەیە کێشەکە دەستنیشان بکەین کە بریتییە لەو یاسایانەی کە لە ئارادان و لە ئێستادا ناتوانن لە ئاستی بارودۆخەکەدا بن، چونکە یاساکان دەبێت بە پێی رەوش و هەلومەرجەکە بگونجێندرێن. ئەوەی پەیوەست بێت بە کێشەی گەندەڵی و چۆنیەتی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵییەوە، بەتایبەتی لە رووی سەپاندنی رێکارەکان و گرتنەبەری رێوشوێنەکان لە ئاست ئەو کەسانەی لە گەندەڵییەوە تێوەگلاون، ئەوا کێشەکە ئەوەیە کە یاساکان وەك پێویست نین بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم کێشەیە و لە هەمان کاتدا جددییەتێکیش بەدی ناکرێت بۆ سەپاندن و جێبەجێکردنی ئەم یاسایانە.

*** واتە بە تێڕوانینی ئێوە کێشەکە لە نەبوونی یاسای پێویست و کارادایە، ئایا بۆچی کار ناکرێت بۆ چارەسەرکردنی کەموکووڕیی ئەو یاسایانەی لە ئارادان، یان بۆچی هەوڵی دەرچوواندنی یاسای نوێ نادرێت کە بتوانێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە لە ئاستی پێویستدا بێت؟**

- لە راستیدا ئەوەی دەکرێت لەم بارەیەوە بیلێین ئەوەیە کێشەیەکی دیکە کە رووبەڕووی ئەم وڵاتە بۆتەوە، بریتییە لە رێگریکردن و





پەکخستنی هەوڵەکان لە نێو پەرلەمانی وڵاتەکەدا بۆ دەرچوواندنی یاسایەکی کارا و کاریگەر بۆ چارەسەرکردن و سنووردارکردن و کەمکردنەوەی مەودای گەندەڵی.

*** پێت وایە کێشە و تەحەددییەکە تەنیا لە نەبوونی یاسایەکی کارایە، یان سستی و جددی نەبوونە لە جێبەجێکردنی یاساکان، یان هۆکاری دیکەش هەن کە دەکرێت ئاماژەیان پێ بکرێت لەم ڕووەوە؟**

- بە تێڕوانینی من یەکێکی دیکە لە تەحەددییەکان لەوەدا بەرجەستە دەبێت کە کەسانی سەر بە پێکهاتە و گرووپێکی ئایینیی دیاریکراو ڕاستەوخۆ بەرگری لەو کەسایەتی و بەرپرسە دەکەن کە سەر بە پێکهاتەکەی خۆیانە، کاتێك ئەو بەرپرسە ڕووبەڕووی تۆمەتی تێوەگلان لە گەندەڵییەوە دەبێتەوە، واتە پێش ئەوەی ڕاستیی تۆمەت و مەسەلەکان ڕوون ببێتەوە، ئەوان هەڵوێستی بەرگریکردن دەردەبڕن. کەواتە ئەگەر مەسەلەکە پوخت بکەینەوە، ئەوا دەتوانین بڵێین کێشەکە لە خودی یاساکاندا هەیە و لە هەمان کاتدا دەسەڵاتی دادوەرییش لاوازە لە سەپاندنی یاساکانی پەیوەست بە بەرەنگاربوونەوە و نەهێشتنی گەندەڵییەوە.

*** هەندێ جار باس لەوە دەکرێت کە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ڕۆڵیان هەیە لە زەقکردنەوە و تیشکخستنەسەر کێشەکانی کۆمەڵگە بەتایبەتی کێشەی گەندەڵی کە دەتوانن لەم ڕووەوە ڕۆڵێکی بەرچاو ئەدا بکەن، ئایا لەم ڕووەوە دۆخەکە لە نەیجیریا لە چ ئاستێکدایە؟**

- دەتوانین بڵێین ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ڕۆڵێکی زۆر لاوازیان هەیە لە وروژاندن و زەقکردنەوە و کارکردن لەسەر پرسەکانی پەیوەست بە گەندەڵی و ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵییەوە. کەوابێت ئێمە کێشەمان لە خودی سیستمە دەسەڵاتدارەکەی وڵاتەکەدا هەیە و لە هەمان کاتدا ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییش نەیانتوانیوە ڕۆڵ و ئەرکی خۆیان ئەدا بکەن لەم ڕووەوە. واتە نەبوونی کۆمەڵگەیەکی مەدەنیی کارا و چالاك یەکێکی دیکەیە لە هۆکارەکانی ناکاراییی هەوڵەکانی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی.

*** ئاشکرایە کە گەندەڵی پتر پەیوەستە بە دەستبردن بۆ داهاتی گشتی و بەکارهێنانی بۆ بەرژەوەندیی شەخسی و تایبەتی، واتە هەمیشە ئەو کەسانەی لە پێگەی دەسەڵات و بەرپرسیارێتیدان دەرفەتی ئەوەیان هەیە کە لە گەندەڵییەوە تێوەبگلێن، پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی ڕێگە دەدرێت ئەم بەرپرسانە هێندە بە ئاسانی دەست بۆ کاری گەندەڵی ببەن؟**

- ئەم مەسەلەیە پەیوەستە بەوەی کاتێك بەرپرسەکان بۆ ماوەیەکی زۆر لە پێگەو دەسەڵاتەکانی خۆیاندا دەمێننەوە، ئەوا دەرفەتی ئەوەیان هەیە کە سەروەت و سامان کەڵەکە بکەن و بە هۆی ئەو سامانەی کۆیان کردۆتەوە، جارێکی دیکە دەتوانن درێژەدان بە دەسەڵاتی خۆیان دەستەبەر بکەنەوە. واتە دەسەڵات بۆ کۆکردنەوەی سامان بەکار دەهێنن و پاشان ئەو سامانەش بۆ

**ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ڕۆڵێکی زۆر لاوازیان هەیە لە وروژاندن و زەقکردنەوە و کارکردن لەسەر پرسەکانی پەیوەست بە گەندەڵی و ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵییەوە**

**کاتێک بەرپرسەکان بۆ ماوەیەکی زۆر لە پێگەو دەسەڵاتەکانی خۆیاندا دەمێننەوە، ئەوا دەرفەتی ئەوەیان هەیە کە سەروەت و سامان کەڵەکە بکەن و بە هۆی ئەو سامانەی کۆیان کردۆتەوە، جارێکی دیکە دەتوانن درێژەدان بە دەسەڵاتی خۆیان دەستەبەر بکەنەوە**





درێژەپێدانی دەسەڵاتەکەیان بەکار دەهێننەوە. لەوەش زیاتر ئەم بەرپرس و کەسایەتییانە هەوڵیانداوە — لە ڕاستیدا ئەم کارەشیان ئەنجام داوە- بۆ ئەوەی ئەو پارە و سامانەی بە هۆی گەندەڵییەوە کۆیان کردۆتەوە، ڕەوانەی چەند وڵاتێکی دیکە بکەن، کە نەتوانرێت بە دواداچوونی بۆ بکرێت و بگەڕێندرێتەوە، بە تایبەتی ئەو وڵاتانەی کە واژوویان لەسەر ڕێککەوتننامەی قەدەغەکردنی سپیکردنەوەی پارە نەکردووە.

*** زۆر جار باس لەوە دەکرێت کە خودی کێشەی گەندەڵی پەیوەستە بەوەی پێناسەیەکی دیاریکراو نییە بۆ دەستنیشانکردن و دەستخستنەسەر گەندەڵییەکان، پێت وایە لە وڵاتی نەیجیریا ئەم کێشەیە تا چ ڕادەیەك کێشەیەکی جددییە؟**

- ئەوە ڕاستە، چونکە کێشەیەکی پەیوەندیدار بەم پرسەوە بریتییە لە چۆنیەتی تێڕوانین و پێناسەکردن و دەستنیشانکردنی ئەوەی چ کارێك بە گەندەڵی دادەنرێت، بۆ نموونە لێرە دەوترێت ئەوەی قەدەغە نەکراوە، ئەوا ڕێگەپێدراوە و هەندێ جار ئەمە بە زەقترین شێوە لەوەدا بەرجەستە دەبێت کە ئەو کەسانەی دێنە نێو حکومەتەوە، بە ڕەوای دەزانن کە دەست بدەنە کۆکرکردنەوەی سەروەت و سامان.

*** بۆ چارەسەرکردنی کێشەی گەندەڵی و زۆرێك لە کێشەکانی دیکەی کۆمەڵگە و بەتایبەتی لە پێناوی هێنانەئارای حوکمڕانیی باش باس لە گرنگی و پێویستیی بەهێزکردنی دامەزراوەکان دەکرێت، واتە دامەزراوەکان بە چەشنێك بن کە سەرکردە و بەرپرسەکان نەتوانن بۆ بەرژەوەندیی خۆیان بەکاریان بهێنن، تێڕوانینی ئێوە لەم ڕووەوە چییە؟**

- لە ڕاستیدا پرسی دامەزراوەکان پرسێکی زۆر گرنگە و من پێم وایە کێشەکە لە وڵاتی نەیجیریا بەتایبەتی لە بوونی دامەزراوەی لاوازدایە و ئەمەش یەکێکە لە کێشە هەرە گەورەکان کە ئەم وڵاتە بەدەستیەوە دەناڵێنێت، بە شێوەیەکی گشتی لە وڵاتانی ئەفریقیا کێشەکە ئەوەیە کە کەسایەتیی بەهێز و دامەزراوەی لاواز هەیە، کە نابێت مەسەلەکە بەم شێوەیە بێت، ئەمە پێچەوانەی ڕەوش و حاڵەتی زۆربەی وڵاتە پێشکەوتووەکانە کە کەسایەتییەکان لاوازن، بەڵام دامەزراوەکان زۆر بەهێزن، کە بوارێکی زۆر کەمی هێشتۆتەوە بۆ پێشێلکردن و شکاندنی یاساکان، لە کاتێکدا بوونی دامەزراوەی لاواز و سەرکردەی بەهێز دەبێتە هۆی ئەوەی سەرکردەکان دامەزراوەکان بۆ سوود و بەرژەوەندیی خۆیان بەکار بهێنن. لە کاتێکدا لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکاندا ئەم دامەزراوانە بۆ ڕاگرتنی سەروەریی یاسا بەکار دەهێندرێن. مەبەستم ئەوەیە کە ئەم کێشەیە تەحەددیی گەورە و قووڵی خوڵقاندووە بۆ هەوڵ و کۆششەکانی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی لە وڵاتی نەیجیریا. بە شێوەیەکی دیکە دەتوانین بڵێین کە بەهێزکردن و پتەوکردنەوەی دامەزراوەکان یەکێکە لە ڕێگاچارەکان بۆ خستنەگەڕی هەوڵی جددی لە پەیوەندی بە پرسی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵییەوە لەم وڵاتەدا.

**بەهێزکردن و پتەوکردنەوەی دامەزراوەکان یەکێکە لە ڕێگاچارەکان بۆ خستنەگەڕی هەوڵی جددی لە پەیوەندی بە پرسی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵییەوە**

**لە وڵاتانی ئەفریقیا کێشەکە ئەوەیە کەسایەتیی بەهێز و دامەزراوەی لاواز هەیە، ئەمە پێچەوانەی دۆخی زۆربەی وڵاتە پێشکەوتووەکانە کە کەسایەتییەکان لاوازن، بەڵام دامەزراوەکان زۆر بەهێزن**

دیمانەی تایبەت

موشتاق خان

پرۆفیسۆری ئابووری لە زانکۆی لەندەن بۆ گوڵان:

# بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی پەیوەستە بەوەی چۆن پێناسەی دەکەیت و دەتەوێت لە چ چوارچێوەیەکی زەمەنیدا چارەسەری بکەیت



**پرۆفیسۆر موشتاق خان، پرۆفیسۆری ئابوورییە لە سکووڵی دیراساتی رۆژهەڵات و ئەفریقیا کە سەر بە زانکۆی لەندەنە و ئەم سکوولە تایبەتمەندە لە بواری زمان و زانستە مرۆییەکان و ئابووری و یاسا و زانستە سیاسییەکان، هەروەها بەرێوەبەری پرۆگرامی کۆکردنەوەی بەڵگەی دژ بە گەندەڵییە و یەکێك لە بیریارانی بواری بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵییە و پسپۆری بوارەکانی حوکمڕانی و پەرەپێدانی ئابوورییە. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکیدا چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێ کرد کە پەیوەست بوون بە تەحەددییەکانی هێنانەدیی گەشەی ئابووری لە وڵاتە تازەگەشەکردووەکان و رۆڵی دەوڵەت لە رێگەخۆشکردن و زەمینەسازی بۆ هێنانەئارای ئەم گەشەکردنە و تاوتوێکردنی پرسی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی.**




*** ئێوە توێژینەوەتان لە بارەی چۆنیەتی بەدیهێنانی گەشەکردنی ئابووری لە وڵاتە تازە گەشەکردووەکاندا کردووە، ئایا بە شێوەیەکی گشتی چۆن لەم مەسەلەیە دەڕوانن؟**

- ئەمە پرسیارێکی زۆر گەورەیە و پێویستی بە شیکردنەوە و لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی ئەو وڵاتەیە کە دەمانەوێت لەبارەیەوە بدوێین، چونکە ئێمە دەزانین ئاستەنگەکان جیاوازن و لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە دەگۆڕدرێن و بونیادی سیاسیی هەر وڵاتێکیش تایبەتمەندی و جیاوازیی خۆی هەیە. من توێژینەوەیەکم کردووە لە بارەی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و پرسی بەدیهێنانی گەشەکردنی ئابووری و خەڵکانی دیکەش زۆریان لەم بارەیەوە نووسیوە و لەم رووەوە مشتومڕی جۆراوجۆر دەکرێت و تێڕوانین و شیکردنەوەی جیاواز هەن کە هیچ یەکێکیان ناکرێت بە رەهایی وەربگیرێن.

*** بەڵام دەبینین هەندێ وڵات سەرکەوتوو بوون لە پەرەپێدانی ئابووریی وڵاتەکەیان و هەندێ وڵاتی دیکە دوچاری شکستی گەورە هاتوون، ئێوە چۆن ئەم جیاوازییانە لێکدەدەنەوە؟**

- راستە لەم رووەوە مشتومڕێك هەیە لەبارەی ئەوە باشترین رێگا چارە چین، بەڵام هەر وەك ئاماژەم پێکرد، دۆخی هەر وڵاتێك جیاوازە، بۆ نموونە رەوشی هەر یەکە لە وڵاتانی چین و کۆریای باشوور و تایوان و مالیزیا و تایلەند و ئەندەنوسیا لێك جیاوازن، حوکمڕانییەك کە جەخت لەسەر پەرەپێدانی گەشەپێدان بکاتەوە پرس و بابەتێکی ئاڵۆزە، من لەو توێژینەوەیەدا ئاماژە بەوە دەکەم، هەندێ کێشەی دیاریکراو هەن کە دەبێت دەوڵەت کار لەسەر چارەسەرکردنیان بکات و بوونی توانای چارەسەرکردنی کێشەکان

**بوونی توانای چارەسەرکردنی کێشەکان لەلایەن دەوڵەتەوە دەبێتە هۆی ئەوەی بتوانین بڵێین حوکمڕانییەک لەئارادایە کە جەخت لەسەر پەرەپێدان و گەشەپێدان دەکاتەوە**

لەلایەن دەوڵەتەوە دەبێتە هۆی ئەوەی بتوانین بڵێین حوکمڕانییەك لەئارادایە کە جەخت لەسەر پەرەپێدان و گەشەپێدان دەکاتەوە.

*** دیارە ئێوە باس لە جۆرە حوکمڕانییەکی دیاریکراو دەکەن، کە پەیوەست بێت بە بوونی توانایەکی دیاریکراوی دەوڵەت بۆ چارەسەرکردنی هەندێ کێشەی دیاریکراو، ئایا ئەمە جیاوازە لە چەمکی حوکمڕانیی باش؟**

- ئەم چەمکە جیاوازە لە چەمکی حوکمڕانیی باش، مشتومڕەکە ئەوەیە کە حوکمڕانیی باش لە دەرئەنجامی پەرەپێدانی سەرکەوتوو دروست دەبێت، واتە زۆر زەحمەتە بتوانیت برەو بە حوکمڕانیی باش بدەیت، کاتێك ئاستی پەرەپێدان لە وڵاتەکەدا لاواز بێت. لە کاتێکدا ئەوەی من ئاماژەی پێ دەکەم، پەیوەستە بە چارەسەرکردنی لایەنێکی دیاریکراوەوە، یان هەندێ کێشەی دیاریکراوەوە لەلایەن دەوڵەتەوە.

**زەحمەتە بتوانین وڵاتێکی تازەگەشەکردوو دەستنیشان بکەین کە توانیبێتی بە بەردەوامی گەندەڵی لە سەرجەم سێکتەرەکاندا سنووردا بکات**

*** دەکرێت روونکردنەوەی زیاتر لەسەر ئەم پرسە بدەیت؟**

- من پێم وایە ئەم پرسە گرێ دراوە بە کەرت، یان بوارێکی دیاریکراوەوە، واتە دەبێت جەخت لەسەر چارەسەرکردنی کێشەکانی کەرتێکی دیارکراو بکرێتەوە. بۆ نموونە کەرتی کارەبا، یان کەرتی تەندروستی، یان بواری پەرەپێدانی کەفائەت و کارامەییەکان و.. دەکرێت بڵێین لە هەر کەرتێکدا کێشەی گەندەڵی هەیە، کە هەندێکیان قابیلی ئەوەن چارەسەر بکرێن و لە دەرئەنجامدا برەو بە پەرەپێدان بدرێت. بەڵام پێم وانییە لە وڵاتە تازەگەشەکردووەکان یان وڵاتە هەژارەکاندا ستراتیژیەتێکی گشتی بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی لە ئارادا بێت. لە دەرئەنجامدا دەکرێت بڵێین زەحمەتە بتوانین وڵاتێکی تازەگەشەکردوو دەستنیشان بکەین کە توانیبێتی بە بەردەوامی گەندەڵی لە سەرجەم سێکتەرەکاندا سنووردار بکات، واتە رەنگە بتوانن بۆ شەش مانگ، یان دوو ساڵ ئەم کارە بکەن، بەڵام دواتر رەوشەکە گۆڕانکاری بەسەردا دێت، کەواتە رێگای بەرەوپێشچوون بریتییە لە جەختکردنەوە و کارکردن لەسەر سێکتەرێکی دیاریکراو، بۆ نموونە کار بکەیت لەسەر ئەوەی گەندەڵی لە بواری پەروەردەدا چارەسەر بکەیت، یان لە بواری تەندروستی، یان بواری ئەنجامدانی گرێبەستەکانی بواری کارەبا، واتە ئەمە کارێکی مومکینە و باسکردن لە بوونی ستراتیژیەتێکی گشتی بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی کارێکی کردەنی نییە.

**لە ئێستادا بەهۆی شەڕی بازرگانیی بەڕێز ترەمپ لەگەڵ چین، بەشێکی زۆری پیشەسازیی چینیی چین بۆ بەنگلادیش گوازراوەتەوە**

*** پێشتر ئاماژەت بەوە کرد کە پێویستە دەوڵەت توانای چارەسەرکردنی کۆمەڵێکی کێشەی دیاریکراوی هەبێت، بەڵام ئایا پێت وانییە هەندێ جار دەستتێوەردانی حکومەت کێشەی دیکە بە دوای خۆیدا دەهێنێت؟**

- بەڵێ، بە دڵنیاییەوە ئەمە ئەگەرێکە، بەڵام من لێرەدا باسی دەستتێوەردانێکی قورسی دەوڵەت ناکەم، من باس لەوە دەکەم کە حکومەت توانای ئەوەی هەیە چ کارێك بە باشی ئەنجام بدات، کە ئەمەش بەندە بە رێککەوتنە سیاسییەکانەوە و پەیوەستە بە چۆنیەتی دابەشکردنی دەسەڵاتەوە لەو کۆمەڵگەیەدا، کەواتە ئەوەی دەوڵەت کردی لە کۆریای باشووردا و کاریگەر بوو، بۆی هەیە دەرئەنجامێکی کارەساتباری لێ بکەوێتەوە لە کوردستان، یان هیندستان، یان بەنگلادیش، لەبەر ئەوەی دابەشکردنی دەسەڵاتەکان لەم وڵاتانەدا جیاوازن. پرسیار ئەوەیە: ئایا چ دامەزراوەیەك بەهێزە لە وڵاتەکەدا؟ چونکە ئەمە هۆکاری یەکلاکەرەوەیە بۆ سەرکەوتن، یان شکستی ستراتیژیەتەکەیە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر دەوڵەت توانای ئەوەی نەبوو، هەندێ کێشەی دیاریکراو چارەسەر بکات، ئەوا ناکرێت پەرەپێدان لە وڵاتەکەدا بەدی بێت و رووبدات. واتە ناکرێت بڵێین با ئێمە خۆمان لە دەوڵەت رزگار بکەین، یان جڵەوەکە بدەینە دەست بازاڕ، چونکە ئەمەش پشێوی بە دوای خۆیدا دەهێنێت و سەرکەوتوو نابێت.

*** ئێوە توێژینەوەتان کردووە لە بارەی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی لە وڵاتی بەنگلادیش و هیندستان، بە تێڕوانینی ئێوە تا چ رادەیەك ئەم دوو وڵاتە لە هەوڵەکانیاندا سەرکەوتوو بوون؟**

- لە راستیدا ئەمە بەندە بەوەی کە چۆن پێناسەی گەندەڵی دەکرێت و ئایا دەتەوێت لە چ چوارچێوەیەکی زەمەنیدا کارەکانت بە ئەنجام بگەیەنیت. ئەگەر لە وڵاتی هیندستان بڕوانیت، ئەوا لە ئێستادا ئەم وڵاتە توانیویەتی هەندێ جۆری گەندەڵی سنووردار بکات، بەڵام لە هەمان کاتدا جۆری دیکەی گەندەڵی زیادیان





کردووە. پێم وایە لەم رووەوە پرسیارە راستەقینەکە ئەوەیە ئایا هیندستان توانیویەتی کێشەی گەندەڵی لە بواری وەبەرهێناندا چارەسەر بکات؟ ئەوا بەڵگەیەکی زۆر نییە لەم رووەوە، بۆ نموونە لە ئێستادا داکشانی ئابووری روودەدات و ئاستی وەبەرهێنان لە هەڵکشاندا نییە، کەواتە دەتوانین بڵێین نەتوانراوە بە شێوەیەکی کارا کۆت و بەندەکانی بەردەم گەشەی ئابووری چارەسەر بکرێن. لەگەڵ ئەوەشدا مشتومڕ هەیە لەم بارەیەوە و هەندێ لە ئابووریناسە هیندییەکان پێیان وایە ئابووریی وڵاتەکە ئەدایەکی زۆر باشی هەیە، بەڵام بۆچوونی من ئەوەیە کە ئەدایەکی باشی نییە. بەڵام رەوشی وڵاتی بەنگلادیش جیاوازە و بەنگلادیش بە چەشنی هیندستان هەوڵی نەخستۆتەگەڕ بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی، بەڵام رێژەی گەشەی ئابووریی بەنگلادیش بەرزە و لە ئێستادا لە سەتا ٨ـە، هەرچەندە ئەمەش پەیوەندی نییە بە بونیادی حوکمڕانیی ئەو وڵاتەوە، بەڵکو مەسەلەکە ئەوەیە کە خۆشبەخت بووە، چونکە لە ئێستادا بەهۆی شەڕی بازرگانیی بەڕێز ترەمپ لەگەڵ چین، بەشێکی زۆری پیشەسازیی چینیی چین بۆ بەنگلادیش گوازراوەتەوە. کەواتە بەنگلادیش بە چەشنی ڤێتنام سوودمەند بووە لە شەڕی بازرگانی. لەگەڵ ئەوانەشدا کێشە و پرسیاری جددی هەیە لە بارەی حوکمڕانیی بەنگلادیشەوە، بە هەمان شێوە لە هیندستانیش، کەواتە ئەمانە بابەتی ئاڵۆزن، کە دەبینین لە هەندێ بواردا سەرکەوتن بەدیهاتووە و هەندێ بواری دیکەش نەتوانراوە سەرکەوتن بەدی بێت.

**ئەو رژێمەی لە هیندستاندا دەسەڵاتدارە، دەکرێت بە دیموکراسیەتێکی خۆسەپێن ناوزەدی بکەین، کە رژێمێکی ئایینی هیندۆسییە و شێوازی کارکردنی نائاسوودەیی دروست کردووە لە نێو موسڵمان و کەمینەکانی دیکەدا**

*** ئەگەر بە شێوەیەکی دیاریکراو قسە لەبارەی هیندستانەوە بکەین، ئایا پێت وایە گەورەترین ئاستەنگی بەردەم هەوڵەکانی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی لەو وڵاتەدا چین؟**

- سەرەتا دەبێت ئەوە بڵێین کە ئەو رژێمەی لە هیندستاندا دەسەڵاتدارە، دەکرێت بە دیموکراسیەتێکی خۆسەپێن ناوزەدی بکەین، کە رژێمێکی ئایینی هیندۆسییە و شێوازی کارکردنی نائاسوودەیی دروست کردووە لە نێو موسڵمان و کەمینەکانی دیکەدا، ئەمە وێنە گەورەکەیە، لە نێو ئەو دۆخەشدا سەرکردەیەکی بەهێزت هەیە کە دەیەوێت ستراتیژیەتی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی جێبەجێ بکات، لە دەرئەنجامدا هەندێ گەندەڵیی بچووك لە هیندستاندا کەم بوونەتەوە، لەبەر ئەوە دەسەڵاتی دەوڵەتی بۆ فشارکردن بەکارهێناوە لە هەندێ بواردا. لە هەمان کاتدا بوونی رایەڵی سیاسی لە نێوان حزبی حوکمڕان و هەندێ بزنێسی گەورەدا بوونەتە جێی گومانی خەڵکانێکی زۆر و باس لەوە دەکرێت کە بزنسە گەورەکان پەیوەستن بە لایەنی حوکمڕانەوە، کە ئەم چەشنە گەندەڵییە نوێیە لەم وڵاتەدا، واتە جۆرێك لە دەست تێکەڵکردنی نێوان هەندێ لە نوخبە بزنێسکارەکەی وڵات و حزبی حوکمڕان و حکومەت و بزنێس لەم وڵاتەدا، کە ئەمەش بە زیانی ئابووریی وڵاتەکە شکاوەتەوە، چونکە ئەو کەسانەی پەیوەندییەکی باشیان نییە لەگەڵ سیاسەتمەداراندا دوچاری دژواری بوونەتەوە لەبەدەستهێنانی گرێبەست، یان دەستڕاگەیشتن بە بازاڕدا. لەبەر ئەوە ئێستا بزنێسە بچووك و مامناوەندییەکانی هیندستان دوچاری کێشەیەکی زۆر بوونەتەوە. کەواتە بە شێوەیەکی گشتی ئەو ستراتیژیەتە ئابوورییەی هیندستان پەیڕەوی لێ دەکات، ناهاوسەنگە، واتە راستە گەندەڵی کەم دەکاتەوە، بەڵام لەسەر ئاستی ستراتیژی ناهاوسەنگە و دەبێتە هۆی زیانگەیاندن بە کۆمپانیا بچووکەکان و لە هەمان کاتدا زیانی بە چینی هەژاران گەیاندووە و دابەشکردنی داهاتیش بە شێوەیەکی نایەکسان دەکرێت. کەواتە وێنەکە ئاڵۆزە و ئەوانەی تەنیا لە گەندەڵی دەڕوانن، پێیان وایە گەندەڵی کەم بۆتەوە و ئەوانەی لە گەشەی ئابووری لەسەر ئاستە گشتییەکەی دەڕوانن- ئەوانەی لە پەیوەندیی نێوان موسڵمان و هیندۆسەکان و پەیوەندیی نێوان کەمینە و زۆرینە دەڕوانن- پێیان وایە هیندستان هەنگاو بۆ دواوە هەڵدەگرێت. کەواتە کاتێك باسی حوکمڕانی دەکرێت، ئەوا ئەمە چەندین لایەن لەخۆ دەگرێت، حوکمڕانی تەنیا پەیوەست نییە بە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵییەوە، بەڵکو دەبێت لە هەموو جۆرە گەندەڵییەك بڕوانیت و دەبێت لە گەشەکردنی ئابووری لەسەر ئاستە بەرفراوانەکەی و لە هەمان کاتدا لە دۆخە سیاسییەکە بڕوانیت، خۆ ئەگەر هەموو ئەمانە لەبەرچاو بگرین لە هیندستاندا، ئەوا پێم وانییە هیندستان بە ئاراستەی راست و دروست هەنگاوی هەڵگرتبێت.

**زۆر زەحمەتە بتوانیت برەو بە حوکمڕانیی باش بدەیت، کاتێک ئاستی پەرەپێدان لە وڵاتەکەدا لاواز بێت**



**سدقی ئامێدی**

بریکاری وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن بۆ گوڵان :

# دەبێت لە ماوەی ٧٠ ڕۆژدا هەموو پڕۆژەکانی چاککردنەوەی ڕێگاکانی نێوان شاروشارۆچکەکانی کوردستان تەواو بکرێن

**یەکێك لە هەنگاوەکانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان تەرخانکردنی ٣٣ ملیار دینار بوو بۆ چاککردنەوەی ڕێگاکانی نێوان شار و شارۆچکەکانی کوردستان، ئەم پڕۆژانەش دەبێت لە ماوەی ٧٠ ڕۆژدا و پێش هاتنی وەرزی زستان تەواو بکرێن، بۆ قسەکردن لەسەر پلان و بەرنامەی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن، ئەم دیدارەمان لەگەڵ ئەندازیار سدقی ئامێدی بریکاری وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن بۆ کاروباری ڕێگاوبان ئەنجامدا و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.**





*** یەکێك لە کارە باشەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەوەیە کە هەڵمەتی چاککردنەوەی ڕێگاوبانەکانی دەرەوەی شارەکانی دەست پێ کردووە، پێش ئەوەی وەرزی بەفر و باران دەست پێ بکات، لێرەدا پرسیار ئەوەیە ئەو هەڵمەتە کوێ دەگرێتەوە؟**

- دەستمان بە هەڵمەتەکە کردووە، هەڵمەتی کار و پڕۆژە و چاککردنەوەی ڕێگاوبانی دەرەوەی شارەکان کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە بڕیاری لەسەر دراوە، لە سلێمانی تا زاخۆ و هەولێر و هەڵەبجە و ئیدارەی گەرمیان و ڕاپەڕینیش دەگرێتەوە، هەڵمەتەکە بەگشتی بەپێی ئەو بودجەیەی کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە ڕەزامەندی لەسەر دراوە، دابەش کراوە و پڕۆژەکانیش بەپێی پارێزگاکان کراوەنەتە سێ زۆن.

١. پڕۆژەکانی پارێزگای سلێمانی (٨) پڕۆژەن و بودجەی تێچوویان لە (١٣) ملیار دینارە زیاترە و بریتین لە (چاککردنەوەی قیری ڕێگای دەربەندیخان – باوەنور، چاککردنەوە و دروستکردنەوەی بەشێك لە پردی کانیسارد بە درێژیی (٥٠) مەتر، نۆژەنکردنەوەی ڕێگای قیری تاسلوجە-تەکیە، نۆژەنکردنەوەی ڕێگای دوکان – چوارقورنە، چاککردنەوەی قیری ڕێگای وارماوا – دەربەندیخان، چاککردنەوەی قیری ڕێگای دوکان – سلێمانی، نۆژەنکردنەوە و قیرتاوکردنەوەی ڕێگای دووسایدی ڕانیە – دەربەندی ڕانیە، قیرتاوکردنی ڕێگای سیتەك – گوگەیەر .

٢. پڕۆژەکانی پارێزگای دهۆك بڕی زیاتر لە ١٠ ملیار دیناری بۆ تەرخانکراوە و کراوەتە چوار بەش، کە بریتین لە: پڕۆژەکانی ڕێگاوبانی دەڤەری ئامێدی، پڕۆژەکانی دەڤەری ئاکرێ و بەردەڕەش، پڕۆژەکانی ڕێگاوبانی دەڤەری دهۆك و سمێل، پڕۆژەکانی دەڤەری شێخان .

٣. پڕۆژەکانی زۆنی پارێزگای هەولێر بە دوو شێوازی ڕاستەوخۆ و کەرتی تایبەت جێبەجێ دەکرێن، ئەو پڕۆژانەی ڕاستەوخۆ جێبەجێ دەکرێن بڕی ٢,٥ ملیار دنیاریان بۆ تەرخانکراوە و بریتین لە پڕۆژە ڕێگاکانی: ڕێگای هەولێر – پیرمام، هەولێر – پردێ، گۆمەسپان – سماقوڵی، کۆڕێ – شەقڵاوە – میراوە، بەستۆڕە – شێخ توراب – قەندیل، حوجران – سەر کەند خەیلانی – ڕەزگە دیوین.

بەشی دووەمی پڕۆژەکانیش کە لە ڕێگای کۆمپانیا و بەڵێندەرایەتییەوە جێبەجێ دەکرێن و بەسەر پێنج زۆن دابەش کراون، بەمجۆرە: زۆنی A1 ڕێگاکانی دەوروبەری ناوەندی هەولێر، زۆنی B1 ڕێگاکانی قەزای سۆران و شەقڵاوە، زۆنی B2 چەندین پڕۆژەی ڕێگاوبان لە قەزای سۆران و شەقڵاوە، زۆنی C ڕێگاوبانەکانی قەزای مێرگەسۆر دەگرنەوە، هەروەها ڕێگەی سپیلك – خەلان – بارزان بە بودجەی ٧,٥ ملیار دینار، چاك دەکرێتەوە.

بەمەش ئەو بڕە پارەیەی بۆ چاککردنەوەی ڕێگاوبانەکانی هەر سێ پارێزگاکە تەرخانکراوە، دەکاتە ٣٣ ملیار دینار، هەروەها دەبێت ئەم پرۆژانە لە ماوەی ٧٠ ڕۆژدا پێش ئەوەی وەرزی بەفر و باران دەست پێ بکات، تەواو ببن.

*** ئایا بێجگە لە ئەم هەڵمەتەی بۆ چاککردنەوەی ریگاوبانەکان دەستان پێکردووە، پڕۆژەی دیکەی ڕێگاوبانتان هەیە کاری تێدا بکرێت؟**

- بەڵێ، چەندین پڕۆژەی دیکەش هەیە کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پارە بۆ تەواوکردنیان تەرخانکراوە، کە بریتین لە: تەواوکردنی پڕۆژەی ڕێگای کۆیە – کەلکە سماق کە بڕی ٦,٣ ملیار دیناری بۆ تەرخانکراوە، پڕۆژەی ڕێگای هەولێر – کۆیە بەشێکی زۆری ئەنجامدراوە و لە قۆناغی کۆتاییدایە و بڕی ٤ ملیار دیناری بۆ تەرخانکراوە.

*** ئێستا هەڵمەتێکی باش بۆ بە دووسایدکردنی هەولێر- دهۆك دەستی پێ کردووە، ئایا ئەم پڕۆژەیە لە چ قۆناغێکدایە و کەی تەواو دەبێت؟**

- ساڵانی پێشتر بە هۆی قەیرانی ئابوورییەوە ئەم پڕۆژەیە ڕاوەستابوو، بەڵام ئێستا دەستی پێکراوەتەوە و پڕۆژەی ڕێگای دهۆك هەولێر کراوەتە دوو بەش و دراوەتە دوو کۆمپانیای گەورە (کاڤین و هێمن گرووپ) کۆمپانیای کاڤین لە ئیشەکەیدا گەیشتۆتە ٦٠٪ بۆ ٦٥٪، بەڵام کۆمپانیای هێمن گرووپ لە پڕۆژەکەدا

**هەڵمەتی کار و پڕۆژە و چاککردنەوەی ڕێگاوبانی دەرەوەی شارەکان کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە بڕیاری لەسەر دراوە، لە سلێمانی تا زاخۆ و هەولێر و هەڵەبجە و ئیدارەی گەرمیان و ڕاپەڕینیش دەگرێتەوە**

**پڕۆژەی ڕێگای هەولێر – کۆیە بەشێکی زۆری ئەنجامدراوە و لە قۆناغی کۆتاییدایە و بڕی ٤ ملیار دیناری بۆ تەرخانکراوە**

**وەک وەزارتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن پلانمان بەو جۆرەیە کە هەموو ڕێگاکانی نێوان شار و شارۆچکەکان و نێوان پارێزگاکان بکەینە دوو ساید**

**لە بەرنامە و سیاسەتی وەزارەتدا پلانی دروستکردنی هێلی شەمەندەفەڕمان هەیە و ماوەیەکە دیراسەی ئەو پڕۆژەیەمان کردووە و لە ماستەرپلان دانراوە کە ئەنجامی بدەین**



**ڕۆژ لەدوای ڕۆژ و هەنگاو بە هەنگاو بەڵێندەرەکان دەگەڕێنەوە سەر کار و پڕۆژەکان، خۆ ئەگەر ئابووریی کوردستان بەرەو گەشەکردنی زیاتر بچێت، ئەوا هەر بەڵێندەرێک کاری پڕۆژەیەک رابگرێت، ئێمە لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکەین**

درەنگ دەستی بەکار کرد، بەڵام کارەکان لەلایەن هەردوو کۆمپانیاکەوە ئێستا بەردەوامە و شەو و ڕۆژ کار دەکەن و ئیشی زۆرباش دەکەن، هەردوو کۆمپانیا توانا و ئیمکانیاتی باشیان هەیە، ئەم ڕێگەیە زۆر ستراتیژییە، بۆیە دەبێت بە شەو و ڕۆژ کاری تێدا بکرێت، بۆ ئەوەی تەواو ببێت و بکەوێتە خزمەتی هاتوچۆی هاووڵاتیانەوە. چاوەڕێی ئەوە دەکەین لە ئایندەیەکی نزیکدا لە پێش (ڕۆڤیاوە تا دەگاتە عەنکاوە و سەر شەقامی ١٥٠مەتری بە ئاستی ستاندەری جیهانی تەواو ببێت، دواى ئەمەش دەست دەکەین بە پڕۆژەی ڕێگای (بەردەڕەش — کەڵەك، هەروەها وەك وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن پلانمان بەو جۆرەیە کە هەموو ڕێگاکانی نێوان شار و شارۆچکەکان و نێوان پارێزگاکان بکەینە دوو ساید.

*** بەرنامە و سیاسەتی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن بەتایبەتی بۆ ڕێگاوبان، بۆ چوار ساڵی داهاتوو چییە؟**

- ئەرکی یەکەمان ئەوەیە کە پڕۆژە کۆنەکان دەست پێ بکەینەوە و تەواویان بکەین، لە پرسیاری پێشوو باسی ئەوەم کرد کە پلانمان هەیە ڕێگەی سەرەکیی نێوان شار و شارۆچکەکان بکەینە دووساید، هەروەها لە پلانماندایە کە ڕێگەی سەرەکیی دەروازە سنوورییەکان بکەینە دووساید، ئەم پڕۆژانە پێش دروستبوونی قەیرانی دارایی دیزانیان بۆ کراوە و تەواو بوون و کەوتوونەتە بواری جێبەجێکردنەوە، بەڵام بەهۆی قەیرانەکەوە راوەستان، هەروەها لە بەرنامە و سیاسەتی وەزارەتدا پلانێکی دیکەشمان هەیە، ئەویش دروستکردنی هێڵی شەمەندەفەرە کە ماوەیەکە دیراسەی ئەو پڕۆژەیەمان کردووە و لە ماستەرپلان دانراوە کە ئەنجامی بدەین، هەرچەندە کاتی خۆی ئەم ئەرکە لە کار و ئیشەکانی وەزارەتی گواستنەوە بوو لە عێراق و هەرێمی کوردستانیشدا، بەڵام لە یاسای وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەدا ئەو کار و پڕۆژەیەی هێڵی شەمەندەفەڕ کراوەتە ئەرکی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن.

*** لەم ماوەیەدا دەنگۆی ئەوە هەبوو کە تۆنێلی مەسیف تەواو دەبێت، بە تەواوبوونی ئەو تۆنێلەش دووسایدی شەقڵاوە وەکو دەڵێن تەواو دەبێت، ئایا وەردەکاریی تونێلەکە بەکوێ گەیشت و بەنیازن هاوکات لەگەڵ تەواوبوونی تۆنێلەکە جووتسایدەکەی شەقڵاوەش تەواو بکەن؟**

- هەرچەندە دەستپێکی پڕۆژەی تۆنێلی مەسیف لە کاتی قەیرانیشدا بوو کە بارودۆخی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە رووی داراییەوە باش نەبوو، بەڵام هەوڵمانداوە کار لە تۆنێلەکەدا رانەوەستێت، ئێستا تۆنێلەکە تەنیا هەندێك کاری تەکنیکی و ئەلیکترۆنی و میکانیکی ماوە، هەروەها بە دیوی هەولێریشدا هەندێك قیرتاوکردن ماوە و لەدیوی کۆڕێ بەرەو شەقڵاوەش دوو کیلۆمەتر ڕێگا مابوو، ئێستا وەزارەت بە جێبەجێکردنی راستەوخۆ ئەنجامی دەدات، وەك بەڕێز وەزیری ئاوەدانکردنەوەش ئاماژەی پێ داوە، دەمانەوێت لە کۆتایی ئەمساڵدا تۆنێلەکەی مەسیف بکەینەوە.

*** ئێستا هەڵمەتێك هەیە بۆ تەواوکردنی دوو سایدی رانیە- دوکان، دیارە ئەو پڕۆژەیە کۆنە و چەندین ساڵە دەستی پێ کردووە و تەواو نەبووە، ئایا بەنیازن ئەم پڕۆژەیەش بەم زووانە تەواو بێت؟**

- ئێمە هەوڵمانداوە هەر بەڵێندەرێك کاری لە پڕۆژەکان وەستاندوە دووبارە دەست بە کار بکاتەوە، لە ئێستاشدا ڕۆژ لەدوای ڕۆژ و هەنگاو بە هەنگاو بەڵێندەرەکان دەگەڕێنەوە سەر کار و پڕۆژەکان، خۆ ئەگەر ئابووریی کوردستان بەرەو گەشەکردنی زیاتر بچێت، ئەوا هەر بەڵێندەرێك کاری پڕۆژەیەك رابگرێت، ئێمە لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکەین، بەپێچەوانەشەوە ڕێگەی دیکەی بۆ دەدۆزینەوە، دەبێت پڕۆژەی هەموو ڕێگا کۆنەکان تەواو بکرێن.

*** ئایا بەرنامەتان بۆ چاککردنەوەی ڕێگای هەولێر — موسڵ هەیە؟**

**بۆ چاککردن و نۆژەنکردنەوەی ڕێگای هەولێر — موسل لەگەڵ بەغدا قسەمان کردووە، بەڵام ئەوان دەڵێن خۆمان ئەو ڕێگایە چاک دەکەینەوە**

**هەر بارهەڵگرێک لە ئاستی ڕێنمایەکان زیاتر بار هەڵبگرێت، ئەوا زیادەکە دادەگیرێت و ئەگەر خاوەنەکەی ئەو زیادەیەی نەبردەوە، دەبێتە موڵکی حکومەت**

**لەو دوو سایدە تازانەی دروست دەکرێن، ئەگەر هەر سایدێک بکرێتە سێ بەش و بارهەڵگرەکان لە بەشێک هاتوچۆ بکەن، دوو بەشی دەمێنێتەوە بۆ ئۆتۆمبێلی دیکە، بەمەش ڕێگاکان بەم شێوەیەی ئێستا تێک ناچن**

- بۆ چاککردن و نۆژەنکردنەوەی ڕێگای هەولێر – موسل لەگەڵ بەغدا قسەمان کردووە، بەڵام ئەوان دەڵێن خۆمان ئەو ڕێگایە چاک دەکەینەوە، ڕێگای هەولێر – خەبات لە پڕۆژە کۆنەکانە و وا بڕیارە لەم ڕێگایە دەست بەکارکردن بکەینەوە و خۆشمان وەك بەڕێوەبەرایەتیی چاککردنەوە و پاراستنی ڕێگاوبانەکان کار لە ڕێگای هەولێر – خەباتدا دەکەین، لە کاتی خۆیدا ئەو ڕێگایە قۆناغێکی تەواو بوو و قۆناغی دووەم دەستی پێ کرد، بڕیار بوو ساڵی ٢٠١٤قۆناغی سێیەم و چوارەمی پڕۆژەی ڕێگای دوو سایدی هەولێر – خەبات دەست پێ بکەین، بەڵام قەیرانەکەی بەسەردا هات. هەروەها ڕێگای بەردەڕەش – کەڵەك کە ڕێگای سەرەکیی گوندەکانە و قەرەباڵغیی زۆری کەوتۆتەسەر، دوای ئەوەی تیرۆریستانی داعشیش پەلاماری بەعشیقە و بەحزان و ئەو ناوچانەیان دا و ڕێگای بەعشیقە – کەڵەك گیرا، مەجبوور بووین کە هەموو بارهەڵگرەکان بێنینەوە ڕێگای بەردەڕەش - کەڵەك هەر بەم هۆکاری بارهەڵگرانەوە ئێستا ڕێگاکەی بەردەڕەش – کەڵەك بە تەواوی وێران بووە، لە بنەڕەتیشدا ئەو ڕێگایە ستاندارد نەبوو، کە ئەم جۆرە بارقورسی و قەرەباڵغییە زۆرە بەردەوامەی لەسەر بێت، هەر بۆیە لە بەرنامەمان بوو دوای ئەوەی لە ڕۆڤیا تا بەردەڕەش کە لە پڕۆژە کۆنەکانە کە دوو ساید دەکرێت، ڕێگای بەردەڕەش – کەڵەك ئەو نێوانەش بە دوو ساید بکەین، بەڵام ئێستا ناتوانین ئەو پڕۆژەیە جێبەجێ بکەین، تاوەکو ڕێگای دوو سایدی ڕۆڤیا – هەولێر تەواو نەبێت، ئەو کات هاتوچۆ بەگشتی و بارهەڵگرەکانیش دێنە سەر ئەو ڕێگایە، ئینجا دەست بە پڕۆژەی ڕێگای بەردەڕەش – کەڵەك دەکەین.

*** ڕێگای خەلیفان – گەلی عەلی بەگ – سۆران، و هەموو ئەو ڕێگایانەی بۆ شێروان مەزن و بارزان دەچنەوە، بەتایبەتی ڕێگای سپیلك و سۆران کە دەچنەوە مێرگەسۆر و بارزان بەپێی پێویست نین، بەتایبەتی لە وەرزی زستاندا هاووڵاتیان لە هاتوچۆکردندا کێشە و گرفتیان زۆرە، ئایا بەرنامە و هەڵمەتەکە بۆ ئەو ڕێگایانە چۆنە؟**

- لە پێشانگای نێودەوڵەتیی هەولێر لە ڕۆژی ٢٠١٩/٩/٣٠ کە تێیدا کۆمپانیایەکی راوێژکاری کارو ئیشەکانی خۆی نیشان دەدا، لە یەکێك لە ڤیدیۆکاندا جەنابی وەزیری ئاوەدانکردنەوە پرسی ئەو پڕۆژەیە کام ڕێگایە؟ بۆمان روون کردەوە کە ڕێگای هەریر تا حاجی ئۆمەرانە و ئەو ڕێگایە ٨ تۆنێلی پێویستە، چونکە زۆر شاخ دێتە سەر ڕێگاکە و تۆنێلیش پارە و خەرجی زۆری پێویستە، ئەو پڕۆژەی ڕێگایە ئێستا لە پلانماندایە و دەبێت ڕێگای دوو سایدی دهۆك بۆ ئیبراهیم خەلیل و هەولێر بۆ چۆمان و حاجی ئۆمەران زوو تەواو بن، هاوکات ئەو ڕێگایانەی خراپ بوون لە نێوان (خەلیفان - گەلی عەلی بەگ – سۆران) بە درێژایی ١٥ کم و ڕێگای (سۆران – رواندز – چۆمان – حاجی ئۆمەران) بە درێژایی ٧٠کم و ڕێگای (بالیسان – خەلیفان ) بە درێژایی ٢٤کم و ڕێگای (سپیلك – خەلیفان) بە درێژایی ١٤کم و ڕێگای (مامە جەلکە – ئەسپیندارە) بە درێژایی ١٠کم و ڕێگای (فریز – هیران ) بە درێژایی ١٠ کم و ڕێگای (شیخان – بێل – مەران) بە درێژایی ١٠کم و ڕێگای (مەزنێ – مێرگەسۆر) بە درێژایی ١٧کم و ڕێگای (سپیلکك – خەلان – بارزان ) بە درێژایی ١٧کم، ئەو ڕێگاوبانانە لە کار و پڕۆژەی ئەو هەڵمەتەدان کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی کوردستان بڕیاری لەسەر دراوە، هەر هەموویان چاك دەکرێنەوە، هەروەها پڕۆژەیەکی تازەمان داناوە کە لە تۆنێلی بنی هەریرە و راستەوخۆ بۆ سۆران دەچێت، ئەم ڕێگایە تازەیە و هەشت تۆنێلی پێویستە و دیزاینێکی تازە و هاوچەرخی بۆ دانراوە و ناتوانین ئەو پڕۆژەیە لەسەر ڕێگا کۆنەکە ئەنجام بدەین، چونکە ئەگەر پڕۆژەکە لەسەر ئەو ڕێگا کۆنە جێبەجێ بکەین، دەبێت ڕێگاکە بگیرێت و کارکردن لەم پڕۆژەیەش چەند ساڵێکی پێویستە، بەمەش ڕێگای هاتوچۆ نامێنێت، یان زۆر زەحمەت دەبێت، بۆیە ئاراستەیەکی نوێمان بۆ ڕێگاکە داناوە و کاری لەسەر دەکەین و ڕێگا کۆنەکەش دەمێنێت و ماوەماوە لە هەر شوێنێك پێویستی بە چاککردن و نۆژەنکردنەوە و قیرتاوکردن بێت، بۆی ئەنجام دەدەین، تاوەکو پڕۆژەی ڕێگا





**پڕۆژەکانی پارێزگای سلێمانی (٨) پڕۆژەن و بودجەی تێچوویان لە (١٣) ملیار دینارە زیاترە و پارێزگای دهۆکیش بڕی زیاتر لە ١٠ ملیار دیناری بۆ تەرخان کراوە**

**پڕۆژەکانی زۆنی پارێزگای هەولێر بە دوو شێوازی راستەوخۆ و کەرتی تایبەت جێبەجێ دەکرێن، ئەو پڕۆژانەی راستەوخۆ جێبەجێ دەکرێن بڕی ٢,٥ ملیار دنیاریان بۆ تەرخانکراوە**

تازەکە تەواو دەبێت.

*** بەرنامە و پڕۆژەی ڕێگاوبانتان بۆ ناوچەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان بەتایبەتی بۆ ئەو شوێنانەی شەڕی داعشی تێدا بوو، وەك شنگاڵ و زوممار و شەلالات و باعشیقە چییە؟**

- ئێستا ئێمە ناتوانین لەم شوێنانە ئیش بکەین و ئامێرەکانمان بۆ ئەو شوێنانە ببەین، تەنیا دەتوانین لەهەندی شوێن کە نزیکە لە کوردستان وەك ڕێگای پردێ – کەرکووك و ئەو شوێن و ناوچانەی سەر بە ئێمەن، دەتوانین ڕێگاکانیان بۆ چاك و قیرتاو بکەینەوە، بۆ نموونە: ڕێگایەك هەیە لە گەرمیانەوە دەچێت بۆ دیالە، ئەو ناوچەیە ئەگەر هەماهەنگییەك بکەین لەگەڵ حکومەتی ناوەندی، ئەو شوێنانەی ئێمە دەیکەینە پڕۆژە، ئەگەر خۆیان دەیانەوێت بیکەن، با ئەنجامی بدەن، تا دەگاتە سنووری ئێمە لەو کاتەدا ئەوە ئێمە ئەو بەشەی سنووری خۆمانە پڕۆژەکە ئەنجام دەدەین، ئەگەر حکومەتی ناوەندی هیچ ناکەن، ئەوە ئێمە هەر هەموو پڕۆژەی ڕێگاکە جێبەجێ دەکەین، چونکە تەوەجووهی حکومەتی کوردستان ئەوەیە هەر شوێنێك خزمەت بە کوردستان بکات، ئێمە دەیخەینە پلان و بەرنامە و کاروپڕۆژەی بۆ ئەنجام دەدەین.

*** لە ڕەچاوکردنی ڕێنماییەکان و زەبتکردنی ئۆتۆمبێلە بارهەڵگرەکان تا چەند ڕەچاوکراوە لەسەر ڕێگا سەرەکییەکان و دەرەوەی شارەکان بۆ پاراستی ڕێگاکان، ئایا تاچەند قەپانی سەر ڕێگاکان بوونەتە هۆکارێك بۆ پاراستنی ڕێگاکان؟**

- بێگومان هەر بارهەڵگرێك لە ئاستی ڕێنمایەکان زیاتر بار هەڵبگرێت، ئەوا زیادەکە دادەگیرێت و ئەگەر خاوەنەکەی ئەو زیادەیەی نەبردەوە، دەبێتە موڵکی حکومەت، لەمەش زیاتر لە ١ی ١٠ی ٢٠١٩ بڕیارمان داوە کێشی بارهەڵگرەکان لەوەی ئێستا کە هەیە کەمتر بکرێتەوە، لەبەر ئەوەی پێشتر لەبەر باری ئابووری ڕێگەمان دابوو هەندێك کێشەکان زیاتر بن، بۆیە ئێستا دەمانەوێت کێش بگێڕینەوە بۆ ستاندەری نێودەوڵەتی و بیگەیێنینە ئاستی ئەو وڵاتانەی بازرگانییان لەگەڵ دەکەین، وەك: تورکیا و ئێران، بەمەش دەتواندرێت ڕێگە سەرەکییەکان بپارێزرێن، هەر بۆیە بەنیازین ژمارە قەپانەکان زیاتر بکەین و سەرپێچیکاریش جیا لەوەی دەست بەسەر کێشە زیادەکەیدا دەگیردرێت، بە بڕێك پارەش سزا دەدرێت.

*** ئایا ناتوانرێت بەرنامەیەك دابندرێت کە ڕێگای ئۆتۆمبێلی بارهەڵگر لە ڕێگای ئۆتۆمبیلی ئاسایی جیا بکرێتەوە؟**

- ڕێگاکانی کوردستان زۆربەیان کۆنن و پێشتر رژێمەکانی پێشووی عێراق بە ئامانجی سەربازی دروستی کردوون، نەك ستاندەری نێودەوڵەتی، بۆیە پڕۆژەی دروستکردنی ڕێگەی ستراتیژی لە دوای ڕووخانی رژێمی بەعسەوە دەستی پێکرد و لە دوای ساڵی ٢٠٠٥ حکومەت ساڵانە ئەولەوییەتی دەدا بە سێکتەرەکانی (تەندروستی و پەروەردە و کشتوکاڵ و ئاوی خواردنەوە و...هتد، لە ساڵی ٢٠١٣ بڕیار درا لە بودجەی حکومەتی کوردستان ئەولەوییەت بدرێت بە سێکتەری ڕێگاوبان، بەڵام قەیرانی دارایی بەسەردا هات و نەتوانرا وەك خۆی جێبەجێ بکرێت، بۆیە بەرنامە و پلانمان هەیە، ڕێگای خێرا دروست بکەین هەرچی ئۆتۆمبێلی بارهەڵگر هەیە بچنەسەر ئەو ڕێگا خێرایانە، لەو دوو سایدە تازانەی دروست دەکرێن، ئەگەر هەر سایدێك بکرێتە سێ بەش (لەین) بارهەڵگرەکان لە بەشێك هاتوچۆ بکەن، بەمەش دوو بەشی دەمێنێتەوە بۆ ئۆتۆمبێلی دیکە، بەم شێوەیەش ڕێگاکان بەم شێوەیەی ئێستا تێك ناچن.

*** ئایا پاش چەند ساڵی دیکە هەرێمی کوردستان دەتوانێت ڕێگاوبانەکانی بگاتە ستانداردی جیهانی؟**

- دوو ساڵ پێش قەیرانەکە هەنگاومان نا بۆ ئەوەی نزیك ببینەوە لە ستانداردی جیهانی، یان بە پێوەری ستانداردی جیهانی ڕێگاوبانەکان جێبەجێ بکەین، لەگەڵ ئەوەی لەو یەك دوو ساڵەدا بە هۆی قەیرانەوە پڕۆژەکان راگیران، بەڵام لەو کاتەوەی دەستمان پێ کردۆتەوە پڕۆژە سەرەکی و ستراتیژییەکان وەك ڕێگای نێوان شارەکان و شارۆچکەکان بە ئاستی ستاندەری جیهانی جێبەجێ دەکرێن.

# سۆشیاڵ میدیا و
# بە دیموکراسیکردنی کۆمەڵگە



پ.ی.د. نەزاکەت حوسێن حەمەسەعید
بۆ گوڵان نووسیویەتی

لەپاڵ زاراوەی سۆشیاڵ میدیا و میدیای نوێ و مەڵتی میدیا نازناوێکی دیکەیش هەیە بۆ میدیای نوێ و سۆشیاڵ میدیا کە زۆر لە سەرچاوەکان بە «میدیای دیموکراسی» ناوی دەبەن، کە ئەمە لە دوو رووەوە مانا دەدات و هەردووکیان هۆکاری هاتنە دونیای ئەوی دیکەیانن، بۆ نموونە: بەوەی کە خۆی میدیایەکە دیموکراسی بەرهەم دەهێنێت، بە هۆی بەردەستبوونی ئەو ئامرازانەی کە میدیای نوێ تێیدا دەکرێتەوە، وەك مۆبایل و ئایپادا و ئای پۆد و...هتد، کە هەمیشە بەردەستە و وەك کامێرایەك وایە لە هەر جێگایەك مرۆڤێك هەبێت و ئەم ئامێرەی بەردەست بێت، وەك ئەوەیە رۆژنامەنووسێك بە کامێرا و ریکۆردەرێك لەو شوێنە ئامادە بێت، دەتوانێت وێنە و دەنگ بگوازێتەوە. بێگومان تا چاوی کامێرا زۆرتر بێت ترس لە چاودێری زیاترە، مرۆڤەکان دەترسن شتێك بڵێین، یان کارێك بکەن کە کەسێك وێنەیان بگرێت، یان تۆماری دەنگەکەیان بکات. ئەمەش جگە لەو فەزا فراوانەی کە سۆشیاڵ میدیا فەراهەمی کردووە بۆ تاك لە دەربڕینی گوزارشت و بابەت و هەستەکانی و پۆستکردن و دابەزاندنی وینە و دەنگ و ناردنی بە شێوازێکی بێ سنوور، واتە بۆ کێی بوێت، بێ سانسۆر و کۆنترۆڵ دەینێرێت. لەلایەکی دیکەشەوە تایبەتمەندییەکی سۆشیاڵ میدیا ئەوەیە کە زانیاری و وێنەکان دەستبەجێ خەزن دەکرێن و لێ دەدرێنەوە و ئەرشیف دەکرێن. جاری وا هەیە، وشەیەك لە دەمی بەرپرسێك، یان سەرکردەیەك بە بێ ئاگایی دەردەچێت، هەزران هەزار جار لێ دەدرێتەوە و نمایش دەکرێت، کە رەنگە یەکەم جار تەنیا لەلایەن کەسێکەوە خەزن، یان سکرین شۆت کرابێت. ئەمە واتە زیادکردنی چاودێریی کۆمەڵگە و دەسەڵاتی چاودێری بۆ تاك و کۆمەڵگە. تا دەسەڵاتی چاودێری و مافی رادەربڕینی کۆمەڵگە و هاووڵاتیش زۆرتر بێت، واتە فەراهەمکردنی زیاتری دیموکراسی. لە روویەکی دیکەشەوە دیموکراسییەت هۆکارە بۆ سەرهەڵدانی سۆشیاڵ میدیا، بۆ نموونە لەو وڵاتانەی کە دیموکراسییەت نییە و سەردەم سەردەمی دیکتاتۆریەتە وەك: کۆریای باکوور و هەندێك وڵاتی دیکەی وەك چین و ئێران و وڵاتانی دیکەی دەسەڵاتداری دیکتاتۆری، رێگە نەدراوە بە ئاسانی تاکەکان بگەنە سۆشیاڵ میدیا، یان ئەوانەیان کە بە تەواوەتی دیکتاتۆرن رێگەیان نەداوە تەکنەلۆجیاش بگاتە وڵاتەکەیان و دەستی تاك بکەوێت، بۆیە سۆشیاڵ میدیا بوار نەبووە بڵاو ببێتەوە و ببێتە ئامرازێك بۆ دابینکردنی دیموکراسییەتێکی زیاتر و چاودێریی تاك و کۆمەڵگە بەسەر دەسەڵاتەوە. کەواتە دەتوانین بڵێین: بوونی ژینگەیەکی دیموکراسی هۆکارە بۆ سەرهەڵدان و دەستکەوتنی سۆشیاڵ میدیا و بەکارهینانی لەلایەن تاکەکانی کۆمەڵگەوە، لەو لاشەوە بڵاوبوونەوەی سۆشیاڵ میدیا و بەکارهێنانی لەلایەن تاکەکانەوە هۆکارە بۆ زیادبوونی دیموکراسیەتی وڵات و چاودێرکردنی هاووڵاتی.

لەگەڵ ئەوەشدا نابێت ئەوەمان بیربچێت کە هەموو دیموکراسییەت و ئازادییەکیش بۆ تاك و کۆمەڵگە، پێویستە بە یاسا رێکبخرێت و ماف و سنووری تاکەکان لە پاراستنی رێز و ژیانی تایبەتی بەرامبەرەکان (چ تاك بێت، یان دامودەزگاکان) دیاری بکرێت، ئەگینا دیموکراسییەتێکی فەوزاوی دێتە ئاراوە، کە ژیان و کەرامەتی تاك و ئاسایشی نەتەوەیی و بەها باڵاکانی نەتەوە و نیشتمان دەخاتە مەترسییەوە. گرفتەکەش ئەوەیە کە سۆشیاڵ میدیا بە سرووشتی خۆی ئەستەمە وەك کەناڵە راگەیاندنە کۆنەکانی وەك رادیۆ و رۆژنامە و تەلەفزیۆن رێکبخرێت، بۆیە لە زۆربەی کۆمەڵگەکاندا کە بە یاسا ئەم جۆرە لە میدیا رێك نەخراوە، لە بری ئەوەی سوودی لە بەرهەمهێنانی دیموکراسی وەرگرتبێت، سەرئێشە و گرفتی بۆ دەسەڵات و کۆمەڵگە دروست کردووە.

# تاوانی رق
# لە دیدی دەقەکانی یاساوە



دکتۆر مونزیر فەزڵ

**شارەزای دەستوورو راوێژکاری یاسای نێودەوڵەتی**
**مامۆستای بەشدار لە یاسای مەدەنی**
**ئەندامی هەڵبژێردراوی لیژنەی نووسینەوەی دەستوور**

وشەی «رق» لە رقلێبوونەوەوە هاتووە، کە پێچەوانەی خۆشەویستییە، واتا ئەو کەسەی نەتوانێت لەگەڵ یەکێك هەڵبکات، یان بەرگەی کارێك بگرێت، ئەوا رقی لێی دەبێتەوە و لێی دوور دەکەوێتەوە و حەزی لێ ناکات، بۆیە دەگوترێت رق، بێزارییە لە کەسێك، یان شتێك، لەبەر رۆشنایی ئەمەدا رق، هەستێکی توندە بەرامبەر کەس، یان ئەو شتەی لە دەوروبەرتە و وادەکات بە سووك سەیری بکەیت، یان لێی دوور بکەویتەوە (مونجید لە زمانی عەرەبی لاپەڕە ١٢٢٨).

وشەی رق و خۆشەویستی هەردووکیان لە دەروونزانیدا پۆلێن دەکرێن، چونکە پەیوەستن بە هەست و نەستی مرۆڤایەتی و کولتووری مرۆڤ و ئەو بەهایانەی بڕوای پێیان هەیە، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ترسان لە شتێك، چ راستی بێت، یان تەنیا ترسان بێت لە هەڵوێستێکی نەرێنی، یان شتێکی دیاریکراو، هەروەها رەنگە ترسان لە ستەمێك، یان لە حوکمێکی پێشتر بێت. ئەم رقە لەوانەیە ببێتە جۆرێك لە کولتوور لای مرۆڤ و بچێتە چوارچێوەی قەناعەتی کەسەکە کە پێی دەگوترێت کەلتووری رق The culture of hatred، لەوانەیشە ئەم کولتوورە پەیوەندی بە دەمارگیری و پەڕگیری و تیرۆریستییەوە هەبێت، کە بریتییە لە توندڕۆیی تێکەڵ بە توندوتیژیی ماددی کە دەبێتە مایەی ئازار بۆ گیان و جەستە و سامانی کەسانی دیکە. جێی وەبیرهێنانەوەشە کە چەندین تاوانی رەگەزپەرستی لە هەندێ وڵاتدا هەن، هەر دەچنە خانەی رقە تاوانەوە.

ئەگەر ئەم لێ دوورکەوتنەوە، یان بێزاربوونە بۆ جیهانی دەرەوە لە شێوەی رەفتارێکی ماددیی ئەرێنی، یان هەڵوێستێکی نەرێنیدا دەرنەکەوێت، ئەوا ناتوانرێت ئەم کارە بخرێتە چوارچێوەی ئەو تاوانانەی کە یاسای دەوڵەتان لێپێچینەوەیان بۆ دەکات و وەك تاوانی رق سزای بۆ دیاری کردوون، سویدیش بە نموونە. چونکە تاوان، کارێکی نەرێنییە و یاسا سزای بۆ داناوە، لەبەر ئەوەی سەرپێچییە لە رێساکان، هەروەها سزای ئەو کەسە دەدات بەپێی دەقێکی یاسایی کە ئەم کارە بە تاوان دادەنێت، چونکە رێسای یاسایی بە دەق دەڵێت: «هیچ تاوانێك، یان سزایەك بێ دەق نابێت»، ئەگەر دەقە یاساییەکە نەبوو، کەواتە ئەم کارە باوەو لێپرسینەوەش لە نیاز و مەرامدا نییە.

بەپێی سیستەمی یاسای عێراق رەفتاری ئەنجامدراو لە سووکایەتی و رق و بێزاربوون دژی بەرامبەر، یان پەیڕەوکردنی جیاکاری دژی کۆمەڵێکی دیاریکراوی نەتەوەیی، یان ئایینی، یان ئایینزایی لە رووی یاسادانانەوە زۆر گرنگیی پێ نەدراوە، بەپێی زانیاریی ئێمەش دادگای عێراق سەیری داوای لەو جۆرانە ناکات، هەرچەندە ئەو تاوانانە لەنێو کۆمەڵگەی عێراقیدا بڵاون، لەکاتێکدا بە مەترسیدارترین تاوان دادەنرێن، ئەگەر ئەو رەفتارە، یان هەستە مرۆییە دژی رژێمێکی سیاسی ئەنجام بدرایە، بەتایبەتیش لەسەردەمی حوکمی بەعس لە عێراقدا.

ئاگاداری زۆر لەو بەڵگەنامانە بووم کە سەلماندوویانە کەسانێك سزای لەسێدارەدانیان بۆ دەرچووە، کاتێ روویدابێت یەکێك گوزارشتی لەم هەستە کردبێت لەهەمبەر رژێمی لەناوچوو، یان کەسێکی بنەماڵەکەی، یان دژی ئەنجومەنی هەڵوەشاوەی سەرکردایەتیی شۆڕش، ئەو کاتە ئەو کارە دەرحەق ئاسایشی نیشتمانی بە تاوانێکی مەترسیدار دادەنرا، ئەم جۆرە دۆسیێیانە رەوانەی دادگای بەدناوی شۆڕش دەکران، یان بێ دادگاییکردن لەلایەن دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی رژێمەوە سزایان بۆ دەردەچوو، بەڵگەش بۆ ئەمە زۆرە.

ئەوەی پەیوەستە بەم لایەنەوە بڕگەی دووی ماددەی ٢٠٠ی یاسای سزاکانی عێراقی ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩ی هەموارکراو بە دەق دەڵێت: «هەر یەکێك حەزبکات، یان رەواج بدات بە هەر ئایینزایەك کە مەبەست لێی گۆڕینی پرەنسیپە بنەڕەتییەکانی دەستوور بێت، یان سیستەمە بنەڕەتییەکانی دەستەی کۆمەڵایەتی، یان چینێکی کۆمەڵایەتی بەسەر چینەکانی دیکەدا فەرزبکات، یانیش چینێکی کۆمەڵایەتی لە بەین بەرێت، یان سیستەمە بنەڕەتییەکانی کۆمەڵایەتی، یان ئابووری وەربگێڕێت، یان هەر سیستەمێکی بنەڕەتیی دەستەی کۆمەڵایەتی تێکبدات، هەر کاتێ بەکارهێنانی هێز، یان تۆقاندن، یان هەر شێوازێکی دیکەی نامەشروع بێتەئاراوە، سزای زیندانی بەسەردا دەسەپێندرێت بە ماوەیەك کە لە حەوت ساڵ زیاتر نەبێت، هەر یەکێك فیتنەگێڕی بکات بۆ رووخانی سیستەمی حوکمڕانی کە لە عێراقدا هەیە، یان رقی لێ ببێتەوە و سووکایەتی پێ بکات، یان پێی خۆش بێت و بانگەشەی ئایینزاخوازی و چینایەتی بکات، یان هانی ململانێی نێوان تایفەکان بدات، یانیش هەستی رق و کینە لەنێوان دانیشتووانی عێراق بورووژێنێت، هەمان سزا دەیگرێتەوە». ئەم دەقە یاساییەش کە رژێمی فاشیزمی بەعس لە ساڵی ١٩٦٩ لەپاڵ دەرچوونی بڕیارگەلێك لە ئەنجومەنی هەڵوەشاوەی سەرکردایەتیی شۆڕش بە هەمان ئاراستە و مەبەست داینا، وەك چەسپاندنی ئاشتیی کۆمەڵایەتی و رێزگرتن لە مافی مرۆڤ و نەهێشتنی جیاوازیی نێوان مرۆڤ بەپێی جاڕنامەی گەردوونیی مافی مرۆڤ نەبوو، بەڵکو مەبەست لەمە پارێزگاریکردن بوو لە دەستەو دایەرەکانی رژێمی گۆڕبەگۆڕی سیاسیی بەعس، بۆیە بەپێی ئەم ماددەیەی سزاکان بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتی رژێمی دیکتاتۆر و بەردەوامبوون لە حوکمڕانیدا بوو، هەر بۆیەش خەڵکێکی زۆر لە سێدارەدران، یان شوێنبزر کران، یان خرانە زیندانەوە.

> **بەپێی سیستەمی یاسای عێراق رەفتاری ئەنجامدراو لە سووکایەتی و رق و بێزاربوون دژی بەرامبەر، یان پەیڕەوکردنی جیاکاری دژی کۆمەڵێکی دیاریکراوی نەتەوەیی، یان ئایینی، یان ئایینزایی لە رووی یاسادانانەوە زۆر گرنگیی پێ نەدراوە**

لەمەدا بۆمان روون دەبێتەوە کە رێکخستنی حوکمەکانی تاوانی هاندانی رق و پیادەکردنی لە کۆمەڵگەی عێراقیدا، تەنیا بۆ پاراستنی رژێمی حوکمڕان جێبەجێ کران و، بە تەواوی بەپێچەوانەی چەندین یاسای سزادان بوو لە دەوڵەتانی ئەورووپا کە بە ئاشکرا پیادەکردنی رق و هاندانی خەڵکی بۆ ئەم کارە لەناو کۆمەڵگەدا قەدەغە کردووە، ئەمەش بۆ پارێزگاریکردن لە ئاشتیی کۆمەڵایەتی و جێبەجێکردنی رێساکانی مافی مرۆڤ بووە.

بۆ نموونە لە سوید حوکمی دادگا تەنیا بە پێبژاردن، یان بەندکردن بۆ ماوەی دوو ساڵ، یان بە حوکمی مەرجدار بەپێی یاسای ساڵی ١٩٦٢ی سزاکانی سوید (ماددە ٧٠٠) لە حاڵەتی ئەنجامدانی تاوانی رق دژی بەرامبەر دەردەچێت، لەوانەش تاوانی

**لە هۆکارەکانی کەموکورتیی یاسایی لە یاسای ئێستای سزاکانی عێراقیدا کە لە هەرێمی کوردستانیش پەیڕەو دەکرێت، ئەوەیە کە لە بنەڕەتدا یاساکە هیندییە و لە سەروبەندی داگیرکاریی عوسمانیدا جێبەجێ کراوە**

**دوای هەرەسهێنانی نازییەت لە جەنگی دووەمی جیهان لە ١٩٤٥دا گۆڕانکاریی گەورە لە یاسای سزاکانی عێراقدا نەهاتەدی، ئەوەش پێچەوانەی یاسای وڵاتانی ئەورووپا بوو، کە دەق و ڕێسا یاساییەکان ڕێکخرانەوە و سەر لەنوێ داڕێژرانەوە، هەتا لەگەڵ پەرەسەندنی تازەدا بگونجێن**

**نەتەوە یەکگرتووەکان ڕۆڵی گەورەی هەیە لە نەهێشتنی هەموو شێوەیەکی جیاکاریی ڕەگەزپەرستی، یان بڵاوکردنەوەی ڕق**

ڕەگەزپەرستی کە سزاکەی توندتر دەبێت، ئەگەر ببێتە هۆی گیان لەدەستدانی خەڵك.

یاسای سویدی لە بەشی ٢٩دا ئەم تاوانەی دیاریکردووە، دەزگای دادوەریی گشتیی سویدی ڕوونی کردۆتەوە کە ئەم تاوانە ئەو کاتە ڕوودەدات کە حاڵەتی هاندان بۆ ڕق و جیاکاریی ناڕەوا لە ئارادا بێت، هەروەها جۆرەکانی تاوانەکانی ڕقی دەستنیشان کردووە، کاتێك پاڵدەرەکەی پێشێلکردنی مافەکانی کۆمەڵگە بێت، یان دژی هەر کەسێك بێت بەهۆی ڕەنگ و مەیلی ڕەگەز، یان بیروباوەڕ، یان ئایین، یان ئایینزا، دەقی یاساکە دەڵێت: پێویستە ڕێز لە بەرامبەر بگیرێت و هیچ شێوازێکی توندوتیژیی زارەکی، یان ماددی نەگیرێتەبەر.

لە هۆکارەکانی کەموکورتیی یاسایی لە یاسای ئێستای سزاکانی عێراقیدا کە لە هەرێمی کوردستانیش پەیڕەو دەکرێت، ئەوەیە کە لە بنەڕەتدا یاسایەکە هیندییە و لە سەروبەندی داگیرکاریی عوسمانیدا جێبەجێ کراوە، دواتر لەلایەن دەسەڵاتدارانی بەریتانیاوە پەیڕەو کراوە تا دەرچوونی یاسای سزاکانی بەغدا لە ساڵی ١٩٤٣ی سەردەمی پاشایەتی، کە تا ئەو کاتە جاڕی گەردوونیی مافی مرۆڤ دەرنەچووبوو، کاتێکیش یاسای ناوبراو لە ساڵی ١٩٦٩ لەسەر دەمی ڕژێمی لەناوچووی بەعسدا تازە کرایەوە، هیچ دیدگایەك، یان ڕێزێك بە مێشکی لیژنەی ئامادەکردنی یاسای سزاکانی عێراقدا نەهاتبوو، کە لە یاسای ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩ی هەموارکراو تایبەت بە کولتووری مافەکانی مرۆڤدا دیاری کراوە، بۆیە ئەو دەقە مرۆییانەیان باس نەکردووە کە بۆ دابینکردنی ئاشتیی کۆمەڵایەتی زۆر پێویستن، بۆیە دەبینین ئەو یاسایە بەشێوەیەك هات، کە بیروبۆچوون و چەمکی کۆنی تێدا بوو، کە بەهیچ شێوەیەك لەگەڵ پێشکەوتنی سەردەمیانەدا نەگونجاوە. دوای هەرەسهێنانی نازییەت لە جەنگی دووەمی جیهان لە ١٩٤٥دا گۆڕانکاریی گەورە لە یاسای سزاکانی عێراقدا نەهاتەدی، ئەوەش پێچەوانەی یاسای وڵاتانی ئەورووپا بوو، کە دەق و ڕێسا یاساییەکان ڕێکخرانەوە و سەر لەنوێ داڕێژرانەوە، هەتا لەگەڵ پەرەسەندنی تازەدا بگونجێن.

لێرەوە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و پەرلەمانی کوردستان تایبەت بە پرۆسەی چاکسازی و تازەکردنەوەی یاساکان ئەرکی زۆر گەورەیان دەکەوێتە ئەستۆ، چونکە هەردوو لا دامەزراوەی یاسادانانن، ئەمەش ئەرکێکی قورسە و پێویستی بە کۆمەڵێك شارەزا هەیە، هەرچەندە ڕەنگە لە ئایندەی عێراقدا کە نوقمی دەریایەك لە خەم و کێشەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و گەندەڵیی دارایی و ئیداری بووەتەوە، کارێکی زۆر زەحمەت بێت.

لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەوڵ و تەقەلای زۆر خرانەڕوو، هاوکات چەندین بزووتنەوە لە مافخوازانی مەدەنی سەریان هەڵدا بۆ نەهێشتنی تاوانەکانی ڕق کە لەم وڵاتەدا بەربڵاو بوون، لەوانە بزووتنەوەی مارتن لۆسەری مافخوازیی مرۆڤ کە پێش کوشتنی لە ساڵی ١٩٦٨دا دەربارەی پیادەکردنی ڕق گوتبووی: «ڕق ژیان پەکدەخات، ژیان دەشێوێنێت، ژیان تاریك دەکات». لە یاسای فیدراڵیی ئەمریکا بەم شێوەیە پێناسەی تاوانی ڕق کراوە: «لاگریی کە بە ڕێگەیەکی ڕاستەوخۆ و ئازاربەخش بەکاردێت دژی کەسێك، یان پەلاماردەر شتومەکێك بە ئەنقەست هەڵدەبژێرێت لەسەر بنەمای بیروباوەڕ، یان ڕەنگ، یان ڕەسەنایەتیی نەتەوەیی و ئیتنی یان ڕەگەز(نێر یان مێ)، یان کەمئەندامی، یان ئاراستەی سێکسی.»

لە ٢٨ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٩دا سەرۆك ئۆباما یاسای (ماسیۆشبرد و جیمس بیردی کوڕی) تایبەت بە قەدەغەکردنی تاوانی ڕق واژۆکرد، یاساکەش هەندێکی دەخرێتە پاڵ جیمس بیردی کوڕەوە، کە ئەمریکییەکی بە نەژاد ئەفریقییە و لە ساڵی ١٩٩٨ دوای ئەوەی بە درێژایی سێ میل لەسەر دەم ڕاکێشرا لەسەر ڕێگای گوندێکی ویلایەتی تەکساس گیانی لەدەستدا، لەبەر ئەوەی کە ڕەشپێست بوو. لەگەڵ ئەو هەموو هەوڵانەی ئەمریکا بۆ قەدەغەکردنی تاوانی ڕق، بەڵام تا ئێستا بۆتە مایەی نیگەرانی لە بواری پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و ڕۆژانەش ئەنجام دەدرێت، بە تایبەتیش دوای ئەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕووبەڕووی زنجیرەیەك هێرشی تیرۆریستی بۆوە لە ساڵی ٢٠٠١ کە هەستی ڕق و کینەی کۆمەڵگەی ئەمریکا بەرامبەر موسڵمانان زیاتر کرد.

تاوانی ڕق بە زۆر شێوەی جیاواز لە دەوڵەتێکەوە بۆ دەوڵەتێکی دیکە ئەنجام دەدرێت، هەرچەندە بنەماکانی یەکن، ئەویش بەم جۆرە:

١. بنەمای شەرعی کە مەبەست دەقی یاساییەو ئەم ڕەفتارە بە تاوان دادەنێت.

٢. بنەمای ماددی کە مەبەست ئەو کردەوەیە، یان بە هۆکاری ئەرێنی دەکرێت، وەکو پیادەکردنی تاوانی شێوەی سووکایەتی و بێزارکردن و توندوتیژی بەرامبەر کۆمەڵێك، یان تاکەکەسێك، یان بنەما ماددییەکە بە هۆکاری نەرێنی دەبێت و مەبەستمان





**ڕژێمی بەعس بە درێژایی چوار دەیە و بەتایبەتیش لە سەردەمی سەدامی دیکتاتۆردا ئەو پەڕی تاوانی ڕق و جیاکاریی دژی شیعەو گەلی کورد ئەنجام دا، تاوانەکانی ڕق بە ئاشکرا و بە نهێنی بەربڵاو بوون**

**کاتی هاتووە کە یاسایەکی تایبەت بە تاوانەکانی ڕق دەربچێت، هاوکات هەوڵدان بۆ بەرتەسککردنەوە و وشککردنی سەرچاوەکانی کولتووری ڕق و لێپرسینەوە لە هەر کەسێک، یان دەزگایەکی ڕاگەیاندن، یان کۆمەڵێک کە ئەم کولتوورە مەترسیدارە لە نێو کۆمەڵگەی عێراقیدا بڵاودەکاتەوە**

**پێویستە کاربکرێت بۆ چەسپاندنی کولتووری دیالۆگ و لێبووردەیی و پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ و یەکدی قبووڵکردن و دوورخستنەوەی دەمارگیری و نەهێشتنی تیرۆر**

لەوەدا ڕێگەگرتنە کە کارێکی دیاریکراو ئەنجام بدرێت کە یاسا دەیسەپێنێت، بە پاڵنەری ڕق وەك ڕەتکردنەوەی چارەسەرکردن، یان قوتارکردنی کەسێك بەهۆی نەژاد، یان ئایین، یان ڕەنگ، یان ڕەگەزەکەی بێت.

٣. بنەمای مەعنەوی کە مەبەست کەتنەکەیە بەو شێوەیەی کە ئەم تاوانە لەو تاوانانەیە کە بەئەنقەست دەکرێت.

دیارە نەتەوە یەکگرتووەکان ڕۆڵی گەورەی هەیە لە نەهێشتنی هەموو شێوەیەکی جیاکاریی ڕەگەزپەرستی، یان بڵاوکردنەوەی ڕق، بە پێی بڕیاری کۆمەڵەی گشتیی نەتەوەیەکگرتووەکان ژمارە ١٩٠٤-د ١٨ لە ٢٠ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣ کە بریتییە لە ڕاگەیاندنێکی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ نەهێشتنی هەمووشێوەیەکی جیاکاریی ڕەگەزپەرستی، کە لە ماددەی ٧ی ڕاگەیاندنی ناوبراودا ئەمە هاتووە: یەك: بەپێی ماددەی ٧ بڕگە ١ لەبەردەم یاسادا و لە دادپەروەریدا هەموو مرۆڤێك لە سایەی یاسادا مافی هەیە، هەموو مرۆڤێکیش، بێ جیاوازی بەهۆی ڕەگەز، یان ڕەنگ یان ئیتنییەوە، مافی هەیە لە خۆپاراستن و لە پاراستنی لەلایەن دەوڵەتەوە لەهەمبەر هەر توندوتیژییەك، یان ئازارێکی جەستەیی کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە لەلایەن فەرمانبەرانی حکومەتەوە، یان لە هەر تاکێك، یان کۆمەڵەیەك، یان دامەزراوەیەك بێت. دوو: هەموو مرۆڤێك کە لە مافەکانی و لە ئازادییە بنەڕەتییەکانیدا تووشی هەر جیاکارییەك ببێت بەهۆی ڕەگەز، یان ڕەنگ، یان ئیتنییەوە، دەتوانێت بەو ستەملێکردنە پەنا بباتە بەر دادگا نیشتمانییە بێلایەنە پسپۆڕییەکان، تاکو خۆی بپارێزێت.

سەرەڕای ئەوەی کە عێراق واژۆی لەسەر ئەو ڕاگەیاندنە و بڕیارەکانی کۆمەڵەی گشتیی نەتەوەیەکگرتووەکان کردووە، هەروەها لەسەر ڕاگەیاندن و بەڵگەنامە و پەیماننامەکانیش کە پشتگیریی لە مافەکانی مرۆڤ دەکەن و لە پێشێلکارییەکان دەیانپارێزێت، بەڵام بە داخەوە تەنیا بۆتە مەرەکەبی سەر کاغەز، تائێستاش ڕۆژانە تاوانەکانی ڕق پیادە دەکرێن، هەرچەندە ڕژێمی دیکتاتۆر لە ٩ی نیسانی ٢٠٠٣ ڕووخا، بەڵام لە ڕۆژنامەو کەناڵە ئاسمانییەکان و ماڵپەڕەکانی ئەنتەرنێت ڕەواجیان بۆ دەکرێت، کە ئەو بۆشاییە دیموکراسییەیان قۆستەوە لە قۆناغی دوای ڕووخانی ڕژێمی دیکتاتۆری، ئەویش لە بڵاوکردنەوەی کولتووری ڕق و توندوتیژی و سووکایەتی پێکردن و بێزارکردن، کە شیرازەی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگە تێکدەدات، هەروەها ئەوەی میدیا پەیڕەوی دەکات، نزیکە لەو پاشاگەردانییە، لەوانەش بۆ ئازادی، چونکە ئازادیش بەرپرسیارێتی و پابەندبوونە و بە یاسا کۆتوبەند کراوە، هاوکات ئازادیی ڕادەربڕین بێ یاسایەك کە ڕێکی بخات، سەرناگرێت.

ڕژێمی بەعس بە درێژایی چوار دەیە و بەتایبەتیش لە سەردەمی سەدامی دیکتاتۆردا ئەو پەڕی تاوانی ڕق و جیاکاریی دژی شیعەو گەلی کورد ئەنجام دا، تاوانەکانی ڕق بە ئاشکرا و بە نهێنی بەربڵاو بوون، ئەویش بە هۆی ئەو کولتووری ڕقەوە بوو کە ڕژێمی ڕووخاو لە کۆمەڵگەی عێراقیدا بە بەکارهێنانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن و تەنانەت لە پرۆگرامەکانی خوێندندا بڵاوی کردەوە، کە تائێستاش لە قوتابخانەکانی عێراقدا دەخوێندرێن، کە بەهاکانی توندوتیژی و جیاکاری و سووکایەتیکردن بە ئایینەکان بڵاودەکەنەوە، وەکو جیهاد و پەسندکردنی توخمی عەرەبی بە سەر ئەوانی دیکەدا، هەروەها پەسندکردنی ئایین و ئایینزایەك بە سەر یەکێکی دیکەدا، کە گەیشتە ئەوەی قوتابیانی لەسەر بنەمای ڕەگەز و ئایین و ئایینزا لە یەکدی جیاکردەوە، ئەنجامێکی دیکەی ئەمەش ئەوە بوو کە سەرەتاکانی شەڕی ناوخۆی ساڵی ٢٠٠٥ی بەدوادا هات و خەڵك لەسەر ناسنامە کوژران و شیرازەی کۆمەڵگەی عێراقیش تێکچوو، هەروەها ئەم ڕقە گەیشتە نێو کریستیان و ئێزیدی و سابیئەی مەندائی و پەرستگاکانیان، لێرەدا ڕۆڵی ئەرێنیی کوردستان بەرز دەنرخێنین لە بڵاوکردنەوەی بەهاکانی لێبووردەیی و ڕێزگرتن لە ئایین و ئایینزاکان.

لەبەرئەوە پێمان وایە کاتی هاتووە کە یاسایەکی تایبەت بە تاوانەکانی ڕق دەربچێت، هاوکات هەوڵدان بۆ بەرتەسککردنەوە و وشککردنی سەرچاوەکانی کولتووری ڕق و لێپرسینەوە لە هەر کەسێك، یان دەزگایەکی ڕاگەیاندن، یان کۆمەڵێك کە ئەم کولتوورە مەترسیدارە لە نێو کۆمەڵگەی عێراقیدا بڵاودەکاتەوە، هەروەها پێویستە کاربکرێت بۆ چەسپاندنی کولتووری دیالۆگ و لێبووردەیی و پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ و یەکدی قبووڵکردن و دوورخستنەوەی دەمارگیری و نەهێشتنی تیرۆر، پەندێکی ئینگلیزییش هەیە کە دەڵێت: «گیای زیانبەخش بەخێرایی شین دەبێت Harmfull grasses (grow rapidly